





# ڕێبازی قاسملوو؛

## ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات

٢

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەشی دووهەم

## خوێنەری بەڕێز

بە بۆنەی ٣٥مین ساڵوەگەڕی تیرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەری کاریزماتیک و لێهاتووی نەتەوەی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر، بە دەستی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەوڵم داوە کۆمەڵێک بابەت، وتار و وتووێژی کەسایەتی بیانی و کوردی غەیرە حیزبی لە دووتویێ نامیلکەی(ڕێبازی قاسملوو، ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات) لە چوار بەشدا دەخەمە بەرچاوی ئێوەی بەڕێز.

بەشی دووهەم: ٣١ وتارو دیمانە و ١٢٢ لاپەڕەیە.

دەستخۆشی لە هەموو نووسەرانی دیمانە و وتارەکان دەکەم. رووح و رەوانی کۆچکردوان شاد و سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ ئەم کەسانە کە ئێستا لە ژیاندا ماون بەئاوات دەخوازم.

---

## پێڕست:

### دەیەمین ساڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی:

١- قسەکانی دوکتور بیرنارد کۆشنیر وەزیری لەش ساغی و کارو باری کۆمەڵایەتیی فەرانسە ............................ ٤
٢- وتاری مادام دانیەل میتران هاوسەری فرانسوا میتران سەرکۆماری پێشووی فەرانسە .................................. ٧
٣- پەیامی ئاغای پی یەر مۆروا(سەرۆکی ئەنتیرناسونالی سۆسیالیست) ................................................... ٩
٤- قسەکانی دوکتور بیرنارد گرانژۆن (سەرۆکی ئیفتخاریی ریکخراوی پزیشکانی جیهان) ................................. ١٠
٥- وتاری بەریز ئالین شینال دەبیری نەتەویی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە لە کارو باری میدیتەرانە دا ............... ١١
٦- وتاری دوکتور کەندال نەزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس ................................................ ١٣

## بەشی دووهەم

٧- قاسملوو ژیر و زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یارو یاوەر .................... مارک کراویتز ..... ١٥
٨- کریس کۆچێرا: دوکتور قاسملوو ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندوو بوو ......................................... وتوویژ ..... ٢٠
٩- ئەو رابەرەی لە گشت" بوارەکانی دا لێهاتوو بوو............................................. د.کەماڵ مەزهەر ..... ٢٥
١٠- لە یادی دەهەمین ساڵی مەرگی شەهید د. قاسملوو" دا ...................................... سەلاح بەدرەدین ..... ٢٨
١١- لە گەڵ دوکتۆر عەبدولرحمان قاسملوو ....................................................... مارف خەزنەدار ..... ٣١
١٢- چەند وشەیەک بە داوێنی یادی پیرۆزی دوکتور قاسملووە ............................ محەممەدی مەلا کەریم ..... ٣٧
١٣- چەند بیرەوەری دەربارە دوکتور قاسموو ............................................... د.مەحموود عوسمان ..... ٤١
١٤- قاسملوو زیندووە و هەرگیز نامرێ ....................................................................... کارزان ..... ٤٤
١٥- شەهید دوکتور قاسملوو ئاڵای ئازادیخوازیی بوو .......................................... د.موکەررەم تالەبانی ..... ٤٨
١٦- شەهید قاسملوو ........................................................................................... مسعود محمد ..... ٥٠
١٧- بزرتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکیی سیاسیی قاسملوویە ..................
........................................................................................... مێهدی خانبابا تیهرانی ..... ٥٢
١٨- سێ کاندیدی سەرۆک کۆماریی ئێران دەستیان لە تیرۆری قاسملودا هەبووە ........................... گویا نیوز ..... ٥٤
١٩- وتوویژ لەگەڵ دوکتور "کارۆڵ پروون هووبێر" هاوڕێ و دۆستی شەهید د. قاسملوو ............ ڕەحیم قادری ..... ٦٠
٢٠- دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ نووسەری کتێبی "رەحمانی کوردان ...........................................................
........................................ دیمانە: فەتاح کاویان وەرگێڕان لە فارسیەوە: رەسووڵ سوڵتانی ..... ٦٨
٢١- لە ئاسمان یەکتریمان ناسی!! ............................................................ مومتاز حەیدەری ..... ٧٤
٢٢- دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، رێبەرێکی گەورەی ......................................... کەریم ئەحمەد ..... ٧٨
٢٣- لە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی سەرکردەیەکی لیهاتووی کوردستاندا ................. د. جەمشید حەیدەری ..... ٨٣
٢٤- دوکتور قاسملوو، کەسێکی هەڵکەوتووی گەلی کوردو رۆژهەڵات ............. دوکتور عیزەدین مستەفا رەسووڵ ..... ٨٧
٢٦- دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا ........................................................... عەزیز ماملێ ..... ٨٩
٢٧- دوک دوکتور قاسملوو، ساغکەرەوەو زیندووکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان .. د. گوڵمراد مرادیتور قاسملوو ... ٩٣
٢٨- وتاری کارۆڵ پروونهووبێر لە کۆبوونەوەی بینای کۆنگرەی ئامریکادا ............................................. ١٠٣
٢٩- لە وتوویژی تایبەت لەگەڵ "کوردستان"دا ................................................. د.پیتێر پیلتز ..... ١٠٨
٣٠- د، عەلی قاسملو: ئیمە لە سیاسەتدا زیانمان زۆر بەرکەوت و لەمە زیاترنامانەوێ زیانمان بەرکەوێ .. دیمانە .. ١١٢
٣١- پانۆڕامای ژیانی د. قاسملوو ............................................................ کارۆل پڕوونهووبێر ..... ١١٧

## دەیەمین ساڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی:

## قسەکانی دوکتور بێرنارد کۆشنێر وەزیری لەش ساغی و کارو باری کۆمەڵایەتیی فەڕانسە



**خانمی سەرۆک!**
**ئاغای حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران!**
**خانمی قاسملوو!**
**دۆستانی بەڕێز!**

ئێمە زۆر بیرەوەریمان پێکەوە هەیە، جارێکی دیکە وەک ئەندامانی بنەماڵەیەک لە دەوری یەک کۆبووینەوە تا رێز لە بیرەوەریی دوکتور قاسملوو لە دەیەمین ساڵی شەهیدبوونی دا بگرین، دە ساڵ چەند زوو ڕابرد، هێشتا وتەکانی دە ساڵ لەمەو بەری مامۆستا لە گۆڕستانی پێرلاشیزم لە بیرە کە دەیگوت: قاسملوو! ئەمرۆ هەموو درێژەدەرانی رێگاکەت و دۆستان و لایەنگرانی ێبازەکەت بۆت دەگرین و فرمێسک هەڵدەوەرێنن. بەڵام نەک لەبەر داماوی و ناهومێدی، چونکە گەلێک رۆڵەی وەک تۆی پێگەیاندبێ ناهومێدی ناناسێ. ئەوان بۆت گریان تا بە ئاوی چاوی خۆیان و بە خاکی رێگای تۆ قوڕێک بۆ سەری دوژمنانی ئازادی بگرنەوە."

## بەشی دووهەم

**بەڵی دوکتور قاسملوو!**

زۆر لە دۆستانت ئەمڕۆ لیرە کۆبوونەوە و زۆری دیکەش لە پێتەختەکانی دیکەی ئوروپا کۆبوونەوە و کۆ دەبنەوە، دەساڵ لەمەوبەر کۆمەڵێک ئینسانی خاوەنبیر، پێشکەوتنخوازو هیممەت بەرز لە ڤییەن پێتەختی ئۆتریش تیرۆر کران.

قاتڵەکان هەر ئەوانە بوون کە سێ دۆستی دیکەمان: شەرەفکەندی، عەبدولی و ئەردەڵانیان لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ دا لە بێرلین شەهید کرد.

**بەڵێ؛** هەموویان بە هۆی بەرپرسانی وڵاتی خۆیان واتە ئێران کوژران، بەرپرسانێک کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بەهەر نرخێک تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی هاونیشتمانانی خۆیان، لە دژی ئازادی و لە دژی کەسایەتییەکانی وڵاتی خۆیان بە کار دێنن.

بەڵام لە بارەی وەحشیکەرییەوە کوردەکان باشتر لە هەر کەسێکی دیکە دەتوانن لەم بارەیەوە بدوێن، چونکە لەمێژساڵە خەڵکی کورد بوون بە قوربانیی ئەم دیاردەیە و هەموو ڕۆژێ لە گەڵی بەرەوڕوون و بە ئیسکو پێستەوە هەستی پێدەکەن، بە تایبەتی لە تورکیە.

**بەڵی دوکتور قاسملوو**

کوردستانی ئێران ئێستاش کە ئێستایە، هێشتا خودموختاریی وەدەست نەهێناوە: بەڵام کوردستانی عێراق کە تۆ بە باشی دەتناسی و لێی دەژیای و ئێمەش لە گەڵت دا بووین تا ڕادەیەک خودموختارە، بەڵام ئەو هومێدە کە لە سێبەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بەشەی کوردستان دا پێکهاتوە، دەتوانێ هەتا کەنگێ درێژە بکێشێ؟! لەبارەی دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"یش دەبێ بڵێم دێموکراسی لە ئێران دا کە یەکێک لە ئارەزوەکانت بوو، هێشتا نەهاتۆتە دی. بەڵام خەباتی تۆ لە پێناو جێگیربوونی دێموکراسی، کۆتایی پێنەهاتوە، چونکە حیزبەکەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا درێژە بە خەبات دەدا و، لە نەبوونی خۆت دا ڕێبەرەوان و خەباتگێڕانی دیکە درێژە بە ڕێگاکەت دەدەن. بۆیە گومانی تێدا نیە، درەنگ یا زوو ئامانجەکانت دێنە دێ.

## بەشی دووهەم

**بەڵێ قاسملوو!**

مافی دەخالەتی ئینسانی کە ئەوکات ئەوەندە جێی خۆی نەکردبۆوە، نزیکەی سێ مانگە بووە بە مەسەلەیەکی (قبووڵکراوی) جیهانی. نەتەوە یەکگرتووەکان سەرئەنجام بڕیاریان دا بچنە شەڕی وەحشیگەری، بچنە شەڕی دیکتاتۆرێک کە ماوەیەک لەمەوبەر بە ئەنجامدانی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتی تاوانبار کرا. ئەمجار دێموکراسی سەرکەوتوویە. ئەوە کە پەنابەران و ئاوارەکان، تەنیا سێ مانگ دوای راونران لەماڵ و هێلانەیان، دەتوانن بگەڕێنەوە سەرخاکی خۆیان رووداوێکی کەموێنەیە لە مێژوو دا. ئەوەش دەزانم کە هێشتا هەموو مەسەلەکان چارەسەر نەبوون.

ئەمڕۆ تا سبەی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم مەسەلەیە وەک ماددەیەکی قانوونی پەسند دەکا و ئەو کاتەیە کە کوردەکانیش دەگرێتەوە! ئاشکرایە کە لە هەلومەرجی ئێستا دا، ئەم مەسەلەیە تەنیا تایبەتیی ئورووپایە. بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەم هەنگاوە بۆ داهاتووی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتی‌یەکان مەسەلەیەکی یەکجار گەورە و گرنگە.

**قاسملوو!**

لە نەمانی تۆ دا وەک مرۆڤێکی ژیر و زانا، رەخنەگر، قسەخۆش، خاوەنی فەرهەنگێکی قووڵ و پێکەنینێکی شوێندانەر، هەست بە کەمایەسی دەکەم، تۆ ژیانت لەرێگای گەلی کورد و لە پێناوی بەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسیی دنیاداگر دا، بەخشی. لەوە کە دۆستت بووین هەست بە شانازی دەکەم، دەبێ هەوڵ بدەین لێوەشاوەیی هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو بەدیهێنانی بیروبۆچوون و ئامانجەکانی تۆمان هەبێ.

**بەڵێ خەباتی تۆ خەباتی ئێمەش بوو، هەر خەباتی ئێمەش دەبێ و گەلەکەت سەرئەنجام رۆژێک بە ئازادی دەگا.**

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

بەشی دووهەم

## وتاری مادام دانیەل میتران هاوسەری فرانسوا میتران سەرکۆماری پێشووی فەرانسە



**رۆژ باش**

لێرە ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانی ناسیاو دەبینم کە لە دیفاع لە ئامانجی کورد و داخوازی کوردەکان و دیفاع لە ئامانجی ئاشتی دا لە گەڵ ئێمە هاوکاری‌یان کردوە، چەند سات لە مەوبەر، کاتێک دوکتور گرانژۆن (کاتی خوێندنەوەی دەقی وتاری عەبدوڵلا حەسەن زادە، سکرتێری گشتیی حیزب بە زمانی فەرانسەیی) دەیگوت کە دەوڵەتی ئۆتریش تێرۆریستەکانی ئازاد کرد، بۆ ماوەیەکی کورت لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم. دەزانن بۆ چی؟ چونکە لە کۆڕوکۆمەڵە رەسمی یەکان دا کە پارڵمانی فەرانسە یەک لەوانە، ئەوە هەمیشە کوردەکانن کە بە تێرۆریست دەژمێردرێن. (بەشدارانی رێورەسم پێدەکەنن) بەڵام دیارە من و ئێوە لە بارەی کوردکانەوە وا بیر ناکەینەوە، بەهەرحاڵ پاشان بەری خۆم کۆ کردەوە و لەمەبەستەکەی تێگەیشتم.

لە کۆتایی سەدە دا دەبینم کە لە نێوان سیاسەتی دەوڵەتان و گەلەکانیان دا جیاوازی‌یەکی ئەوەندە زۆر هەیە کە ئینسان سەری لێدەشێوی ئەگەرچی ئەم دەوڵەتانە هەموویان دەوڵەتی دێموکڕاتیکن.

عەبدلرەحمان قاسملوو مرۆڤدۆست و لایەنگری ئاشتی بوو باوەڕێکی قووڵی بە ئاشتی هەبوو. لەسەر بناغەی ئەم باوەڕەش بوو کە پێی وابوو توندو تیژی و چەک لەگەڵ پێکەوەژیانی بە ئاشتیی ئینسانەکان و لێکتێگەیشتنی ئەوان، نەگونجاو و

## بەشی دووهەم

ناتەبان، هەر بۆیە هەموو هەوڵی خۆی بەکار هێنا تا لەگەڵ دەوڵەت وتووێژ بکا و قەناعەت بەو دەوڵەتە بێنێ کە ئێرانیەکان و کوردەکان دەتوانن پێکەوە بژین و هەروەها جگە لە کوشتار و قەلاچۆکردن، ریگایەکی دیکە بۆ لێکحاڵیبوون و لێکنزیکبوونەوە هەیە، ڕاست لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم مەئمووریەتە ئاشتیخوازانەیە دا بوو کە کوژرا. بەکوژرانی وی، بیزاری و نەفرەتێکی گەورە پێک هات و بیروڕای گشتیی داگرت. بیروڕای گشتیی ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە گەڵ کوردەکان لە پێوەندی دا بوون و هەروەها ئەوانە کە کوردەکانیان دەناسی. دیارە ئەمڕۆ بە بڕوای من، هەموو دنیا کوردەکان و مێژووی ئەوان دەناسێ، و بۆ ناساندنیان پێویست ناکا هەموو ئەو کارەساتانەی بە سەریان هاتوە بگێڕینەوە. بەلام لە لایەن دەوڵەتانەوە (دیارە مەبەستی من دەوڵەتە ئورووپاییەکانن) جگە لە دەربڕینی چەند وشە بە نیشانەی بەداخبوون و نیگەرانیدەربڕین، شتێکی گەورە روو نادا. دیارە ئەگەر ئەمڕۆ لەم شوێنە ئەم قسانە دەکەم بەم هۆیەیە کە دەزانم بێئەژمار نوێنەری ئەوتۆ هەن کە بەر لەوەی نوێنەر بن، ئینسانن و وەک ئێمە بیر دەکەنەوە. بەلام چ کەسێک ئەم هەموو هێزە دەبزوێنی تا دەوڵەتەکانیان ناچار بن گوێ لە قسەکانیان بگرن.

بەداخەوە دەوڵەتان دەنگی گەلان نابیسن، بەداخەوە دەوڵەتان دەنگی ئەو کەسانە کە لە گەلان نزیکن نابیسن، تەنیا سیاسەت دەکەن جا تازە ئەگەر بشتوانین پێی بڵێین سیاسەت. لەڕاستی دا دەبێ بڵێین ئەوان دەسەلاتێکیان نیە. هەربۆیە من بە بیرکردنەوە لە عەبدلرەحمان قاسملوو کە بۆ ئێمە قوتبێک بوو، هاتوومە سەر ئەو باوەڕە کە کەسێکی ئەوتۆ پێویستە تا ئێمە ناچار بە بیرکردنەوە بکا. دیارە لەو بوارە دا من لە فرانسوا (میتران)یش سەرمەشق وەردەگرم، بەڵێ بە سەرمەشقوەرگرتن لەم جۆرەکەسانە و ڕێنوێنی وەرگرتن لە بیرو ئەندێشەی ئەوانە کەئینسان دەتوانێ لێبڕاوانە و قورس و قایم و بەتواناییەوە هەنگاو هەڵبگرێ و سیاسەتی ئاشتی لە نێوان گەلانی هاوپشت و هاو پێوەند دا برەو پێ بدا.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

## پەیامی ئاغای پییەر مۆروا (سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست)



لێرە بە بۆنەی ڕێزدانان بۆ بیرەوەریی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی شەهیدی حیزبەکەتان کە دە ساڵ لەمەوبەر لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا بە شێوەیەکی ناجوامێرانە تێرۆر کرا لێک کۆبووینەوە.

پێم‌خۆشە بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە وەبیر بێنمەوە کە دوکتور قاسملوو ڕێزێکی یەکجار زۆری لای دێموکڕاتەکانی سەرانسەری جیهان بەتایبەتی سۆسیال دێموکڕاتەکان هەبوو. ئەو سێمبولی خەبات لە ڕێگای ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری بۆ زۆرلێکراوان دا بوو. بە ناوی خۆم و بە ناوی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست و ١٤١ ڕێکخراوی ئەندامەوە بە یادی ئەو سەری ڕێز دادەنوێنم.


لەگەڵ ئەوەش دا وەبیر دێنمەوە کە بە مردنی ئەو خەباتەکەی، لە نێو نەچووە هەتا گەیشتن بە دێموکڕاسی‌یەکی ڕاستەقینە کە مافی ئینسانەکان بە تەواوی ڕەچاو بکا، درێژەی هەیە و درێژەی دەبێ.

ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانە لە ئورووپا و، هەروەها لە تیمۆری ڕۆژهەڵات و لە ئەندۆنێزی و بەتایبەتی لە ئێران دا، ئەم دڵنیایی‌یەیان پێک هێناوە، کەئەگەر خەباتی خۆیان بە هێمنی بەڵام بەشێوەیەکی لێبڕاوانە درێژە بدەن، ئازادی و دادپەروەری سەرئەنجام سەردەکەوێ، گومانی تێدا نیە کە سەدەی بیست و یەکەم، نەک هەر سەدەی ئازادیی میللەتان، بەڵکوو سەدەی ئازادیی فەردیی ئینسانەکانیش دەبێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

**بەشی دووهەم**

## قسەکانی دوکتور بێرنارد گرانژۆن



**(سەرۆکی ئیفتخاریی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان)**

لەسەر ئیجازەی ئێوە، من دەمەوێ لەلایەن ئەو ڕێکخراوە ئینسانییانەی لەگەڵ دوکتور قاسملوو دا هاوکارییان هەبووە، کەمێک بدوێم، قاسملوو بۆ ئێمە هەر تەنیا کەسێک نەبوو کە بەباشی ئەو گیروگرفتانەی لە کاتی ئەنجامدانی خزمەتە ئینسانییەکان دا دەهاتنە سەر ڕێمان، دەرک دەکردن. بەڵکوو کەسێکی زۆر لەوە، بەرزتر بوو. ئەو بۆ ئێمە نموونەی مرۆڤدۆستێکی گەورە بوو. ئەگەر بمەوێ تایبەتمەندیی دوکتور قاسملوو باشتر دەربخەم، دەبێ بە دووپاتکردنەوەی دوو وتە، کۆتایی بە قسەکانم بێنم: یەکێک لەم دوو وتانە هی قاسملوو خۆیەتی. وتەیەک کە حەز دەکەم دووپاتی بکەمەوە و پێم وایە هەتا دوا ساتی ژیانیشم هەر دەیڵێمەوە، ئەویش ئەوەیە (دەزانی، لەنێوان قەناعەتپێهێنان و داسەپاندندا، قەناعەتپێهێنان سەختترە و کات و خۆماندوو کردنی زیاتری دەوێ، بەڵام سەرئەنجام ئەو کەسە سەر دەکەوێ کە لەڕێگای قەناعەتپێهێنانەوە، گیروگرفتەکان چارە سەر دەکا).

وتەکەی دیکە هی منداڵێکی هەشت ساڵەی کوردە، چەند مانگ دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، لەبنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کە ئەوکات لە ماتەمی لە دەستدانی شەخسیەتێکی ئاوا گرنگ دا بوو، چاوم بەو منداڵە کەوت و لێم پرسی: دوکتور قاسملوو بۆ تۆ سێمبولی چ شتێکە؟ ئەو منداڵە لە وەڵام دا گوتی: (دێموکراسی). من پێموایە ئەو منداڵە هەموو تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملووی بەم یەک وشەیە، دەربڕی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

بەشی دووهەم

## وتاری بەرێز ئالین شنال دەبیری نێونەتەوەیی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە لە کارو باری میدیتەرانە دا



**دۆستانی بەڕێز!**

رێگا بدەن منیش بە کورتی چەند وتەیەک بە مەبەستی رێزنان لە یادی دوکتور قاسملوو، پێشکێش بکەم. هەر کات کەسێک لەنێو دەچێ وەک عادەت دەڵێن جێگای خاڵی‌یە لە بارەی دوکتور قاسملوو، ئەم قسەیە، بەتەواوی مانای وشە لە جێی خۆی‌دایە و ئێمە زۆر بە قووڵی نەبوونی وی هەست پێ دەکەین چونکە ئەگەرچی دە ساڵ لەمردنی رابردوە، هێشتا عادەتمان بە مەرگی ئەو نەگرتوە و هێشتا پێویستیمان پێیەتی. دوکتور قاسملوو لە هەموو رۆژهەڵاتی نزیک دا شەخسیەتێک بوو کە ئێمە هاوتایەکمان بۆ ئەو بەدی نەدەکرد.

دوکتور قاسملوو دۆستێکی ڕاستەقینە بوو و ئێمە متمانەی تەواومان پێی هەبوو، روانگەیەکی مۆدێڕنی هەبوو، بەبڕوای ئەو، هیچ هۆیەک نەیدەتوانی ئەم مەسەلەیە پاساو بداتەوە کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەرەوتی دێموکراتیزاسیۆنی جیهان، بێبەش وەمێنێ. لەم بارەیەوە، عەبدولرەحمان ئاڵاهەڵگر و پێشڕەو بوو.

ئەو وەک دۆستێک هەمیشە یارمەتیی دەداین، بۆ وێنە دەتوانم نەخش و هاوکاریی کاریگەری ئەو لە ئازادکردنی بارمتەکان لە سەرەتای دەیەی هەشتادا،وەبیر بێنمەوە.

شەخسیەتی قاسملوو زۆر لەوە گەورەتر بوو کە لە پاوانی کەس‌دا بێ. بەڵام ئێجازە، بدەن بڵێم کە ئێمە ئەومان بەیەکێک

## بەشی دووهەم

لە خۆمان دەزانی، ئەو لە نێو بنەماڵەی سۆسیالدیموکڕاتەکان دا زۆر زوو جێگای خۆی دیتەوە و ئەندامەتی لەو بنەماڵەیەی دا، پێ خۆش بوو. جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٦ هاتە دەفتەری حیزبی سوسیالیست ئەو کات لیۆنێل ژۆسپەن دەبیری یەکەمی جیهانی سێهەم بوو. لەو رۆژە بە دواوە هیچ کات پێوەندیی لەگەڵ ئێمە نەپچڕا و هەمیشە لە کۆنگرەکانمان دا بەشدار دەبوو، پاشان حیزبەکەی بوو بەئەندامی تەواو عەیاری ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست و ئێمە لەو بارەیەوە زۆر خۆشحاڵ بووین. ئەو رۆژە تاڵەم هەر لە بیرە کە لەگەڵ تەرمەکەی دا بەرەو گۆڕستانی پێرلاشێز دەچووین. جگە لە ئاغای بیرنارد کووشنێر کە بەشدار بوو و قسەی کرد و قسەکانیمان هەر لەبیرە، ئاغای لیۆنێل ژۆسپەن وەزیری پەروەردە و فێرکردنی ئەو کات و سەرۆک وەزیری ئێستای فەرانسەش، بۆ ماوەیەکی وەزارەتەکەی خۆی بەجێ هێشت و بە مەبەستی دەربڕینی هاوپێوەندی و سەبارەت بە ئۆگری بە عەبدولرەحمان قاسملوو، دەگەڵ خۆپێشاندەران کەوت.

لە تایبەتمەندی یە بەرزەکانی دوکتور قاسملوو، دەتوانم بیری کراوە و بەربەرینی روانینی ئەو لەبارەی مەسەلەکانی جیهانەوە، ناو بەرم، روانینن و بۆچوونەکانی وی لە چوارچێوەی تەنگی ناوچە دا بەرتەسک نەدەبوونەوە. لەوبارەوە ئەو لەگەڵ هەموو شەخسیەتە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە جیاوازیی‌یەکی زۆری هەبوو. ئەویندار ژیان و هەڵسوکەوت لە نێو خەڵک دا بوو. هەر بۆیە هەڤاڵەتی و دۆستایەتی لەگەڵ ئەو، بەڕاستی خۆش و مایەی خۆشحاڵی بوو، ئەو دەیتوانی لە رێگای شۆخی و تەنزەوە، بیروڕا جیددی‌یەکانی خۆی دەربڕێ.

دیارە نابێ هاوڕێیانی شەهیدی دوکتور قاسملوو لە بیر بەرینەوە، عەبدوڵڵا قادری کە ئینسانێکی گەرموگوڕ وخۆشڕەفتار بوو و نەخشێکی بەرچاوی لە پێوەندی‌یەکانی ئێمە و حیزبی دێموکڕات دا هەبوو. هەروەها فازیل رەسووڵ کە کوردێکی عێراق بوو و وەک دێموکراتێک بیری دەکردەوە و بەڕاستی خوازیاری ئاشتی و هاوپێوەندیی نێوان کوردەکان بوو. بۆچوونەکانی لای ئێمە بە نرخ بوون ئەو فێری کردین لە لێکدانەوەکانمان دا داهاتووی کوردەکانی ئێران و عێراق لێک جیا نەکەینەوە، دیارە ئەمرۆ دەبێ داهاتووی کوردەکانی تورکیەشمان لەبەرچاو بێ.

سوپاسی ئێوە دەکەم کە گوێتان لەقسەکانم ڕاگرت. پێم وایە هەمووومان لەرێگای بەجێگەیاندنی بەڵێن و بەرپرسایەتی‌یەکانمان لەبارەی پشتیوانی‌کردن لەوانە کە خەباتی دوکتور قاسملوو درێژە دەدەن، بە ناوو یادی دوکتور قاسملوو وەفادار دەمێنینەوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - رێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

## وتاری دوکتور کەندالّ نەزان، سەرۆکی ئەنستیتووی کورد لە پاریس



من وەک دۆستێکی چەند ساڵەی دوکتور قاسملوو قسە دەکەم. قسەکانی دۆستانی ئێرانی و ئەو کەسانەی دیکە کە قاسملوویان دەناسی، زۆریان کار تێکردم، پێم وایە ئەوە ڕەسمی گەورەپیاونی هونەر و سیاسەتە کە دەبن بە ئاوێنەیەکی گەورە لە بەرامبەر میللەت و کۆمەڵی خۆیان دا تا هەموو بتوانن خۆیانی تێدا ببینن، لێرە دا دۆستانی ئێرانی و فەڕانسەیی ڕێزیان لە شەخسییەتی دوکتور قاسملوو گرت لەوانەیە ئەگەر عەرەبێک لە عێراقەوە، تورکێک لە تورکیەوە، ئازەرییەک و ئاشوری - کەلدانییەکیش قسەیان کردبا، مەبەستەکانی خۆیان هەر بەو هەست و سۆز و تینوگوڕەوە دەربڕیبا و دوکتور قاسملوویان بەهی خۆیان زانیبا، چونکە دوکتور قاسملوو لە ناتەبایی و جیاوازییە ناوچەیی، نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، زۆر بەرزتر بوو. ئەو هێزە نادیارەی ئەمڕۆ ئێمەی لە دەوری یەکتر کۆ کردۆتەوە هەموو ئەو بایەخانەیە کە قاسملوو بنچینەی خەبات و تێکۆشانی خۆی لەسەر دانابوون، واتە ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

کاتێک ساڵی ١٩٧٦ لە پاریس لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم گەلی کورد کارەساتێکی نەتەوەیی بەسەردا تێدەپەڕی، چونکە راپەرینی ژێنراڵ بارزانی کە هومێدێکی زۆری لە دڵی کورد دا پێک هێنابوو، بەدوای ڕێککەوتننامەی الجزایر لە نێوان شای ئێران و سەددام حوسێن داو، نیشاندانی چرای سەوز لەلایەن ئەمریکاوە تێک شکا بوو، جگە لەوەش ئەو کات کوردەکان شایەدی پشتیوانیی ئەمریکا لەرێژیمە دژی گەلییەکانی ئێران و تورکیە بوون. هەربۆیە دژکردەوەی هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ وێنە موحافیزەکارەکان ئەوە بوو کە سیستمی شووڕەوی بکەن بە رووگەی خۆیان و رێبازی خۆیان لەسەر بناغەی سوسیالیزمی زانستی واتە مارکسیزم لینینزم دیاری بکەن. قاسملوو کە لە پراگ هاتبۆوە و سیستمی سوسیالیستیی لە نێوەوە دەناسی، ئەزموونێکی یەکجار زۆری هەبوو. من بۆخۆم چەند جار چوومە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و دڵنیا

## بەشی دووهەم

بووم کە مۆدێلی شووڕەوەی گەیشتۆتە بنبەست. بەڵام ئەو کات دەربڕینی روانگەیەکی ئەوتۆ لە کۆڕوکۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا زۆر بە زەحمەت بوو و تەنانەت بە جۆرێک خۆفرۆشی و خەیانەت لە قەڵەم دەدرا.

قاسملوو بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە دێموکراسی شتێک نیە تایبەتیی هێندێک وڵاتان بێ، بەڵکوو دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی‌یە کە هەموو لا و بە تایبەتی وڵاتانی جیهانی سێهەم مافی ئەوەیان هەیە هەیانبێ و کەڵکی لێوەرگرن. لە روانگەی ئەوەوە دێموکراسی وەک ئامرازێک بوو بۆ یەکگرتووکردنی میللەتێکی وەک نەتەوەی کورد کە لەئاکامی هۆکاری جۆراوجۆر دا لەتلەت و دابەش کراوە. ئەو دەیەویست لە رێگای دیالۆگ و قەناعەتپێهێنانەوە کوردەکان لێک نزیک بکاتەوە و یەکگرتوویان بکا نەک لە رێگای پەنابردن بۆ زۆرو زۆرەملی و توندو تیژی.

ئەو دێموکراسی‌یەکی ناتەواوی وەک دێموکراسی بۆرژوازی یان ئەوەی پێی دەڵێن دیموکراسیی سیاسی لە باشترین سەرەڕۆیی یان دیکتاتۆریی خەڵکی و پرۆلیتاریا، پێ باشتر بوو، بەڵام لەو باوەڕە دا بوو کە دەبێ ئەو دێموکراسی‌یە قووڵتر بکرێتەوە و باری کۆمەڵایەتییشی پێ بدرێ کە بریتی‌یە لە دادپەروەیی کۆمەڵایەتی.

لەسەربناغەی ئەو بۆچوونە بوو کە پێی وابوو لە نێوان سیستمی ئەمریکا و مۆدیلی شووڕەوەی دا رێگایەکی دیکە هەیە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکە.. ئەو سۆسیالیزمی دێموکراتیکی لە سەردەمێک دا لە ڕیزەکانی حیزبەکەی دا شی کردەوە و برەوی پێ دا کە کارێکی ئەوتۆ ئازایەتی‌یەکی زۆری دەویست.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

بەشی دووهەم

## قاسملووی ژیر و زانا سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێیارویاوەر



نووسینی : مارک کراوێتز

وەرگێڕان لە: ئینگلیسییەوە کاردان

ڕۆژنامەی لیبراسیۆن، ٧ی ئووتی ١٩٨٩

عبدالرحمن قاسملو کە سێزدەهەمی ژووئیەی ١٩٨٩ لە وییەن تێرۆر کرا، هەم وەک ڕێبەری یەکێک لە کۆنترین و ڕەسەنترین بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی نەتەوەیی و هەم لە باری سەرنجڕاکێشبوونی کەسایەتیی‌یەوە، هەروەها لەباری ئیعتیبار و نفووزی نێونەتەوەییشەوە بەو توانا و لێهاتوویی‌یە کەم وێنەیە ئەگەر نەڵێین بێوێنەیەی لە شیکردنەوەی داب و نەریتەکان و خەباتی گەلێکی هەزار ساڵە لەتوێی بایەخەکانی دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەم دا کە بریتین لە : ئازادی و دێموکراسی و ئەنتێرناسیۆنالیزم، پیاوێکی بێ هاوتا بوو، بەڵام بۆ خەڵک ی (جیهان) ئەوەندە نەناسرابوو و لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانەکان، لە بوونو مەرگی ئەو هاوکات ئاگادار بن.

قاسملوو نە کارەکانی شاراوە بوون نە ژیانێکی پڕلە نهێنی و ڕەمز و رازی هەبوو. ئەو کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەگەر پێویست بوایە سەرکردەیەکی شەڕ و لەمەش زیاتر ڕێبەرێکی سیاسی بوو، ئۆگری دیالۆگ و باسکردن و هەبوونی پێوەندیی گەرموگوڕ بوو. ئەو سەفیرێکی هەڵسووڕ و بەهەست بوو بۆ بزووتنەوەکەی و، بۆ

## بەشی دووهەم

باشتر ناساندنی سەفەری بۆ سەرانسەر جیهان دەکرد. بەڵام ژیان لە نێو پێشمەرگەکان لە خانوویەکی قوڕین - لە قوولایی دۆڵێک و لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراق - ی دا زیاتر پێ خۆش بوو - ناوچەیەک کە زوو زوو ناچار بە گوێزەگوێزو گۆڕینی شوێنی ماڵ و بنکەکەی دەبوو، بەڵام کتێبخانەکەی هەمیشە لە گەڵ دا بوو.

ئۆگر و ئەویندارى کتێب و شەرابی چاک بوو. دیارە زۆر بە هاسانی دەیتوانی چاوپۆشی لە دووهەمیان بکا بەڵام لە یەکەمیان نا - هەروا کە زۆر بە سانایی لە سەر میزی خواردن لە پاریس دادەنیشت، هەر بەو هاسانی‌یەش، تەنیایی و ژینی سادەی لە هەوای ساردی زستانە سەختەکانی چیاکان دا تەحەممول دەکرد. لە تەمەنی نزیک ٦٠ ساڵی - لە دێسامبری داهاتوو دەبووە ٥٩ ساڵ - سەفا و گەرموگوڕی و خۆمانەبوونی ئینسانێکی وریای ڕۆژهەڵاتیی لە گەڵ دینامیزمی پیاوێکی لاو و، وردبینیی ئەندامێکی فەرهەنگستان (کوڕی زانیاری) و زەوقی ئەویندارێکی ژیان ئاوێتە کردبوو. قاسملوو هەر بەو ڕادەیە کە لەسەر بیروڕاکانی خۆی سوور بوو، ئەوەندش پیاوی مەیدانی کردەوە بوو. ئەو بە هاسانی دەیتوانی توندوتیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی - چەکدارانە لە گەڵ شک و گومانێکی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی زانستیی خۆی ئاوێتەی یەکتر بکا.

قاسملوو لە ئابووری دا پلەی دوکتورای هەبوو، ئۆگری مێژوو و ئەدەبیات بوو و بە تایبەتی لە شێعری کوردی، فارسی و عەرەبی دا، شارەزا بوو. جگە لەمەش بە هاسانی وتەکانی ویکتۆر هۆگۆ، بۆدلێر، والت ویتمەن یا تی،س. ئیلیۆتی بە نموونە دێنایەوە. ئینسانێکی سەمیمی، بێ‌فیزو خۆشەویست بوو و ئەوەندەی بەپاراوی و بەهاسانی بە شەش حەوت زمان قسەی دەکرد و دەینووسی، ئەوەندەش کەیفی بە نوکتە و قسەی خۆش دەهات. لە گەڵ هەر کەسێک دوابا و هەڵسوکەوتی هەبا چ لایەنگرانی بزووتنەوە (ی ژێر ڕێبەرایەتی)ی خۆی، چ ڕووناکبیران، دوکتوران، وەزیران، سەفیرە گەورەکان و سیاسەتمەدارانی چەپ و ڕاست، هەستێکی وەک یەکی تێدا پێک دێنان. هەموویان، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەوە پێشیش چاوپێکەوتن و وتووێژیان لەگەڵ بووبی، پێ لەو ڕاستی‌یە دەنێن کەشەخسیەتی دوکتور قاسملوو کاری تێ‌کردوون و بۆ لای خۆی ڕاکێشاون. لەم سەدەیە دا کەم کەس هەیە ئەو هەموو ئینسانە جۆراوجۆرە لە بارەی شەخسیەتەکەیەوە هاودەنگ بن.

قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی وەک کۆمۆنیستێک و لە حیزبی توودەی ئێران دا، دەست پێ‌کرد و هەتا ئاستی ڕێبەرییش لەم حیزبە دا چووە پێش. پاش پازدە ساڵ گوتنەوەی دەرسی ئابووری لە (زانستگەی) پراگ، لە ئووتی ١٩٦٨دا لەسەر مەسەلەی دەخالەتی شوورەوی لە کاروباری چیکۆسلوواکی دا، وازی لە حیزبی کۆمۆنیست هێنا. ئەگەرچی بیروڕای تێکەڵ بە دەمارگرژی و دوگماتیکی مارکسیزمی وەلانا، بەڵام قەت حاشای لەرابردووی خۆی نەکرد. بەڵکوو بە هەڵەکانی خۆی دا چۆوە

## بەشی دووهەم

و بۆ تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە کە لە کوێ و کەنگێ دادپەروەری لە گەڵ بێعەداڵەتی و ڕاستی لە گەڵ درۆ و - تەنانەت لەگەڵ تێرۆر و وەحشەت - دا ئاویتەی یەک بوون، هەل و مەرج و بارودۆخە سیاسی‌یە جیاوازەکانی شی دەکردەوە و لێک دەدایەوە. ئەو بە تایبەتی زیرەکی و هەستێکی ئەوتۆی هەبوو کە گیروگرفتەکانی خەباتی سیاسی لە کۆمەڵێکی (دواکەوتوو) دا بە باشی تێدەگەیشت (بۆ خۆی هەموو جارێ وشەی دواکەوتووی بەکار دەهێنا). کۆمەڵێک کە بە هۆی نەبوونی هەر چەشنە پێوەندی‌یەک لە گەڵ دنیای دەرەوەدا و بە هۆی بێبەشی لە مافی بیروڕادەربڕین و بڕیاردان، تەنانەت لە بواری دەستڕاگەیشتن بە فەرهەنگەکەی خۆشی دا، وەدوا کەوتوە. بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەم دواکەوتووی‌یە بکا بەبیانوویەکی ئیدئۆلۆژیکی بەمەبەستی پەنابردن بۆ زیدەڕۆیی جۆراوجۆری وەک برەوپێدانی شەخسیەتی ڕێبەر (کیش شخصیت) لەرێکخراوێکی سیاسی دا، یان دیکتاتۆریی حیزبێکی سیاسی بەسەر گەلێکدا و هتد.

جگە لەمەش لە گەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوو کە گرنگ نیە لە پێوەندی‌یە گشتی‌یەکان و لە وتوویژ لە گەڵ ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان دا، بە جۆریک بدوێ، بەڵام لە مەیدانی کردەوە دا ئەو قەسانەی کردوونی لە بیر خۆی بەرێتەوە.

شانازیی گەورەی کە هیچ کات لە دووپاتکردنەوەی ماندوو نەدەبوو، ئەوە بوو کە ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ بایەخ و ئیدەئالە ئینسانی‌یەکان لە تێکۆشان و کاروباری ڕۆژانەی بزووتنەوە دا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچ کات لەگەڵ خەڵک دا پەنای بۆ فشارو زۆرەملی نەبردوە، قەت بارمتەی نەگرتوون، هیچ کات فڕۆکەی نەڕفاندوە، یان لە نێو ئوتوبۆسیک، بازاڕێک یان یەکێک لە شارەکانی دوژمن دا بۆمبی نەتەقاندۆتەوە. دیارە حیسێبی شوێن و ناوچە نیزامی‌یەکان جوێیە. قاسملوو ئەگەرچی ئینسانێکی بێباک و نەترس بوو، بەڵام لە باری ئوسوولی‌یەوە دژی تێرۆریزم بوو - ئەگەرچی چاک دەیزانی دەبێ چ نرخێکی گران بابەتی هەڵوێستێکی لەم بابەتە بدا. ناڕەحەتیی لەوە دەردەبڕی کە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان گرنگی‌یەکی ئەوتۆ بەمەسەلەی کوردەکان نادەن، جارێک لە جێیەک نووسیبووی: "تاقمێکی بچووک دەتوانێ لە ڕێگای بارمتەگرتن، یان دانانەوەی بۆمبێکەوە ناوبانگێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکا، ئەوەش لەحاڵێکدایە کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەیی‌یەکان کە پەنا بۆ تێرۆریزم نابەن، بە تەواوی لە بیر کراون."

نوامبری ١٩٧٩، هەر لەیەکەم ڕۆژی بە بارمتەگیرانی دیپلۆماتەکان و کارمەندەکانی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران دا، ئەم کردەوەیەی مەحکووم کرد. بە بڕوای دوکتور قاسملوو، ڕزگاریی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، یان ڕزگاربوونی دنیای سێهەم لە زلهێزێکی ئیمپریالیستی، هەرەک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هاتوە، ئامانجی درێژخایەنی خەباتێکی سیاسی‌یە کە ئازادی و دێموکراسی بۆ هەمووانی بەدواوەیە.

## بەشی دووهەم

بەوحاڵەش سەرەڕای بوختانەکانی ڕێژیمی تاران، واشنگتۆن ئاوڕێکی لە کێشەی کورد نەدایەوە. ئەگەرچی دیپلۆماسیی ئەمریکا لەشەڕی کوردەکان لە گەڵ دەوڵەتی عێراق دا (١٩٧٥ - ١٩٦١) چالاکانە وەخۆ کەوت، بەو هۆ ستراتێژیکی‌یانەی کیسینجێر شی یان دەکاتەوە لە میشکی خۆی دا بە نیازخراپی‌یەوە بیریان لێ دەکاتەوە - دەوڵەتی ئەمریکا هیچ کارێکی بە مەبەستی خزمەت بەم کێشەیە نەکرد. قاسملوو بۆخۆی هەتا مانگێک بەر لە مردنی کە ویزای سەفەر بۆ ئەمریکای پێ درا - قەت ڕێگای چوون بۆ ئەمریکای پێنەدرا. ڕاست لە ڕۆژەکانی بەر لە سەفەری وییەندا، خۆی بۆ سەفەری ئەمریکا ئامادە دەکرد، وڵاتێک کە ئەو هیوادار بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد زۆری هەوڵ تێدا بدا. ئەگەرچی لەسەر ئاکامە سیاسی‌یەکانی سەفەرێکی ئەوتۆ، زۆریش ناروون نەبوو.

ئەو چاک دەیزانی کە هاوپێوەندی و هاودەردیی بەشێک لە خوێندەوارانی جیهان لە گەڵ کێشەی کوردەکان (نەک هەر لە گەڵ ٥ میلیۆن کوردی ئێران بەڵکوو لە گەڵ ٢٥ میلیۆن کورد دا کە بەسەر چەند وڵات دا، دابەش کراون) ئەگەرچی بەربەرینتریش بێ، بەهیچ جۆر ناتوانی دیپلۆماسیی دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت دیپلۆماسیی ئوروپایی‌یەکانیش بە قازانجی کورد، ببزێوێ. چونکە هەر لە جێدا ئەوان لە بیری قازانجەکانی خۆیاندان.

ئەو بە هۆی ئەو هەموو سەفەرانەی بە تایبەتی بۆ ئورووپا کردبوونی، ئەم ڕاستی‌یەی بۆ دەرکەوتبوو. چونکە ئەگەرچی بەگشتی ڕێزیان بۆ دادەنا، بەو حاڵەش زۆر بە کەمی لە کۆڕوکۆمەڵە ڕەسمی‌یەکان دا وەردەگیرا. لەباشترین حاڵەت دا بە کەلکوەرگرتن لە دۆستایەتیی لەمێژینە و پێوەندیی (حیزبەکەی) خۆی لە گەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، جاروبار دەیتوانی کەمێک یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ گەلەکەی وەدەست بێنێ یان لە ڕێگای دۆستێکیەوە، گیرو گرفتێک کە بۆ وی گرنگ بوو، چارەسەر بکا. ژان فرانسوا دیناو، یەکێک لە وەزیرەکانی کابینەی ژیسکار دیستان، بە هەستێکی تاڕادەیەک دۆستانەوە باسی ئەوەی دەکرد کە سەردەمێک دوکتور قاسملوو ئەوی خستۆتە ژێر فشار، تا سەرەنجام توانیویەتی فەرهەنگێکی فەرانسە - کوردی کە لە مێژ بوو چاوەڕوانی چاپی دووبارە بوو، سەر لە نوێ چاپ بکاتەوە.

قاسملوو ئینسانێکی ریئالیست بوو. باش لەبیرمە جارێک گوتی لە کۆتایی سەدەیەک دا کە هەوڵدانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی سەقامگیرکردنی ناسیۆنالیزمێکی لەرزۆک و ناقایم، لەتایبەتمەندی‌یە بەرچاوەکانیەتی (هەرچەشنە هەوڵدانێک بۆ تێکدانی نەخشەی جوغرافیا بەو مەبەستە کە ئیجازە بە کوردەکان بدرێ لەسەر ویرانەکانی ٣ نەتەوەی دیکە، وڵاتێکی سەربەخۆ پێک بینن) ناتوانی شتێکی دڵخواز بێ. هەر بۆیە خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران دەویست نەک سەربەخۆیی بۆ کوردەکان . بەڵام دوژمنەکانی لە تاران پێیان وابوو ئەمە هەر تاکتیکێکی فریودەرانەیە، تاکتیکێک کە بەشێوەیەکی ناشیانە بۆ شاردنەوەی بیروڕای جیاوازیخوازانە کە ناوێرێ دەری‌ببڕێ و یەکەم هەنگاوە بۆ پێکهێنانی

## بەشی دووهەم

(کوردستانی گەورە) و یەکگرتووکردنی کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و تەنانەت کوردەکانی سووریە و یەکیەتیی شووڕەوی، کەلکی لێوەردەگرێ.

لەم بارەیەوە تەنانەت کەسێکی ناڕووحانیی وەک بەنیسەدریش لە گەڵ ئاخوندە بنیاتگەراکان تەواو هاوبیروڕا بوو.

دەستووری کوشتنی قاسملوو، لە ساڵی ١٩٧٩وە کە وەک تەنیا کەسی غەیرە ڕووحانی بۆ مەجلیسی (دامەزرێنەران) هەڵبژێردراو، لەبەر هۆی ئەمنیەتی لە چوون بۆ تاران خۆی پاراست درابوو. ئایەتۆڵلا خومەینی لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنی دا بە ئاشکرا بەداخبوونی خۆی لە نەهاتنی ئەو دەربڕی و گوتی :

**"خۆزگە هاتبا. من وام دانابوو ئەگەر هاتبا لێرە رام گرتبا"**

سێزدەهەمی ژووئیە ڕۆژی جێژنی گەورەی موسوڵمانان (جێژنی قوربان) بوو، هەروەها شیعەکانیش لەم ڕۆژە دا، ڕێزیان لە چلەمین ڕۆژی مەرگی خومەینی دەگرت. داخوا ئەمە شتێکی بە ڕێکەوت بوو ؟ ئایا ئەو قاتڵانەی بەرگی نوێنەرانی ئاشتییان کردبووە بەر و لە لایەن هاشمیی رەفسەنجانییەوە مەئمووریەتیان پێدرابوو و بە پاسپۆرتی دیپلۆماتییەوە کە ویلایەتی (وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی) ئیمزای کردبوو، لە تارانەوە هاتبوون. بە ئەنقەست لەم ڕۆژە دا کە ڕۆژی تازیەباری بوو، فەرمانی کوشتنیان بەجێ گەیاند؟!.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

## کریس کۆچێرا: دوکتور قاسملوو ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندوو بوو



**کریس کۆچێرا نووسەر، رۆژنامە نووس و شەخسیەتی کورددۆستی فەرانسەیی کە چەند کتێب و زۆر وتاری بەنرخی تا ئێستا لەسەر کورد نووسیون، لە دۆستانی بە نرخ و لە مێژینەی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتە. لە ژووئەنی ئەم ساڵ دا دووجار لە گەڵ هاوسەرەکەی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. بە دەرفەتمان زانی و بە بۆنەی دەیەمین ساڵی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی رێبەرمانەوە ئەم وتووێژەمان لە گەڵ پێک هێنا.**

**پرسیار**: بەڕێز کریس کۆچێرا! پێمان خۆشە بزانین یەکەمجار چۆن لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووی؟ لە کوێ و چ وتووێژێک لە نێوانتان دا رابرد؟

**کۆچێرا**: چاوپێکەوتنێکی سەیر بوو. ساڵی ۱۹۷۱ لە دەربەندی چۆمان لە میوانخانەی بارزانی لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم. بۆ دیتنی بارزانی چووبوومە ئەوێ. لە میوانخانەکە پیاوێکی بەڕێزم دیت کە جلوبەرگی ئورووپایی لەبەردا بوو، بەو هۆیەوە کە پێم وابوو هیچ کەس زمانی ئێمە نازانێ بە زمانی فەڕانسەیی لە هاوسەرکەمم پرسی: "داخوا ئەو کابرایە لە گەڵ ئێمە نانی بەیانی دەخوا یان نا!" بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە دیتم کابرا بە زمانی فەڕانسەیی وەڵامی دامەوە و گوتی:

"بەڵێ ئەم کابرایە دەیەوێ نانی بەیانی لە گەڵ ئێوە بخوا"!

## بەشی دووهەم

لەسەر نانخواردن، لە بارەی سیاسەتەوە پێکەوە دواین زۆر زوو منی کردە ئۆگری خۆی، چونکە زانیاریەکی یەکجار زۆری هەبوو. لەو پیاوەی وەک بەڵەد و چاوساغ لە گەڵمان دا بوو، پرسیم ئەو کابرایە کێیە؟ گوتی دوکتور قاسملوویە. لە دوکتور قاسملووم پرسی دەتوانم لە بەغدایە بیبینم؟ ژمارە تەلەفونی خۆی پێدام. بەم جۆرە ئەو یەکەمین مامۆستای من بوو لە ناسینی مێژووی کوردستان دا. لە بارەی باوکی خوالێخۆشبووی و چوونی ئەو بۆ باکۆو هەروەها لە بارەی کۆماری مەهابادەوە قسەی بۆ کردم. لە بارەی بارزانیەوە زۆر زانیاریی وردو تێرو تەسەلی دامێ. لەڕاستی دا ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندوو بوو. هەر لەو کاتەدا کەیفی بەوە دەهات نوکتەی خۆش بگێڕێتەوە و پێبکەنی. زۆر ڕووخۆش بوو، ئەزموونەکانی سەردەمی خوێندکاریی خۆی لە پاریسی بۆ گێڕامەوەو بە کورتی بناغەی دۆستایەتیەکی پتەومان دانا.

**پرسیار**: وەکوو ئێمە بیستوومانە بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لە گەڵ خێزانتان لە بەغدایە سەردانی دەفتەری حیزبی دێموکڕاتتان کرد.

گۆیا لەوێ فەولت بە دوکتور قاسملوو دا سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران وتووێژ بکەی. ئایا ئەو هەلەت بۆ ڕەخسا؟ لەگەڵ کام یەک لە کاربەدەستانی ئێران توانیت وتووێژ بکەی؟ گەیشتیە چ ئاکامێک؟

**کۆچێرا**: لەڕاستی دا من چاوم بە ئاغای هوەیدا کەوت، خەریک بوو بچێتە زاهیدان، داوای لێکردین لەو سەفەرە دا هاوڕێی بین، لە نێو فرۆکە دا وتووێژم لە گەڵ کرد و لە بارەی کێشەی کوردەکانیشەوە هێندێک پرسیارم لێکرد پێم وایە ئەم سەفەرە لە ساڵی ١٩٧٢ دا بوو. ئەم وتووێژە لە گۆڤاری (ئێکسپرێس) دا چاپ بوو. هەموو وتووێژەکەم بە وردی وەبیر نایەتەوە. پێم وایە هوەیدا گوتی: "ئێمە لە ئێران گیروگرفتێکمان بە ناوی کوردەکان نیە". ئەم چاوپێکەوتنە ماوەیەک بەر لە رێککەوتنی ئێران و عێراق بۆ من ڕەخسا. بەڵام هوەیدا هیچ ئیشارەیەکی بە شتێکی ئەوتۆ نەکرد، دەقی تەواوی ئەم وتووێژەم لە ئارشیوی خۆم دا، هەروا پاراستوە، بەڵام بە داخەوە ئێستا هەمووم لە بیر نیە، هوەیدا سیاسەتمەدارێکی بە توانا بوو و دەستێکی باڵای هەبوو لە خۆدزینەوە لە وەڵامی پرسیارە ئاستەمەکان دا.

لەسەردەمی شا دا، چەند جاران چوومە ئێران. لەو هۆتێلانەی لێیان دەمانەوە، بەو هۆیەوە کە میکرۆفۆنی نهێنیان لێ دادەنان، هەرکات باسی دوکتور قاسملوومان دەکرد، پیتی یەکەمی ناوی خۆی و شۆرەتەکەی (A.R.Q) مان بەکار دەهێنا. ئێستاش لە ئورووپا و لە مەجلیسی دۆستانەو خۆمانە دا بۆ یادکردنەوەی دوکتوری رەحمەتی بۆ خۆشی لە کاتی قسە کردن لە گەڵ ئێمە دا، هەر ئەو پیتانە بەکار دەبا.

## بەشی دووهەم

**پرسیار**: ئایا ئاشنایی لە گەڵ دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکڕات، بوو بە هۆی ئەوە کە پتر خۆتان بە کێشەی کورد و خەباتی ئەم گەلەوە ماندوو بکەن؟

**کۆچێرا**: هەروەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دا گوتم دوکتور قاسملوو شەخسیەتێکی یەکجار سرنجڕاکێشی هەبوو. ئەو لە بارەی مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەی کوردەوە ئەوەندەی زانیاریی بەنرخ و سەرنجڕاکێش دامێ کە بەڕاستی من بوومە ئۆگری مەسەلەکە، هەروەک گوتم بووین بە دۆستی زۆر نزیکی یەکتر زۆر جار چاومان بە یەکتر دەکەوت چەند جار چەند جار لە بەغدایە میوانی بووم، بە سواریی ماشینە پیژۆیە کۆنەکەی دەگەڕاین. هێندێک جار دەیگوت: "چاوت لێیە نەیارانم دەڵێن بە سواری بێنزی ئاخرین سیستم دەگەڕێم".

دوکتور قاسملوو منی لە گەڵ چەندین شەخسیەتی ناوداری کورد بۆ وێنە "هەژار" و "هێمن" ئاشنا کرد. لە گەڵ هێمن جگە لە شەڕاب هیچ خاڵێکی هاوبەشی دیکەمان نەبوو، بەوحاڵەش پێکەوە زۆر شەوی خۆشمان ڕابوارد. جگە لەمەش هێندێک شەخسیەتی بەوەجی دیکەی وەک هەمزە عەبدوڵلای پێ ناساندم، ئەو مەسەلەیە بۆ من زۆر گرنگ بوو. چونکە ناسیاوی و چاوپێکەوتنی کەسایەتی‌یە گەورەکان لای من هەمیشە گرنگی‌یەکی تایبەتیی هەبوو، بۆ هەواڵنووسێک زۆر گرنگە کە دەستی بە شەخسیەتێکی کلیدی ڕابگاو، دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لە گەڵ کێشەی کورد دا، کلیلکی گرنگ بوو، بەتایبەتی کە زۆر زانا بوو و هەستێکی قووڵی ئینسانیی هەبوو.

**پرسیار**: بیستوومانە پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات لە ماڵی ئێوە لە فەڕانسە گیراوە کە دوکتور قاسملوو سەرپەرستی کۆبوونەوەکە بووە. ئەگەر دەکرێ پێمان خۆشە بزانین چۆن بوو ڕێگاتان دا ئەم کۆبوونەوەیە لە ماڵی ئێوە پێک بێ؟

**کۆچێرا**: لەکتێبی دووهەمی خۆم لە بارەی کێشەی کوردەکان دا، ئیشارەم پێی کردوە، لە نیزیک "شامبور" لە کۆشکێکی گەورە دا دەژیاین، جێگا و ڕێگایەکی زۆرمان هەبوو. ئەو کات حیزب لە باری ماڵی یەوە وەزعی باش نەبوو، بە دوکتور قاسملووم گوت ئەوێ جێیەکی زۆر لەبارە، بۆیە دەتوانێ لەگەڵ هاوڕێیانی بێتە وێ پیرێژنێک لەوێ دا دەژیا کە دوکتور قاسملووی زۆر باش دەناسی. ئەم ژنە لەماوەی ئەو سێ چوار ڕۆژە دا کە کۆبوونەوەی (کۆمیتەی ناوەندی) درێژەی هەبوو، کاری چێشتلێنانی ئەنجام دەدا. بەشدارانی پلینۆم زووریان ئەو ژنەیان خۆش دەویست و لە کارەکانی دا یارمەتی‌یان دەدا. بەڵام ئەو نەی‌دەزانی ئەم تاقمە، تێکۆشەری سیاسین کە دژی ڕێژیمی شا خەبات دەکەن.

## بەشی دووهەم

**پرسیار**: دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی چەند جار سەری ئێران و کوردستانتان داوە؟ ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین جارێک لە جەنگەی شەڕی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەلی کوردستان (شەڕی سێ مانگە) دا هاتوویە کوردستان. بێگومان ئەو کاتیش لە گەڵ دوکتور قاسملوو دیدار و وتووێژت هەبووە. چ بیرەوەرییەکتان لەو سەفەرە هەیە و وتووێژەکانتان زیاتر لە بارەی چ مەسەلەیەکەوە بوون؟

**کۆچێرا**: لە ڕاستی دا سێپتامبری ١٩٧٩ بوو کە سەری کوردستانی ئێرانم دا. ئەو کات نە شەڕ هەبوو نە ئاشتی، لە دێی (پشکاوێ)چاوم بە دوکتور قاسملوو کەوت. لە خانوویەکی بەردین دا دەژیا کە تەنیا ژوورێکی هەبوو، دەیگوت ئەوە یەکەم جارە بوومە خاوەنی چاوە خانوویەک. کەواو پاتۆڵی لەبەردا بوو و دەمانچەیەکی لە قەدی بەستبوو، دەیگوت: "پێشمەرگەکان پێیان گوتووم چۆن تەقەی پێبکەم بەڵام هێشتا فێر نەبووم چۆنی دەکار کەم".

شانسێکی باشمان هەبوو کە لەو رۆژانە دا لەوێ بووین. چونکە دوکتور قاسملوو چەند رۆژ دواتر ئێمەی لە گەڵ خۆی بردە میتینگێکی گەورە لەمەهاباد. لەوێ پێی گوتین ئێرە هەر ئەو جێگایەیە کە قازی محەممەدی لێ بەداردا کراوە. هەزاران کەس لەو مەیدانەی کۆ ببوونەوە، ئەم رووداوە زۆر کاری تێکردین، بەڕاستیش جێگای سەرسوڕمان بوو. چونکە لەسەر تەپۆلکەکانی قەراغ شاری مەهاباد، تانگەکان دەبینران. پێم وایە ئەوە دواجار بوو کە هێمنم دیت. وێنەیەکی زۆر جوانی دوکتور قاسملوو و یەکێک لە براکانی و هێمنم گرت. ئەم وێنەیە هەر ئێستا لە سەر مێزی نووسینەکەمە. لەم سەفەرە دا هێندێک لە واحیدەکانی پێشمەرگەم بینی کە زۆر رێکوپێک بوون و بە باشی رێکخرابوون. لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندیش دا بەشداریمان کرد، هەستمان بە خۆشییەکی زۆر کرد. سێ حەوتوو لەوێ بووین.

**پرسیار**: ئایا دوکتور قاسملوو سەبارەت بە کێشەی کورد هیچکات پرس و ڕاوێژی بە جەنابت وەکوو رۆژنامە نووس و شارەزایەکی مەسەلەی کورد، دەکرد؟

**کۆچێرا**: ئێمە لەو بارەیەوە زۆر پێکەوە دەدواین. بەڵام پێم وایە ئەمن لەو ئاستە دا نەبووم کە رێنوێنیی ئەو بکەم، ئەو مامۆستا بوو و من قوتابی، بەڵام زۆرجار لەسەر ستراتیژیی بزووتنەوەی کورد، ئامانجی دوارۆژی خەباتی کوردەکان لەسەر پێوەندیی حیزب و بەغدا و هێندێک مەسەلەی لەم چەشنە پێکەوە قسەوباسمان دەکرد. من باوەڕم بە یەکبوونەوەی هەر چوار بەشی کوردستان هەیە و لەو باوەڕەدام کە دەبێ ئەوە ببێتە ئامانجی دوارۆژ.

**پرسیار**: ئاغای کریس کۆچێرا! کاتێک هەواڵی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووت بیست تووشی چ هەستێک بووی؟

## بەشی دووهەم

**کۆچێرا**: ئەو کات ئێمە لە ئیرلەند بووین. هەموو بەیانان گوێمان دەدایە رادیۆ. بەیانییەک گوێمان لێ بوو گوتی ٣ کەس لە ریبەرانی کوردەکان کوژراون. دوای ماوەیەکی کورت ناوی ئەوانیشی گوت. ئەم هەواڵە ئێمەی بە توندی هەژاند. خێزانم دەستی کرد بە شیوەن و گریان. نەمدەزانی چ بکەم. لە دەستدانی دۆستێکی وەک دوکتور قاسملوو، دەردێکی گەورە بوو و پەژارە و نارەحەتیی لە رادەبەدەری خێزانیشمی هاتبووە سەر. هەروەک پێشتر گوتم دوکتور قاسملوو دۆستێکی زۆر نزیکم بوو. هەژدە ساڵ بوو دۆست بووین، ئەوم لە هەلومەرجی جۆراوجۆر دا دیتبوو؛ وەک پەنابەرێکی سیاسی و، وەک رێبەری بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی بەهێز. بەڵام ئەو هەموو کاتێک لە دۆستایەتی دا گەرموگوڕ و خۆبەکەمگر بوو.

**پرسیار**: بۆ خۆت چ تایبەتمەندییەکت لە دوکتور قاسملوو دا بەدی دەکرد کە ئەوی لە رێبەرانی دیکەی کورد جوێ دەکردەوە؟

**کۆچێرا**: دوکتور قاسملوو تاقە رێبەرێکی کورد بوو کە لە ئورووپایەی خوێندبوو، چەند زمانی خاریجیی بە باشی دەزانین، خەڵکی ئورووپای باش دەناسی و دەیزانی چلۆنیان رەفتار لە گەڵ بکا؛ توانایی و لێهاتوویی‌یەکی زۆری لە دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ رێبەرانی سیاسیی ئورووپا دا هەبوو. پیاوێکی بە فەرهەنگ و سیاسەتمەدارێکی بە تەواو مانا بوو، بە بڕوای من ئەگەر دوکتور قاسملوو ئێستا مابایە، لەوانە بوو وەزعی کوردەکان لە کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیەش گۆڕابا.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - رێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

## ئەو رابەرەی لە گشت" بوارەکان دا لێهاتوو بوو



د.کەماڵ مەزهەر

بەهاری ساڵی ١٩٥٩ واتا چل ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەمجار ناوی ئەنوەری، کە یەکێک بوو لە نازناوەکانی دوکتور قاسملوو، بەر پەردەی گوێم کەوت. شاگردانی بەشی کوردیی تازە کراوەوەی زانکۆی بەغدا بە ڕێز و خۆشەویستی و تەقدیرێکی زۆرەوە بەو مامۆستایەیان دا هەڵدەدا و باسی وانە پڕسوودەکانی‌یان دەکرد و لەو بوارە دا پلەی یەکەمیان دابووە ئەو و گۆرانی شاعیر.

هەڵبەت ناسینی رووناکبیرێکی وا پێشکەوتنخوازی پایەبەرز خۆزگە و ئاواتی هەر کوردێکی دڵسۆز بوو. بە هۆی برای خۆشەویست دوکتۆر عیزەددین مستەفا رەسووڵەوە هەر زوو دەرفەتێکی وا بۆ من هەڵکەوت. ئەو رۆژە بۆ یەکەمجار لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی کەڕادە مریەمی بەغدا دیم، هەستم کرد قاسملوو لە گشت بوارەکان دا بەڕاستی کوردێکی کەموێنە و کەمهاوتایە. قسەزان، قسەخۆش، نیشتمانپەروەر، زانا و دانایەکی قووڵو دووربینە.

زۆری نەبرد بە هۆی پەتای کوشندەی "دەردە کورد" ەوە قاسملوو لە عێڕاق دوور خرایەوە. ئەو بڕیارە هێند بزواندمی خۆم پێنەگیراو وتارێکی توندوتیژم بە ناونیشانی "بۆچی" یەوە نووسی و لەو دا زۆر بە سۆزەوە باسی لێهاتوویی بێئەندازەی شەهیدم کردبوو کە دەبوو هەمیشە دەرگەکانی عیراقو شۆڕشی گەلاوێژ لە بەردەمی دا ئاواڵە بێت. سەرنووسەری ئەوسای رۆژنامەی "ژین" ئەحمەد زرنگی نەوەی پیرەمێرد نووسینەکەی هێند بە دڵ بوو کردیە سەروتاری رۆژنامەکە، وا دیارە وتارەکەم رقی ناپیرۆزی یەکێک لەو برادەرە کوردانەی زۆر هەڵساندبوو. میقرۆیی "دردە کوردە" بە خەستوخۆلی تێکەڵ بە

خوێنی ناو گشت دەمارەکانی لەشی ببوو، زۆر بەتوندی و بە ڕقەوە هەر لەسەر لاپەرەکانی "ژین" وەلامی دابوومەوە و دەستە چەورەکەی خۆی بە قاسملوو دا سڕیبوو. بەلام خوا هەلناگرێت ناونیشانێکی لە باری بۆ وەلامە نالەبارەکەی هەلبژارد بوو، کە ئەویش "چرنکو" بوو، کاتێک وەلامەکەی ئەو دەردە کوردەواریەیە چاپ ببوو من گەیشتبوومە ولاتی شووڕەوی بۆ خوێندنی بالا، قاسملووی شەهید بۆخۆی دانەیەک لەو ژمارەیەی "ژین"ی لە پراگەوە بۆ ناردم بۆ مۆسکۆ و خۆی ئاسایی چەند دێرێکی رازاوەی پڕ لە پەندی بۆ نووسیبووم.

پێم وایە دەروبەری کۆتایی سالی ١٩٦٠، یا سەرەتای سالی ١٩٦١ شەهید هاتە ولاتی شووڕەوی بۆ کۆبوونەوەی زانیاری دەربارەی باسەکانی نامەی دوکتوراکەی. ئەوساکە منیش لەوێ بە خوێندنی دوکتوراوە خەریک بووم، دەمدی چۆن لە ناو کتێبان دا کنەی دەکرد، چەند ماندوونەناس بوو. هەر لەو رۆژانەش دا زانیم کەم کەس لە دونیا دا بەڕادەی ئەو زمانی رۆژهەلاتی و ئورووپایی دەزانێت : وەک یەک هەر دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی و، فارسی و ئازەری و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و رووسی و چیکی وسلۆڤاکی و هی دی. لە دانیشتنێک دا لەمالی خۆم لەبەغدا دیومە چۆن لەگەل مۆییک (کریس کوچێرا) و خیزانەکەی دا وەک بولبول بێگرێ بەفەرەنسی دەدوا و تائەوان بەهەر دووکیان نوکتەیەکیان دەگێڕایەوە، ئەم چواری خۆشتری دەدا بە تەنگەیان دا و ئینجا هەر پێنجیشیانی بۆ ئێمە دەکردە کوردی وگشتمانی دەهەژاند. هەمیشە گولی سەر دەستەی مەجلیس بوو، لەسەر هیچ پەکی نەدەکەوت لە گشت بوارەکانی دا سیاسەت، مێژوو، ئەدەب و هەر بوارێکی تر دا شۆڕەسواری مەیدان بوو، تەنانەت دەنگ و ئاوازیشی لە گەل باسەکان دا دەگۆڕدرا، بۆیە ئەوەی نەیناسیبایە نەیدەزانی ئەو کەلە پیاوە سیاسیە، یان شاعیر و ئەدیب و زانا و مێژوونووس و زمانەوانە، چونکە ئەو لە ڕاستی دا هەموویان بەسەر یەکەوە بوو.

دەیان جار لەگەلی دا نیشتووم، کەم کەسی وا بێ فیزو پەتی و زمانپاک و رۆح سووکم دیوە، هەمیشە وەک گولەگەنمی پڕ دەچەمیەوە، بێزی نەدەهات تـوخنی گولـە گەنمـە پۆچەلـەکان بکەوێت، لـەکاتی پێویستیش دا بـە خراپـە باسـی کەسـی نەدەکرد، توانجهاوێژ و ئاگر خۆشکەر نەبوو، بە پێچەوانەوە کۆکەرەوەی دژەکان بوو، لەم بوارە دا کەس وەک ئەو وەستا نەبوو.

ژمارەیەکی زۆر لەو دیدەنییانەم خوێندۆتەوە کە رۆژنامەنووسانی شەرق و غەرب لە گەل قاسملوو دا سازیان دابوو، سەرجەمیان بە سۆزەوە باسی لێهاتوویی ئەو ڕابەرەیان لە گشت بوارەکان دا کردوە و وەک سەردارێکی دووربین و دێموکراسیخواز و ئازا و لەخۆبووردوو و سەرڕاست و ئاشتیخواز و ئەدەبدۆست و قسەخۆش باسیان کردوە، گشتیان بە هەگبەی پڕ لە زانیاریی ورد و دەگمەن و خۆشەویستی یەکی زۆرەوە مالئاوایی یان لێ کردوە، ئەوەی کریس کوچێرا و

## بەشی دووهەم

خانمی هاوسەری و هدی الحسینی و زۆری تر دەربارەی قاسملوو دەیڵێن مایەی شانازییە بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، بریا ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو ئەو بەرهەمانەیان لەکتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو دەکردەوە، کەدڵنیام لەوەی دەبێتە رێ پیشاندەرێکی دەگمەن و پێویست بۆ پشتاوپشتی کورد. قسەکانی لە گەڵ ڕۆژئاوایی‌یەکان دا نەستەق و هەڵسەنگاندنەکانی بەجێ و بۆچوونەکانی ورد بوون، باشی دەبزواندن کە پێی دەگوتن کوردیش دەتوانن فرۆکە بڕفێنن و بارمتە بگرن و خەڵکی بێتاوان لە خوێن دا بگەوزێنن، تاکەی لەو ناگەن و وەئاگا نایەن و ئاوڕێکی مرۆڤانە ئەو گەلە ستەمدیدەیە نادەنەوە...

ئەگەر بێمە سەر باسی بەرهەمە رەسەن و نایابەکانی دەتوانم یەکجار زۆر بێژم، تایبەت دەربارەی نامەی دوکتوراکەی کە تا ئێستە لەبەر بایەخی زۆری بە چەند زمانێکی ئوورووپایی و ڕۆژهەڵاتی چاپ کراوە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی "التاخی" دا وتارێکی تایبەتم لەم بارەیەوە بڵاو کردەوە و ئەو بەرهەمەم بە یەکێک لە کتێبە دانسقەکانی کوردناسی لە قەڵەم دا.

عیشقی شەهید بەرانبەر کورد و کوردستان بێئەندازە بێسنوور بوو، لەبن نەدەهات، کەس بەر لەو نەیتوانی بەڕادەی ئەو تینی ئەو عیشقە پیرۆزە بگەیەنێتە ناو خاکی ئوورووپاوە، هەستی دەیان سیاسەتمەدار و کەسایەتی و ڕۆژنامەنووسی ئوورووپایی بەناوبانگی بەلای کێشەی نەتەوەی کورد دا ڕاکێشا، هەمان کات قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی ئێرانی و مرۆڤدۆستێکی گەورەی جیهان بوو، بێگومان مێژوو بە قێز و نەفرەتەوە دەڕوانێتە ئەو دەستە شێتە ناپاکانەی بەوپەڕی کورتبینی و گەوجی و ڕقی سەر بە سەدە ناونجی‌یەکانەوە ڕێگەیان بە خۆیان دا ئێمە و خۆیان و خەڵکی تریش لە تیشکی ئەو ئەستێرە بەرزەی ئاسمانی کوردستان و ئێران و تووران دابڕن، ئەو ئەستێرە گەشاوەیەی بێرنارد کووشنێر وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیی فەرەنسی لە کاتی ئاوابوونی دا بە دڵی پڕ و چاوی پڕلەفرمێسکەوە پێی گوت :

" لەسەرجەمی جیهانی سێیەم دا کەسم وەک تۆ بەدڵ نەبووە "

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

## سڵاوی وەفا و ڕێزلێنان لە یادی شەهید دوکتور "عبدالرحمن قاسملوو" لە دەهەمین ساڵی مەرگی دا



**سەلاح بەدرەدین: سکرتێری گشتیی حیزبی یەکیەتیی گەلی کورد لە سووریە**

یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە پڕاگ چاوم پێی کەوت. ئەوکات دوکتور "انوری" (ناوی نهێنیی دوکتور قاسملوو) لە پڕاگ مامۆستای زانستگە بوو و دەرسی دەگوتەوە. بە دوای ئەو چاوپێکەوتنەدا - کە ئەودەم لە سەرەتای لاوەتی دا بووم و بە جیددی و حەماسەتەوە لە بواری کێشەی نەتەوایەتی دا کارم دەکرد - پێم خۆش بوو لە بزووتنەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاگادار بم.

ئەزموونی مەهاباد و ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناوی شەهید پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و نەخشی بارزانیی نەمر لەو کۆمارە دا جێگای گرنگیپێدانی ئێمە بوون و دەمانەویست ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو کۆمارە و بە تایبەت نەخشی یەکیەتیی سۆڤیەت و بەرپرسایەتیی ئەو حکوومەتە لە تێکچوونی کۆماری مەهاباد دا زیاتر بزانین. ئەودەم ئێمە وەک لاوانی کوردی سەر بەحیزب و ڕێکخراوە چەپییەکان، ئارەزووومان دەکرد کە بەرپرسایەتیی تێکڕووخانی کۆماری مەهاباد نەکەوێتە سەر ئەستۆی یەکیەتیی سۆڤیەت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە چاوم بە شەهید قاسملوو کەوت وام زانی کە لایەنێکی گەورەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانم دۆزیوەتەوە. بۆم دەرکەوت کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا خەباتگێر هەن و بزووتنەوەی کوردایەتی هەیە.

## بەشی دووهەم

لەو چاوپێکەوتنە دا بۆم دەرکەوت کە بیرو بۆچوونمان لە سەر ئامانجمان بۆ ئێستا و داهاتووی بزووتنەوەی کورد وەک یەک وایە.

بۆ جاری دووهەم لە مانگی ئازاری سالی ١٩٧٠ دا دووبارە لە پراگ چاوم بە شەهید کەوت. ئەوکات بەیاننامەی مێژوویی ١١ی ئازار دەرچووبوو. قەرار بوو کۆنفرانسێکی هاوبەش لە نێوان حیزبی ئێمە و پارتی دێموکڕاتی کوردستانی عێراق لە پراگ بەرێوە بچێ. شەهید قاسملوو دەعوەتی لە هەموو لایەک کرد کە کۆبوونەوەیەکی گەورە بگیرێ بە بۆنەی دەرچوونی ئەو بەیاننامە مێژوویی‌یە و لەو کۆبوونەوەیە دا زۆر بە گەرمی پشتیوانیی لەو بەیاننامەیە کرد و بە رووداوێکی گەورەی هەڵسەنگاند.

جاری سێهەم هاوینی ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا چاومان پێک کەوت ئەو کات من بۆ کۆنگرەی هەشتی پارتی دەعوت کرابووم و لە بەغدارا چووم بۆ (ناوپردان) و (حاجی هۆمەران). چاوپێکەوتنی ئەو جارەمان لەماڵی سەرتیپی خانەنشین (فواد عارف) و لەماڵی خوالێخۆشبوو (نژاد عەزیز ئاغا) ئەنجام درا و، لەو چاوپێکەوتنە دا ناسیاویم لە سەر بەشێکی زیاتر لە خەباتگێران وسەرکردەکانی حیزبی دێموکڕات و هەلومەرجی سیاسی و تەشکیلاتیی ئەو حیزبە پەیدا کرد.

پێوەندیی ئێمە لە گەڵ حیزبی دێموکڕات دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری مەهاباد کە لە رێورەسمی کۆماری کوردستان دا (قدری جمیل پاشا) وەک نوێنەری کوردی سووریە بەشداریی کرد. ئەو پێوەندی‌یە لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوامە و درێژەی هەیە.

ساڵێک دوای ئەو چاوپێکەوتنەی دوایی لە (بیروت) چاومان کەوت بە دوکتوری شەهید و چەند کەس لە هەڤاڵانی.

لەو چاوپێکەوتنە دا دوکتوری شەهید داوای لە حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانی سووریە کرد کە یەک بگرن و ئێمە هەموومان ئەو پێشنیارەی شەهیدمان زۆر پێ خۆش بوو و قبووڵمان کرد و سیاسەت و هەڵوێستی خۆمان و هۆی ناکۆکی‌یەکانمان بۆ روون کردوە. بەڵام بەداخەوە لایەکەی دیکە پێشنیاری دوکتوریان قبووڵ نەکرد. بەهۆی ئەو کارەوە شەهید قاسملوو لە نۆختە نەزاراتی ئێمە بە تەواوی ئاگادار بۆوە، ئێمە ئەو کات ئەو هەنگاوەی دوکتورمان زۆر لەلا بەنرخ بوو و لە سەر گرنگی‌دانی ئێمە بە مەسەلەی کوردستانی ئێران شوێنی دانا. دوای ئەوە پێوەندیی ئێمە هەر درێژەی کێشا و شەهید لە هێندێک بواردا داوای هێندێک هاوکاریی لە ئێمە کرد بۆ کوردستانی ئێران بە تایبەتی دوای شۆڕشی ئێران. ئێمە زۆرمان هەوڵ دا کە لەو بوارە دا چمان لە دەست دێ بیکەین و زۆر هەنگاومان لەو بارەیەوە هەڵێنانەوە، کە ئێستا جێگای

## بەشی دووهەم

باسکردنیان نیە. تەنیا شت کە دەتوانین بیڵێن ئەوەیە کە یارمەتیمان دان بۆ کردنەوەی دەفتەرێک بۆ حیزبی دێموکڕات لە (بیروت) و پێشوازی کردن لە نوێنەرانیان وبەرپرسانی حیزب بۆ بیروت بەردەوام بوو کە لە نێوان ئەوان دا سکرتێری گشتی ئێستای حیزب براو دۆستم (عبدالله حسن زاده) دەبینرا کە چەندین جار لە گەڵ نوێنەرانی ریکخراوی رزگاریدەری فەلەستین و لە گەڵ نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی لوبنان چاوپێکەوتن و دیداریان کرد و لەسەر وتووێژی بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و سەرکردایەتیی ئێران، باسیان کرد. لەو سەردەمە دا دەزگاکانی ئێمە ببوون بە شوێنی بڵاوکردنەوەی هەواڵی بزووتنەوەکانی کوردستانی ئێران.

بەڕاستی شەهید قاسملوو سەرکردەیەکی لێهاتوو، سیاسی، رووناکبیر و وشیار بوو، و بە لەدەستچوونی ناوبراو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد ئاڵایەک لە ئاڵاکانی کەوتە خوارەوە، دوژمن دەیزانی لە کوێ ڕا زەبر بوەشێنێ هەر وەک دەیزانی چۆن زەبر بوەشێنێ.

مەبەستمان هەموو ئەو دوژمنانەیە(هەم رێژیمی پاشایەتی و هەم رێژیمی ئیسلامی) کە دەستیان بەخوێنی سەرکردەکانی گەلەکەمان لەسمکۆڕا بگرە تا شەهید قازی محەممەد و شەهید قاسملوو و شەهید شەرەفکەندی و هاوڕێ بەووەجەکانیان سوور بووە ....

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

بەشی دووهەم

## لە گەڵ دوکتۆر عەبدولرحمان قاسملوو (لەدەفتەری بیرەوەری دا)



مارف خەزنەدار

### یەکەمین بینینی لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا

لە یەکەمین بینین و یەکتر ناسین بە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو لە مێشکم دا بزێ، هەستم کرد ڕووبەڕووی پیاوچاکێک بووم، بە کوڵ ئارەزووی ئەوەم دەکرد ئەگەر لە دوارۆژ دا ببین بە هاوڕێ ئەمە دەبێتە مایەی بەختیاری بۆ من.

ساڵی ١٩٥٩ بوو، من لە کەرکووک دەژیام، بەڵام هاتوچۆی بەغدام دەکرد، لەم کاتە دا لە گەشتێکی بەغدا بووم پێش نێوەڕۆیەک لە دەسگای (کارگێڕیی گشتیی خوێندنی کوردی) سەر بە وەزارەتی پەروەردەی بەغدا بوو. ئەم دەسگایە تازە کرابۆوە بۆ کورد و یەکێک بوو لە دەسکەوتەکانی شۆڕشە سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨. لە دانیشتنێک دا دوکتور سەدیق ئەترووشی گەنجێکی لەتەمەنی خۆمی پێ ناساندم (عەبباسی ئەنوەری) بوو، لەدوای ماوەیەکی زۆر وەکوو خۆی ووتی: کاکە گیان بوومەوە بە ئەسڵەکەی خۆم (عەبدولرەحمان قاسملوو) ئەمە لە ساڵی ١٩٦٥ بوو لە ئورووپا.

هەر ئەو گەشتەی بەغدا بوو دوو جاری تر لە گەڵ قاسملوو چاومان بە یەکتری کەوتەوە، ئیتر بە تەواوی چووە ناو دڵمەوە، لەو سەردەمەدا و تا ئێستاش من خوڵقم خۆش نەبووە، لە گەڵ ئەوانەی سیاسەتیان کردبووە پیشەی ڕۆژانەیان، بەڵام لە گەڵ قاسملوو وا نەبووم هەر لە سەرەتاوە بۆم دەرکەوت لاوێکە پڕ لە جموجۆڵ و کۆشش، ئەو کاتی خۆی تەرخان

کردوە بۆ سیاسەت (دیارە بەنهێنی و لە ڕێی پارتایەتی‌یەوە). کەچی قوتابی‌یەو دەیەوێ فیر بێ. فێری هەموو شتێک زمان و زانیاری و زانستی و چێژی ئەدەبی و شارەزایی لە کولتووری نەتەوایەتی.

لەو چەند ڕۆژەی بەغدا بڕیارمان دا ئاگاداری یەکتری بین. هیچ نەبێ بە نامە و نووسین لە هەر کوێ‌یەکی ئەم گێتی‌یە بین یەکتری بەسەر بکەینەوە. وابزانم هەردووکیشمان ئەوەمان نەدەزانی چارەنووس تۆماری بۆ کردووین زۆربەی ژیانمان لە دەرەوەی نیشتمان بێ.

## کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەرلین؛

لە ساڵی ١٩٦٠ کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە شاری بەرلین بەسترا، ئەو کاتە بەرلین کرابووە دوو پارچە (ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا) بەلاّم دیوارەکە هێشتا دروست نەکرابوو. ئەو کۆنگرەیە یەکێک بوو لە کۆنگرە گەورەکانی خوێندکارانی کورد.

قوتابیی هەموو لایەنەکانی کوردستان ئەوانەی لە ئورووپاوە دەیانخوێند بۆی هاتبوون، تەنانەت دەسەلاّتی شای ئێران ڕێگەی دابوو ئیحسان نووری پاشای پەنابەری سیاسیی کوردی تورکیا لە ئێرانەوە بە میوانداری بێ بۆ بەرلین دوو یاوەریان لەگەڵ ناردبوو یەکێکیان کوردی سنە ئەویتریان کوردی مەهاباد بوو.

ئەوەی جێی شادی بوو بۆ من ئەوە بوو دوو کەسی نزیک لەمن یەکێکیان عەبدولرەحمان قاسملوو بوو لە چیکۆسلۆڤاکیاوە هاتبوو نوێنەری قوتابییانی کوردی ئەوێ بوو لە کۆنگرەکە دا، دووەمیان کامیران بەدرخان لە پاریسەوە هاتبوو.

ڕۆژانی کۆنگرە تەبایی‌یەک لە ناوەوە بوو لە نێوان ئەو قوتابی‌یانەی لەهەموو لایەنەکانی کوردستانەوە هاتبوون، بە دەگمەن کورد ئەم تەبایی‌یەی بە خۆیەوە دیبوو، بەلاّم داخی گرانم بەردەوام نەبوو. کاکی قاسملوو دەوری گرنگ بوو، چونکە جموجۆڵ و بینین و بۆچوونەکانی لە تەمەنی گەورەتر بوون. بەشداریکردنی لەکارو باری کۆمەڵەی خوێندکاران زۆر بوو، ئەگەرچی لەو سەردەمە دا قوتابیی کوردی ئێران و تورکیا زۆر کەم بوون و بە زۆری قوتابیان کوردی عێراق بوون.

لە ماوەی ئەو دە ڕۆژەی لەگەڵ قاسملوو لە بەرلین پێکەوە بووین، زیاتر لە بیروڕاو ڕەوشت و چێژی قاسملوو گەیشتم، ئەودەم بۆم روون بووەوە ئەم قوتابی‌یە تەنیا کەسێکی سیاسی و ئەندامی پارتی یەکی نهێنی نیە، بەڵکوو وەک ئادەمزادێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر خۆی دەنوێنێ و چێژی ئەدەبیی هەیە و ئەگەر بایەخ بەم لایەنەی ڕۆشنبیریی

## بەشی دووهەم

نەتەوایەتیمان بدا پسپۆڕێکی دیاری لێدەرسکێ. لەو ڕۆژانە دا پەیمانم لەگەڵی دا بەست بەنامە و نووسین ئاگاداری یەکتری بین و ئەوەم تێگەیاند لە دوای سێ مانگی تر، واتە لە پاییزی داهاتوو دا لە مۆسکۆوە ماڵ دەگوێزمەوە سانت پێترسبورگ (لینیگرادی ئەوسا) و ئاگاداری ناوونیشانی خۆمی دەکەم.

### لە سانت پێترسبورگ لە بەهاری ١٩٦١

ماوەیەکی کەم بەسەر قۆناغی خوێندنی باڵام تێپەڕ بوو لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی لەسانت پێترسبورگ. بەیانی‌یەک سکرتێری ئامۆژگا ئاگاداری کردم کوردێک بە میوانی هاتۆتە سانت پێترسبورگ و لە ئوتێلی ئەستۆریا دابەزیوە، ئەمە کۆنترین و گەورەترین ئوتێلی ئەو شارە بوو کە زیاتر لە دوو سەد ساڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رووسیا بوو. کابرای میوان هەواڵی منی پرسیبوو، منیش لەو کاتەدا بیرم بۆ سێ چوار کەس چوو یەکێک لەوان قاسملوو بوو.

بە پێ کەوتمە ڕێ بەرەو ئوتێلی ئەستۆریا، چونکە لە ئامۆژگاکەمانەوە نزیک بوو. جێی گوشادی‌یەکی بێ‌پایان بوو کە ڕووبەڕووی قاسملوو بوومەوە. بە خەندەو بزەی خۆشی‌یەوە دەستم لە ملی کرد و وتم: کاکی خۆم تۆ کابرایەکی سیاسیی، بە ئیش و کاری تایبەتیی خۆت هاتووی، تکایە پێم بڵێ چەند لێرە دەبی و چەند بەر من دەکەوێ؟ وتی: سێ شەو لێرە دەبم و شەووڕۆژێک بەر تۆ دەکەوم، ئینجا ڕوو دەکەمە مۆسکۆ.

یەکەمین هەنگاو ئەوە بوو پێکەوە چووین بۆ خانەی قوتابیانی لێکۆڵینەوەی باڵای ئەکادیمیا، من لەوێ دەژیام. کابرایەکی ئازەربایجانی ئێرانمان لا بوو، لە مەهاباد ژیابوو و کوردیی دەزانی، کە لەگەڵ قاسملوو لە ژوورەکەی من ڕووبەڕووی یەکتری هاتن دەستیان لە ملی یەکتری کرد. قاسملوو وتی: ئەمە ناوی عەسکەر سلێمانی‌یە، لە ڕۆژگارانی کۆمەڵە لە گەڵ ئێمە لە ڕێکخراوی گەنجان بوو و لەدوای رووخانی کۆماری کوردستان ئاوارەی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو. لەو سەردەمە دا عەسکەر لە باکۆ دەژیا و بۆ خوێندنی باڵا لە بەشی مێژوو هاتبووە سانت پێترسبورگ.

قاسملوو تەنیا ماوەی دوو کاتژمێری هەبوو تەماشای مۆزەخانە بە ناوبانگەکەی (ئەرمیتاژ) بکا. پێکەوە لە ناو باڵەخانەی زستانە ئەم دوو کاتژمێرەمان بردە سەر. قاسملوو بەشەوقەوە رووی دەکردە من و سەری با دەدا بەوەی ئامۆژگاکەم لە باڵەخانەی میخایلۆڤک لە نزیک ئەرمیتاژەوەیە، دەیوت: تۆ زۆر بەختیاری هەموو ڕۆژ لەو دیوو لەم دیوەوە بە پێش دەرگاکانی ئەرمیتاژ تێدەپەری.

## بەشی دووهەم

لە پاش بینینی ئەرمیتاژ بۆ ماوەیەکی کەم سەری لەبەشی کوردۆلۆجیی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی دا، لەگەڵ کارگەرە زانستییەکان دا ئاشنایەتیی پەیدا کرد، بەتایبەتی قەناتی کوردۆی سەرۆکی بەش.

لەو ماوە کەمەدا قاسملوو زۆر بە تەنگەوە بوو چاوی بە (بالی)ی (دەریاچەی سۆنە)ی چایکۆفکسی بکەوێ. دەیوت: کارێکی چاکە لێرە یا لە مۆسکۆ چاوم پێی بکەوێ، بەڵام ئەمە کارێکی قورسە چونکە هەموو کات پێشان نادرێ و بلیتیش زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوێ.

رێکەوتێکی سەیر بوو، وتم: ئەگەر ئەم شەو چاوت بەو بالییە بکەوێ چی دەڵێی؟ وتی: ئەمە گاڵتەیە و هەر نابێ! وتم: ئەگەر بوو؟ وتی بۆ تۆ خرۆشۆڤی؟ بە پێکەنینەوە وتم؛ رەنگە.

ماوەی دوو مانگ پێش ئەو کاتە بلێتی دوو کەسم دەست کەوتبوو بۆ ئەو بالییە و ئەو شەوەی قاسملوو لەگەڵ منڕا بوو پێشان دەدرا.. سەردەمێکی گیانی و سۆزی رۆماتیکیمان پێکەوە بردە سەر لە شانۆی گەورەی سانت پێترسبورگ بە دەگمەن ئەو چێژە هونەرییە بەرزە حەقیقییە لە سیاسییان دا دەردەکەوێ. بەڵام بەڕاستی قاسملوو نموونەی ئادەمزادی هوشیاری تێکۆشەری خەباتگێڕی زانای نووسەری هونەروەر بوو، دەیتوانی لە ژیانی پراکتیکی تایبەتی خۆی دا بەشی هەموویان بپارێزی و جێیان دیاری بکا.

### لەبەغدا لە ساڵی ١٩٦٧ەوە تا ساڵانی سەرەتای حەفتاکان:

ئەو ساڵەی بە یەکجاری لە رووسیاوە گەڕامەوە بەغدا (١٩٦٨) و لەزانستگای بەغدا بە مامۆستای ئەدەبی کوردی دامەزرام قاسملوو لە بەغدا بوو. بێ گومان خەریکی کارو باری سیاسی بوو لەگەڵ هاوڕێکانی و دەیانویست نێوەندی جموجۆلی حیزبایەتییان بگۆێزنەوە بەغدا. لەو ماوەیە دا بە تایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان دەوڵەتی مەرکەزیی عێراق و شۆڕشی کورد بە فەرماندەیی مەلا مستەفا بارزانی ڕێگە خۆشتر بوو بۆ کاروباری قاسملوو و هاوڕێکانی.

لەو ماوەیە دا وەکوو خۆیان دەیانوت ماڵی ئێمە لە گەڕەکی داوودیی مەنسوور لە بەغدا یەکێک بوو لە ماڵەکانی خۆیان، هاتنیان بۆ لای ئێمە حەفتانە بوو. لە هەموویان زیاتر قاسملوو خۆی هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد، ئیتر هێمنی شاعیر و عەبدوڵڵا حەسەن زادە و کەریمی حیسامی و هی تریان هەمیشە ئێمەیان بەسەر دەکردەوە.

## بەشی دووهەم

لەو ماوەیەدا بوو، قاسملوو دەیوت بۆ جاری دووەم نامەی دوکتورایەکەی لە بابەت کورد و کوردستانەوە - لەوە پێش لە شاری پراگ بۆ جاری یەکەم بە عەرەبی بڵاو کردبووەوە. لە بیرووت بڵاوی بکاتەوە. ئومێدی زۆری بەمن بوو ئەو کارەی بۆ بە ئەنجام بگەیەنم، بەتایبەتی لەنامەنووسین دا بۆ ئەو بڵاوەخانەی بێرووت کە کتێبەکەی چاپ دەکردەوە. بەڵام داخی گرانم کە کتێبەکەیان چاپ و بڵاو کردەوە. لە مەرجەکانی قاسملوو لایان دابوو، لەبەر ئەوە ناچار بوو بەیانێک لە ڕۆژنامەی(التاخی = برایەتی)ی بەغدا بڵاو بکاتەوە و ئەم چاپەی کتێبەکە بە هی خۆی نەزانێ.

لە نێوەی یەکەمی حەفتاکان دا هەرچەندە قاسملوو مەڵبەندی ژیانی لە بەغدا بوو، بەڵام گەشتی دەرەوەی زۆر بوو. لەو سەردەمە دا ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێکوپێکی بڵاو دەکرایەوە. دەنگێکی باشی هەبوو و سەرچاوەیەکی گرنگ بوو لە پڕاکتێکی دروستکردنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی.

ڕووداوەکانی بەهاری ١٩٧٤ و کشانەوەی شۆڕشی کوردستانی عێراق بۆ ناو شاخ و نوشوستییەکەی بەهاری ساڵی ١٩٧٥ کاری گەورەی کردە سەر دوا ڕۆژی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، بێگومان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتە قاسملوو هاوڕێکانی ئەوانیش تووشی چەرمەسەری بوون. جارێکی تریش هەندێکیان ڕوویان کردە زێدو مەڵبەندی خۆیان، هی تریش بۆ هەندەران، بەم شێوەیە جارێکی دیکەش لەگەڵ قاسملوو لە یەکتری دابڕاین،

ئیتر شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەستی پێکرد، من خانەنشین کرام و لە زانستگای بەغدا دوور خرامەوە (١٩٨١) ئێنجا رووم کردە وڵاتی جەزائیر و لەزانستگای عەننابە دامەزرام، قاسملووش خەریکی سیاسەت و حیزبایەتی بوو لە نێوان کوردستان و عێراق و ئێران و ئورووپا دەسووڕایەوە. باوەڕ ناکەم لەو ماوەیە دا ئەو منی لە بیر کردبێ، یا من ئەوم لە بیر کردبێ. بە نامە و ڕاسپاردە یەکترمان بەسەر دەکردەوە، وەفای بەرامبەر بەمن و بنەماڵە و خیزانمان بێ سنوور بوو، لە ساڵی ١٩٨٣ - ١٩٨٤ کە بەسەر هەولێر تێدەپەری و دەچوو ناو شاخ لە خێزان و ماڵی ئێمەی دەپرسی و بە خەڵکانی خۆی ڕادەگەیاند ئاگاداری منداڵەکانم بن لە هەولێر.

قاسملوو دۆستێکی باش بوو، ئاگاداری هەموو کاروبارێکی ورد و درشتی ژیان بوو، هەموو ڕووداوێکی پێوەندی بەخۆی و کەسوکاری و حیزب و هاوڕێ و برادەرانیەوە بوو، کاتی بۆ دەڕەخساند بیری لێ بکاتەوە و دەست بۆ هەموو جۆرە چاکە و کردەوەی باش درێژ بکا.

## لە ساڵی ١٩٨٦ لە پاریس

لە دوا ڕۆژانی مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٩٨٦ ئێوارێکیان ماڵاواییم لە کوردناسی فرەنسی جۆیس بڵاو کرد. بەناوی ئەوەی لە دوای دوو ڕۆژ دەگەڕێمەوە جەزائیر. شەوی پێش ئەو ڕۆژە قاسملوو گەیشتبووە پاریس و بیستبووی من لەوێم و لە پاش دوو ڕۆژی تر دەگەڕێمەوە. شەو تەلەفۆنم بۆ کرا بۆ نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی برادەرێکی خۆشەویستم دەمێکە منی نەدیوە لە ریستورانێکی چینی بەرامبەر کلیسەی نۆتردام چاوەنۆڕم دەبێ.

پێش بینینی هەستم کرد دەبێ ئەم برادەرە قاسملوو بێ، بەڕاستییش ئەو بوو. دانیشتن و کۆڕێکی لەبیرنەکراو بوو، بەدەم نانخواردنەوە نزیکەی سێ کاتژمێر دەمەتەقێ بوو. قاسملوو و قادریی هاوڕێی مەسئوولی ڕێکخراوی ئورووپایان لە گەڵ جۆیس بڵاو و کچێکی فەڕەنسی ڕۆژنامەنووسی کۆمۆنیست. بە قاسملووم وت: ئەم کچە جوانەت بۆ هێناوە، خۆ من فەڕەنسی نازانم وتی: بۆیە بانگم کردوە چونکە ئەو ڕووسی دەزانێ، من چۆن یەکێک بانگ دەکەم بۆ میوانداریی تۆ، زمانێک کۆتان نەکاتەوە.

لە ماوەی ئەو سێ کاتژمێرە دا بایی سێ ڕۆژ گفتوگۆمان کرد، یادگارێک بوو بە هیچ جۆرێ لە بیر ناچێتەوە. بەتایبەتی لەپاشانا کە قاسملوو و هاوڕێکانی بە دەستی چەپەڵی دوژمنانی کورد شەهید کران ئەو سێ کاتژمێرەی پاریس لەحوزووری عەبدولڕەحمان قاسملوو دواماڵئاوایی بوو و جارێکی تر چاومان بە یەکتری نەکەوتەوە.

قاسملوو گێتییەکی بێپایان بوو لە سۆز و کۆشش و جوامێری و نیشتمانپەروەری و ڕۆشنبیری و هەستی ناسکی شاعیرانەی گەلێ ڕەوشتی مرۆڤایەتی بە دەگمەن لە تاکە کەسێک کۆ دەبێتەوە.

قسە لەو بابەتەوە لای من زۆرە. گێتیی قاسملوو بەرز و فراوانە، جارێ با ئەمەندە بەس بێ تا کاتی خۆی.

* نەمری بۆ یادی شەهیدی کورد عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

# چەند وشەیەک بە داوێنی یادی پیرۆزی دوکتور قاسملووەوە



**محەممەدی مەلا کەریم**

ناسیاویم لە گەڵ نەمر دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو ئەگەڕێتەوە بۆ دووهەمین ساڵی شۆڕشی پیرۆزی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق. لە ئەنجامی ئەو ڕووداوە مەزنە، بەهۆی ئەو دەوارە ڕەش و سەنگینەی تیرۆری کوشتوبڕو زەبروزەنگی رژێمی کوودەتای خوێناویی شا - شواتزکۆف - زاهیدییەوە بەسەر سەرانسەری ئێران و گەلانی ئێران دا هەڵدرابوو، کۆمەڵێکی زۆر لە خەباتکارانی ئێرانی لە کورد و فارس و گەلانی تری ئێرانی ڕوویان کردە عێراقی ئازادی و دێموکراتی و شۆڕش. یەکێکیش لەوانە دوکتور قاسملوو بوو کە ئەو سەردەمە بەشبەحاڵی ئەوانەی ڕووبەڕوو نەیان ئەناسی، بە "عەبباسی ئەنوەری" ناوبانگی دەرکرد بوو.

عەبباسی ئەنوەری یا دوکتور قاسملوو، بە عێراق و کوردستانی عێراق نامۆو نائاشنا نەبوو. ئەو، ئەوەندی من پێ‌بزانم، یەک دوو ساڵ پێش شۆڕشیش لای کەمی جارێکی تر لەڕێگای قەلادزەوە هاتبووە کوردستانی عێراق و لەوێوە گەیەنرابووە بەغدا و لەوێشەوە دەرفەتی سەفەری بۆ دەرەوە بۆ رەخسێنرابوو. لەبەر ئەوە کە پاش شۆڕش گەڕابۆوە، کۆمەڵێ دۆست و برادەری کۆنی هەبوو و کۆمەڵێکی تریشی بۆ پەیدا بوو کە خۆشبەختانە بەندە یەکێکیان بووم.

من، دوکتور قاسملووم لە رێگای دۆستی دێرینم خوالێخۆشبوو کاک نەژادی ئەحمەدی عەزیزئاغا و برادەری خۆشەویستم دوکتور عیزەددەین مستەفا و نیشتمانپەروەی شەهیدی ئێرانی پەرویزی حیکمەتجووەوە ناسی، ئەو ماوە کەمەی پێش دەرپەڕاندنی دوکتور لە عێراق کە پێوەندیی دۆستایەتیم لە گەڵی هەبوو چەند جارێ رێ کەوتوە کۆبوونەوەی چەند دۆست

و برادەری هەر دووکمانی خستووەتە یەک و پیکەوە دانیشتووین لە زۆر بابەت دواوین کە زۆرتریان سیاسەت بووەو، منیش لەو گفتوگۆیانە دا چەردەیەک بەشداریم بووە.

لەو ماوەیەدا تازە بەشی کوردیی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا کرابووەوە. کۆمەڵێ پسپۆری ئەدەبیاتی کوردی وەک مامۆستا گۆران و مامۆستا عەلادین سەججادی و جگەر خوێن موحازەرەیان تیا ئەدا. دوکتور قاسملوویش موحازەرەی لە بابەتی ئابووری دا ئەدا. بە دەرکرانی دوکتور لە عێراق قوتابییەکانی لە مامۆستایەک بێبەش کران کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خوێندنا ئابووریی کوردستان، تێکڕای کوردستانی، بۆ لێک ئەدانەوەو، بەپێی بەرنامەیەکی زانستی یانە بابەتەکەی بۆ شی ئەکردنەوە.

دواجاری کۆبوونەوەی ئەو ماوەیەم لەگەڵ دوکتور لە ماڵی خۆیانا بوو و، بەبۆنەی بڕیاردانی دەرکردنی و خۆ ئامادەکردنیەوە بوو بۆ ڕۆیشتن و بەجێهێشتنی عێراق... هەر لەو دانیشتنە دا بوو ئەتلەسێکی گەورەی هەموو کیشوەر و وڵاتانی جیهانی دامێ کە لە گەڵ جیۆگرافیایەکی بەربڵاوی وڵاتانی جیهان دا بە رووسی لە مۆسکۆ لە چاپ دراوە. دوکتور خۆی لەو ئەتڵەسە دا پیشانی دام کە چۆن لە نەخشەی سروشتیی ڕۆژهەڵاتی نزیکی ئەو ئەتڵەسە دا لەسەر ناوچەی کوردستان ناوێکی "کوردستان"ی لێ نووسراوە، بەشێکی زۆری ناوچەکەی گرتووەتەوە. ئەتڵەسی باسکراوم، ئیستایش، وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ و یادگاری دۆستێکی ئازیزی خۆم هەڵگرتوە.

پاش ئەوە ئیتر هەتا پاش ڕێکەوتنەکەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ و بەیەک گەیشتنەوەی زۆر لەو دۆست و برادەرانەی بە هۆی بارودۆخی نالەباری ساڵانی پێشترەوە بەملاولادا بڵاوەیان کردبوو، دوکتورم نەدیبیەوە، ئەو جارە کە دوکتور هاتەوە عێراق تا ناوەڕاستی ١٩٧٤ و تازە بوونەوەی جەنگ لە کوردستان بەیناوبەین یەکتریمان ئەدی. لەم دەمەدا دوکتور ئەندامی کاڕای کۆڕی زانیاریی کورد بوو، لە وەزارەتی نەخشەکێشانی عێراقیش دا پسپۆڕ بوو. هەر لەو ماوەیە دا بوو چاپێکی دەسکاریکراوی عەرەبی و یەکێکی دیی کوردی کوردستانو کوردەکەی لە بێرووت و بەغدا بڵاو کرانەوە. ئەم کارە دەرفەتی ئەوەی بۆ خوێندەوارانی عەرەب و کورد ڕەخساند کە لە نزیکەوە دوکتور بناسن و بەرهەمی باشتریان لە زانستی دەسگیر بێ.

هەڵوێستی سیاسیی دوکتور و حیزبەکەی لەدوادوایی ئەم قۆناغەدا بە دوای وەستاندنی شەڕی براکوژی لە کوردستان و گەڕانەو بۆ سیاسەتی چارکردنی مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتییەوە، ئەو مەسەلەیەی گەیشتووە تەنگەلانێکی زۆر خەتەرناک. وەک پاشتریش بۆ هەموان روون بووەوە، هەڵویستی هیچ لایەک لەو لایەنانەی لەگەڵ مەسەلەی کورد

دانوستاندنیان هەبوو، نەگەیشتووەتە ئاستێکی دووربینانەی بڵند و باڵای وەک ئاستی ئەو هەڵوێستەی ئەوان وەریان گرت.

قۆناغێکی تری یەکتردیتنەوەمان لەگەڵ دوکتور پاش شۆڕشی دەست بەسەر داگیراو و بەئاکامنەگەیشتووی گەلانی ئێران بوو. پاش بەرەنگاری یەکتر بوونەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و ڕژێمی حوکمڕانی نوێی ئێران و لە ئەنجام دا داگیرکردنەوەی ناوچە لە کۆنترۆلی دەوڵەتدەرچووەکانی کوردستان کە دوکتورو حیزبەکەی ناچار بوون بنکەی خۆیان بگوێزنەوە بەری کوردستانی عێراق و، ئیدی دوکتور گەلێ جار سەری لەبەغدا ئەدا و بەندەیش گەلێ جار ئەچوومە سولەیمانیو دیداری دوکتورم چەند جارێ بە درێژی بۆ ڕەخسا. لەو دەرفەتەدا بوو و دوکتور نامیلکەیەکی، وەک بەشێک لە ئەدەبییاتی حیزب، بڵاو کردەوە : کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم و،بەشبەحاڵی جۆری بیرکردنەوەی بڕێکی زۆر لە سۆسیالیست و چەپڕەوەکانی ئەو ناوچەیە شتێکی نوێ بوو، هەروا بە ئاسانی بۆ هەموو کەس قووت نەئەچوو. ئەم نامیلکەیە نیشانەی ئاسۆیەکی بەڕاستی کراوەی دوکتورە کە دەمێساڵ بوو لای ئەو چەکەرەی کردبوو و سەری هەڵدابوو و ئەرک و مەینەتی زۆریشی لە ئورووپا لە ڕێگای ئەو ئاسۆبیرییە دا هاتە ڕێ. من دڵنیام ئەگەر دوکتور بە هۆی نیازپاکی و دەروونخاوێنیی خۆیەوە نەبووایە بە دوای ئەو پیلانەوە کە تێرۆریستەکانی ڕژێمی ئێران بۆیان نایەوە و تا ئەو ڕۆژە پڕگەردەلوولانەی ئەمڕۆ بمایایەتەوە، دەروێکی گەلێ دیاری لە دیاریکردنی چارەنووسی دوارۆژی گەلی کورد دا لە هەر پارچەیەکی کوردستان و بە تایبەتی لە کوردستانی ئێران و عێراقا ئەدی.

دوکتور قاسملوو سیاسەتمەدارێکی زاناو دیپلۆماتێکی هەڵکەوتوو بوو، شارەزای سیاسەتی جیهانی و هێڵی ڕەوتی بەرەو دوارۆژ بوو، بەڵام بەداخەوە لە کەفوکوڵی ئەو جۆشوخرۆشە دا کە شۆڕشی ئێران لە ئەنجامی تووڕەیی و کینەی ساڵەهای ساڵ پەنگخواردووەوەی دڵ و دەروونی جەماوەری گەلی ئێرانا کە دەرفەتی دووربینی و بیرکردنەوە و پەندوعیبرەتوەرگرتن لەڕووداوەکانی پێشووی ئێران خۆی و وڵاتانی دراوسێ بۆ هیچ کام لە پێشەنگە سیاسییەکانی ئەو جەماوەرە نەئەڕەخسا، لە توانایا نەبوو دەست بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانا بگرێ بە جۆرێکی بەڕێوەبەرێ لەو کەندو کۆسپانەی بپارێزێ. پاشان هاتنەڕێی و ئاکامەکەی ئەوە بوو بەهۆی دەستگرتنی تاقمێکی پاشکەوتووی بەعەقلی سەدەکانی ناوەڕاست بیرکردووەوە، بەسەر کوردستان و گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێرانا هات و زەبروزەنگ و کوشتوکوشتاری ئاشکراو نهێنی هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتی گرتەوە و، لەدرێژەکێشانی ئەو بارە نالەبارە دا، نەک هەر بزووتنەوەی گەل تێکشکا، بەڵکوو دوکتور خۆیشی و کۆمەڵێ لە سەرکردەکانی حیزبەکەی و سەدان لە هاوڕێیانی لەو گەرداوە دا سەریان تیا چوو، سەرەڕای ئەو زەرەروزیانە بێ شومارەیەش لە گەلی کورد و لە ئاوەدانی و سامانی کوردستان کەوت.

بەڵام لەگەڵ ئەمەیش گشتی، ڕێگای خەبات هەمیشە بەڕێبوارانی کوڵنەدەری هەر ئاوەدان بووە و کاروانی تێکۆشان قەت

## بەشی دووهەم

پاڵی لێ نەداوەتەوە و سڵی نەکردووەتەوە.ڕەوڕەوەی مێژوو هەمیشە هەر بۆ پێشەوە ڕۆیشتوە و ئەڕوا و هەموو بەڵگە و نیشانەیەکیش وا ئەگەیەنێ هەوری رەشی ئاسمانی کوردەواری لەڕەوینەوەدایە و، سەدەی دادێ مژدەی خۆشی بەمرازگەیشتن و وەدەست هێنانی ئازادی و دێموکراسی و هاوسانیی بۆ کوردیش پێیە.

**دەسا هەمیشە هەر بەرز و شەکاوە بێ ئالآی پیرۆزی قازی محەممەد و سەیف و سەردی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و دەیان و سەدان هاوڕێی بۆ کورد و کوردستان لە گیان بووردوویان!**

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

---

# چەند بیرەوەری دەربارەی دوکتور قاسملوو



**دوکتور مەحموود عوسمان**

لەبەر ئەوەی کە نزیکەی سێ دەیە پێوەندیی نێزیکم هەبوو، لە گەڵ شەهید د. قاسملوو دا و تا ڕادەیەک شارەزای بیروڕا و بۆچوونی بووم بە پێویستی ئەزانم بەبۆنەی تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر شەهیدکرانی دا زۆر بە کورتی ئاماژە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەم دەربارەی، کە زیاتر لایەنی جۆری بیرکردنەوەی و خەباتی ئەم تێکۆشەرە ناسراوەی گەلی کورد دەرئەخەن بۆ ئەوەی زیاتر ئەم کەسایەتی‌یە لە لایەن نەتەوەکەمانەوە بناسرێت:

١- شەهید تا ڕادەیەکی زۆر بیرکردنەوە و بۆچوونی ستراتیجیکیی هەبوو بۆ کێشەی کورد، دووربین بوو لە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنیان، لەبەر ئەوە بە ئاسۆیەکی فراوان تەماشای وەزعی کوردستانی ئەکرد و دوور بوو لە ڕەفتاری تەسکی حزبایەتی. بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٧٥ - ١٩٧٢ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە توندو تیژیی یەکجار زۆر هەبوو لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و بەغدا کۆسپ زیاد ئەبوون لەسەر ڕێگای جێبەجێکردنی بەیانی ئازاری ١٩٧٠، د. قاسملوو کە پێوەندی و ڕێزی هەبوو لەلای سۆڤیەتەکان و لای بەغدا و لایەنی تریش، تارادەیەک هەوڵی زۆری دا بۆ لابردنی کۆسپەکان و چەسپاندنی ئاشتی بە هاوکاریی ناوبژیکەرانی تر، لەگەڵ ئەوەش کە لە کوردستانی عێراق لەو کاتە دا حزبی دێموکرات وەزعی باش نەبوو... بەتایبەتی کە شۆڕشی ئەیلوول ڕۆژبەڕۆژ پەیوەندیی لە گەڵ تاران و پێویستی بە کۆمەکی ئێران زیاتر ئەبوو، لێرە دا دیارە د. قاسملوو پێی باش بوو ئەو سەرکردایەتی‌یە سەرکەویت و ئاشتی بچەسپێت لەم پارچەیەی کوردستان کە بۆ ئایندەی هەموو کوردستان هەنگاوێک ئەبوو بۆ پێشەوە، وە لێرەدا لە بەردەمی بەرژەوەندیی تەسکی حزبی خۆیان ئەوەستا.

## بەشی دووهەم

هەروەها دیمان کە پاش ئەوەی ئەم ئاشتیە نەچەسپا و شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆ بوو لە ساڵی ١٩٧٥، د. قاسملوو کە کاری هەبوو لەبەغدا و لەوێ ئەژیا و لەرووی سیاسییشەوە چالاکیی ئەکرد، بەپەلە هەنگاوی نا بۆ بەجێهێشتنی بەغدا و لەگەڵ زۆربەی سەرکردایەتیی دێموکڕات کە لەوێ بوون، چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی لەعێراق نە مێننەوە، نەوەک ڕژێمی بەغدا هەوڵ بدات سوودیان لێ وەربگرێت بۆ هەر جۆرە دژایەتییەکی کوردی عێراق کە لەو کاتە دا وەزعیان باش نەبوو پاش هەرەسهێنانی شۆڕش.

٢- ڕاستە کە حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبەر خەباتی چەکداری کە تووشی ببوو، پێوەندیی هەبوو لە گەڵ ڕژێمی عێراق بەڵام دوکتور قاسملوو... بەدرێژەی شەڕی ئێران (١٩٨٨ - ١٩٨٠) زۆر لای گرنگ بوو کە حزبی دێموکڕات تێکەڵاوی لەگەڵ هێزەکانی عێراق زۆر کەم بکاتەوە، نەوەک تووشی تێکەڵاوی و شەڕکردنی هاوکات یان هاویەش ببێ لە گەڵیان دژی هێزەکانی ئێران واتە هەستی ئەکرد کە پێوەندی لە گەڵ بەغدا ئەبێت و ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێت، بەڵام ئەبێت سنووری بۆ دابنرێت لە سەر حیسابی کوردی عێراق نەبێت.

٣- لەبەر ئەوە د. قاسملوو خاوەنتوانا بوو لە چالاکی سیاسی و دیپلۆماسی و چەند زمانێکی بیگانەی ئەزانی و لەدەرەوە خوێندبووی و ماوەیەک ژیابوو، شارەزایی لەوەزعی دەرەوە هەبوو، لەسەر ئاستی جیهانی پێوەندیی زۆر پەیدا کردبوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئورووپا و ڕێزی هەبوو بەتایبەتی لە لای حزبەکانی سۆسیال دێموکڕات. بەم پێیە پەیوەندیی لە گەڵ ڕێکخراوی جیهانی سوسیالیست ئەنترناسیونال زیاتر ببوو و دەوری هەبوو لە وەرگرتنی حزبی دێموکڕات وەکوو چاوەدێر لەو ڕێکخراوە دا. جگە لەوە دەورێکی گرنگی هەبوو لە بەستنی کۆنفرانسی جیهانیی گرنگی ١٩٨٩ لە پاریس لەسەر کەیسی کورد. ئەگەر چی خۆی فریا نەکەوت بە داخەوە تێیدا بەشدار بێت.

لە لایەکی ترەوە لە کاتێک دا دژی تێرۆرو بەکارهێنانی زۆر بوو و بڕوای وابوو کە هەموو کێشەیەک زیاتر دەبێت بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکرێت و بڕوای بە ڕێزلێنانی مافی مرۆڤ هەبوو و بەم پێیە لەسەر ئاستی دەرەوە زیاتر ناسرابوو، بەڵام کەپێویست ئەبوو دیمان لە کوردستانی ئێران و عێراق چۆن وەکوو پێشمەرگەیەک چەکی لە شان بوو لە گەڵ هێزەکانی حزبی دێموکڕات بۆ بەرگری لە مافی گەلی کورد دژی هێرشەکانی ڕژێمی داگیرکەری تاران لە گەڵ وەزعی ناخۆشی ناو شاخ و داخ گونجا بوو، واتە شەهید د. قاسملووم دیوە و ناسیوە وەکوو سەرکردەیەکی خاوەنتوانا و لێهاتوو لە دەرەوەو لە ناوەوە و لە زرووفی جیاواز دا، کە بەداخەوە لە کیسی کورد چوو و بەو شێوە پڕناسۆرە.

لەبەر ئەوەی کورد قەوارەی نیە و ئیعترافی پێنەکراوە و داگیرکەران هەمیشە دژی بوون و دەوڵەتە گەورەکان غەدریان

## بەشی دووهەم

لێکردوە، زۆر لە سەرکردە ناسراوەکانی کوردستان فێڵ و غەدری گەورەیان لێکراوە و زۆر شەهیدیش کراون، بەم پێیە وەکوو شێخ مەحموود حەفید، شێخ سەعید، سەید ڕەزا و ئیحسان نووری پاشا، سمکۆ و قازی محەممەدو بارزانی هەر بەم شێوەیەش خوێنی د. قاسملوو و هاوڕێکانی هەرزان کراو بە غەدر شەهید کران لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە و لە کاتی گفتوگۆی ئاشتی، پێش دەساڵ لە ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ لە شاری ڤیەننا و دیمان چۆن نەمسا کە وڵاتێکی ئەورووپییە بکوژەکانی بە ئەمینی ناردەوە تاران و هەموو یاساو سەرەتا و بناغەیەکی مرۆڤایەتیی خستە ژێر پێوە.

ئێستاش کە یادی ١٠ ساڵەی شەهید قاسملوو ئەکەینەوە ئەبینین کە هەمان فێڵ و غەدر لە گەڵ عبدالله ئۆجەلان کرا کە ئێستا لە ژێر مەترسیی لەسێدارەدانە لە تورکیا. واتە دژایەتیی کورد و دانەنان بەمافەکانی دا و غەدر لێکردنی لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیییەوە بەردەوامە.

**هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید دوکتور عبدالرحمن قاسملو و هەڤاڵ عبدالله قادری و فاضل رسول و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان.**

**سەرکەوتوو بێت خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی.**

لەندەن ٣١ - ٥ - ١٩٩٩

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

بەشی دووهەم

# قاسملوو زیندووە و هەرگیز نامرێ



**کارزان**

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ بەرامبەر بە سێزدەهەمی ژووئیەی ١٩٨٩ ڕووداوێکی خوێناوی و سامناک لە شەقامی ئیندیستراسی ڤییەن ڕووی دا کە دۆستان و ئۆگرانی گەلی کوردی لە سەرانسەری جیهان و هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە ماف و عەدالەت هەیە بە گشتی و گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانی بەتایبەتی هەژاند.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵا قادری نوێنەری حیزب لە ئورووپا و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ کوردی عێراق و دۆستی حیزبی دێموکڕات بە مەبەستی بەشداریکردن لە چاوپێکەوتن و "وتوویژ" لەگەڵ بەناو هەیئەتی نوێنەرایەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، چوونە ساختومانی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە.

دیپلۆمات - تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بریتی بوون لە سێ کەس بە ناوەکانی محەممەد جەعفەری سەحرارودی، حاجی مستەفەوی و ئەمیر مەنسووری بوزورگیان. ئەو سێ کەسە ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕەفسەنجانییەوە بۆ شەهیدکردنی ڕێبەری زانای حیزب و هاوڕێکانی لە تارانەوە ڕەوانە کرابوون و پاسپۆرتە "دیپلۆماتیک"ەکانیشیان لە لایەن وەزیری دەرەوەی ئەو کات ویلایەتییەوە ئیمزا کرابوون.

تا ئێستا لەسەر ئەو ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنە زۆر شت گوتراوە و نووسراوە، کەوا بوو هەرچی لەم بارەیەوە بگۆترێ،

ئەوپەڕەکەی دەتوانی پێداگرتنەوە و دووپاتکردنەوەی هێندێک لە ڕاستییەکانی بێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئیشارە بە چەند خاڵ بە باش دەزانین:

١- شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو ئەم ڕاستییەی بەڕوونی دەرخست کە کەسایەتییە گەورەکان تەنانەت بەمردنەکەشیان شوێنەواری زۆر گەورە لەسەر هاوڕەگەز و هاونیشتمانانی خۆیان دادەنێن. کەوابوو پێش هەموو شتێک بەرهەمی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بەهێزبوونی گیانی هاوپێوەندی و یەکیەتی لە نێو چین و توێژەکانی گەلی کورددا بوو، گەلێک کە هەم لە نێوخۆی کوردستان و هەم لە دەرەوە چ بە بەشداریکردن لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی دوکتور و هاوڕێکانی لە پاریس و چ بە ناردنی نامە و پەیامی سەرەخۆشیی بێئەژمار بۆ دەفتەرەکانی نوێنەرایەتیی حیزب و سەرەنجام چ بە پێکهێنانی مەجلیسی سەرەخۆشی و خۆپێشاندان (لە هەرکوێ ئیمکانی هەبوو) ڕێز و حورمەتی خۆیان بۆ ئەم گەورە پیاوە دەربڕی و بەمجۆرە هەنگاوێکی دیکەیان بە مەبەستی یەکیەتی و هاوپێوەندی هەڵێنایەوە.

٢- بەشداریی هەرەزۆری ڕێکخراوە و حیزبە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان (هەموو بەشەکانی کوردستان) و هەروەها نوێنەری زۆر حیزبی سیاسیی ئورووپا، بەتایبەتی حیزبە سۆسیالیستەکان، چەند وەزیری دەوڵەتی فەرانسە، لەوانە وەزیری نێوخۆ، وەزیری پەروەردەوفێرکردن، سکرتێری وەزارەتی دەرەوە و، هەروەها ڕۆژهەڵاتناسە بەناوبانگەکان و کەسایەتییە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانی فەرانسە نیشانەی وەڕێکەوتنی شەپۆلێکی گەورەی نەفرەت و بێزاری لە عامیلانی ئەو جینایەتە سامناکە بوو. دەنگدانەوەی ئەم شەپۆلە بەهۆی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان و چاپەمەنیی سەرانسەری جیهان زیاتر لەهەر دیاردەیەکی دیکە زۆرلێکراویی گەلی کوردی بۆ خەڵکی جیهان دەرخست. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە بەشێک لە خەڵکی جیهان تا پێش ئەم کردەوە جینایەتکارانەیەی وییەن یان هەر لە بنەڕەتڕا ئاگایان لە بوونی نەتەوەیەک بەناوی کورد نەبوو یان لێرەو لەوێ هێندێک شتیان لەو بارەیەوە بەرگوێ کەوتبوو کە ئەوەش بەهۆی تەبلیغاتی دوژمنانی کورد کاری نەدەکردە سەر بیروڕایان تا هاودەردی لە گەڵ گەلی ستەملێکراوی کورد بکەن، بەڵام شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و دەنگدانەوەی هەواڵی شەهیدبوونی لەرادەی جیهانی دا، هەستی دۆستایەتیی بەشێکی بەرین لە خەڵکی جیهانی بۆ لای خەباتی گەلەکەمان بەمەبەستی وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی وەجۆش هێنا.

٣- هەڵوێستی دەوڵەتی ئۆتریش لەبەرامبەر ئەو جینایەتە و بەڕێوەبەرانی دا، تەنانەت لە هەڵوێستی ئەو دەوڵەتە لاواز و بەکرێگیراوانە کە لە بەرامبەر دەوڵەتە گەورەکان دا مل بۆ ڕێژیمی کاپیتولاسیۆن ڕادەکێشن ترسنۆکانەتر بوو، چونکە لەم جۆرە پێوەندییانە دا ئەو تاوانبارانەی کە تاوانیان لێ ڕووداوە ئەگەر ئەو دەوڵەتانەش کە ملیان بۆ کاپیتولاسیون ڕاکێشاوە نەتوانن، لانی کەم دەوڵەتی خۆیان بە تاوانی جینایەت موحاکەمەیان دەکا.

بەدڵنیاییەوە، دەتوانین بڵێین هەر لەو کاتەوە کە مەئموورانی پۆلیسی گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، کاربەدەستانی قەزایی و زۆر بەرپرسی دیکەی بەڕێوەبەریی دەوڵەت هیچ شک و گومانێکیان لەوە دا نەبوو کە ئەو جینایەتە ساماناکە لەلایەن کەسانێکەوە رووی داوە کە لە ژێر ناوی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی دا هاتوونەتە ئەم وڵاتە. بەڵام بە دوور لە چاوەڕوانی و بەپێچەوانەی هەموو ڕێوشوێن و پێوانە قانوونییەکان، دەوڵەتی ئۆتریش- کاربەدەستانی قەزاییش بە پێڕەوی لە دەوڵەت - نەک هەر بچووکترین هەنگاوی قانوونییان لە دژی جینایەتکاران هەڵنەهێنایەوە بەڵکوو حاجی مستەفەوییان بە ڕێز و حورمەتەوە تا فرۆکەخانە بەڕێ کرد تا سەرکەوتووانە! بگەڕێتەوە ئێران؛ "بزرگیان" یشیان پاش ٢٤ سەعات ئازاد کرد تا لە سەفارەتی ڕێژیم لە وییەن داڵدە بدرێ و سێهەم کەسیش واتە سەحراڕوودی پاش ئەوەی لە نەخۆشخانە هاتە دەر بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە!! تا فرۆکەخانەیان بەڕێ کرد.

لێرە دا دەبێ بگوترێ ئەگەر بەشێک لەخەڵکی ئەم جیهانە بە هۆی نەداری و دەستکورتی و نەخۆشیی جۆراوجۆر و بێبەشی لە زۆر ئیمکاناتی ژیان مەینەت دەچێژن ڕۆژانە چەندین هەزار کەس - ڕەنگە دەیان هەزار کەس- بەهۆی برسیەتییەوە، گیانی خۆیان لە دەست دەدەن؛ ئەگەر لەزۆر وڵاتان دا، بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم خەڵک لەژێر زوڵم و ستەمی حکوومەتە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکان دا دەناڵێنن و لەحکوومەتە سەرەڕۆ و ستەمکارەکان وەزاڵە هاتوون؛ دەوڵەتەکانی وەک ئۆتریشیش دیلی دەستی قازانجە ئابوورییەکانن کە لە ڕێگای پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دیکەوە، وەدەستیان دێنن، ئەم جۆرە دەوڵەتانە بە جۆرێک دیل و کۆیلەی ئەم جۆرە قازانجانەن کە لە بەرامبەر ڕووداوی وەک ئەو ڕووداوەی سێزدەی ژووئیەی ١٩٨٩ی وییەن دا ئامادەن هەموو قانوونەکانی ئەو وڵاتە و پێوانەکانی مافی مرۆڤ و ڕێوشوێنی زاڵ بەسەر پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی دا بخەنە ژێر پێ نەوەکوو قازانجەکانیان بکەوێتە مەترسییەوە! لە ڕوانگەی ئەم جۆرە دەوڵەتانەوە مەسەلەی وەک دێموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ ئەو کاتە شایانی ئیعتیبار و گرنگیپێدانن کە لەگەڵ قازانجە ئابوورییەکانیان یەک بگرنەوە و زەرەریان پێنەگا، ئەگینا پووشێک نایەنن.

سەبارەت بەم ڕاستییانەیە کە هەنگاوی دەزگای قەزایی ئەڵمان لەپێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی دادگای میکونووسدا گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، ئەگەر لێبڕاویی بێئەملاوئەولای دادستان، قازییەکان و سەرۆکی دادگای بێڕلین لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بڕیارە مێژووییەیە دا کە لەسەر پەروەندەی میکونووسیان دەرکرد، لە ڕوانگەی هەموو ئەو کەسانەوە کە ئۆگری حەق و عەداڵەتن وەک نموونەیەک لە حەقخوازی و عەداڵەتپەروەری بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، هەڵویستی سازشکارانەو قانوونشکێنانەی دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئۆتریشیش وەک نموونەیەک لە ناحەقی و بێعەداڵەتی، بەتایبەتی لە ویژدانی میللەتی کورد دا هیچ کات لە بیر ناچێتەوە و ئەوە زامێکە کە کەوتۆتە سەر دڵی یەکیەکی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە و هەموو جارێ لە گەڵ وەبیرهێنانەوەی دوکتور قاسملوو دا تەشەنە دەکاتەوە. یاد و بیرەوەریی دوکتور

## بەشی دووهەم

**قاسملوو بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە بیر ناچێتەوە، چونکە ئەو نەمردوە و هەرگیز نامری.**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ۲۷۲ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ۱۳۷۸ = ۱۳ی جوولای ۱۹۹۹**

# شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئاڵای ئازادیخوازی بوو



**دوکتور موکەڕڕەم تاڵەبانی**

دەمێک بوو دوکتور قاسملووم وەکوو خەباتکەرێکی کورد دەناسی، بەڵام کە لەهشتاکان دا بۆ ناوبژیکردن لەنێوان حکوومەتی عێراق و پارتە نیشتمانییەکان و بەتایبەت پارتە کوردستانی یەکان (یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق) بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ئاشتی بۆ چارەکردنی کێشەی کوردی کوردستانی خواروو، چەند جارێک لە بەغدا لەگەڵ شەهید د . قاسملوو یەکترمان بینی هەر دووک لەو بڕوایەدا بووین کە دەبێت کێشەی کورد بە جۆرێکی ئاشتییانە چارە بکرێت، هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان دا دەبووە هۆی دەرد و ئەشکەنجەیەکی زۆری میللەتی کورد و، تەنها سوودی بۆ دوژمنانی کورد و عەرەب بوو.

ئەم ئاڵایە کە قاسملوو و شەرەفکەندی و د. فوئاد هەڵیان کردوە، ئەگەر ئازادیخوازێکی عەجەم یان تورک یان عەرەبیش هەڵیکەن، تووشی هەمـــــان تاوان دەبن. ئایا د. قاسملوو و شەرەفکەندی هەر لەبەر ئەوەی کورد بوون شەهید کران؟ (ئۆجەلان) هەر لەبەر کوردایەتی دەبێت لەسێدارە بدرێت؟، ئایا بەندیخانەکان تەنها ئازادیخوازانی کوردیان تێدایە؟ ئەو بیروباوەڕە کە قاسملوو و شەرەفکەندیو (اوج ئالان) هەیانە، گەر ئەمانە عەجەم و تورکیش بوونایە، کۆنەپەرستان و نەژادپەرەستان بەو بارتەیان دەبردن.

... د. قاسملوو دۆستێکی میللەتانی ئێران بوو، چونکە داوای چارەکردنی کێشەی میللەتی کوردی ئێرانی دەکرد. ئەوەیش لە

## بەشی دووهەم


قازانجی میللەتانی ئێراندایە. چونکە خەباتی ئەو میللەتانە دژی ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستان بەهێزتر دەکات. ئەوانەی بەرهەلستیی مافی ڕەوای میللەتی کورد دەکەن، ئامادەن دەست لەقازانجی وڵات بۆ ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستان هەڵگرن، بە مەرجێک مافی ڕەوای میللەتی کورد نەدەن.

ئەوەی لە شەهید د. قاسملوو دا هەست دەکرا، جیاوازیی لە نێوان مافی میللەتی کورد لە کوردستانی دابەشکراو دا نەدەکرد. لەو بڕوایەدا بوو کە چارەکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق دا، چارەی کێشەی بەشێکی میللەتی کوردە و ڕێگا بۆ چارەکردنی کێشەی بەشەکانی تری کوردستان خۆش دەکات. لەبەر ئەوە زۆر بە جەخت بۆ چارە کردنی کێشەی کوردی عێراق تێدەکۆشا و هاوکاریی لە گەڵ دەکردم.

سڵاو بۆ یادی شەهیدبوونی ئەو تێکۆشەرە ئازادیخوازەی میللەتی کورد. ئەو ئاڵایەی کە ئازادیخوازان لە سەرانسەری جیهان دا هەڵیان کرد، لە سەرانسەری کوردستانیش دا دەشەکێتەوە. تەماشای هەر کونجێکی وێژدانم دەکەم، شێوەی شەهید قاسملووی تێدا دەبینم.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جووڵای ١٩٩٩

# شەهید قاسملوو



مسعود محمد

لە گۆشەی پەنهان و پەسیوی نادیاری گەلانی جیهانی بەدبەخت و لێقەوماوان، لە ئاکامی ستەم و بێدادی بەردەوام دا دەرفەتێک دەڕەخسێت بۆ وەدەرنانی گوشاری پەنگخواردووی دێرزەمانەوە، لێرە و لەوێ، پرووشک و پۆلوو و بڵێسە رادەخزن وەک شیهابی هەمەڕەنگ و هەمەسەنگ ڕاوی عیفریت و شەیتانان دەنێن تا دوا ترووسکەی گیانەڵای شەهیدی ! چ بەخشێنیک نییە بگاتە شەرەفی خۆبەختکردن لە پێناو ئازادی و سەرفرازیی نژادی پێشێلکراو تا ئەگەر قوربانیی‌یەک هەبایە بچێتە تای تەرازووی سەنگاندن بەرانبەر ئەو تۆقەڵانەی شەهادەت دەبێ بە دوا موستەحیلا بگەڕێین.

شەهید قاسملوو یەکێک لەو نرخدارانەی دوژمن پێیانەوە خەریکە (بۆ) لە ناو بردنیان دەگەڕێت و شوێن‌پێیان هەڵدەگرێتەوە و بە زەڕەبین و دووربین و نزیک بین دەیانخاتە مەودای گوللە و بۆمب... لێرە، لەوێ لەهەموو شوێنێک؛ ئینجا ئەگەر شەرەفدارێکی لە خۆبووردوو بە تەقەی ڕێکەوت بوو بەشەهید، قاسملوو شەرەفی شەهادەت بە شوێنیەوە گوڵاوپرژێنی هەموو مەودای عومری تێپەڕیوی کردوە، قاسملوو و هاوتاکانی، هەر یەکەیان زاوای نەمری بووکی وەک خاتووزینێکن کە داستانی سەدان ساڵی کوردەواری ئاگر بە جەرگی گوێگرەوە دەنێ.

## بەشی دووهەم

قاسملوو چێهرەیەکی درەخشانە ڕووەو بەیان و خۆر بەرەو ئومێدی روونبین چەندێکی ئەو مرۆیەم پتر ناسیبیت قووڵتر چۆتە هەست و نەستمەوە، دڵنیاتر هۆش و زمانی گێراوە لە بابەتی وتووێژ...

من ئاگاداری ڕابردووی ژیانی و چەندوچۆنی خانەوادەی نیم کە دەزانم رەگی و رەگەزی قووڵ و کۆنە لە نژاد و کوردستانپەرەستی بێ ئەوەی پیت لەسەر پیت دابنێم: مەودای برایەتیمان و هاوبەشیی ئەو لە ئەندامەتیی کارای کۆڕی زانیاریی کورد سەر لەبەری خەبات و چالاکی و ئەدەب و زانست و ئاکاری شەقڵی خۆیان لە لێکۆلینەوە و وتوویژی کۆمەڵەی ئەندامانی کۆڕ چەسپ کرد. لەوە بە دواتر قاسملوو بۆم بوو بە برای حجرانە؛ لە دانیشتنێکی شەوانە پیاوێکی فەرەنسی میوانمان بوو. قاسملوو بە ڕەهایی و بە نوکتە و فنونی وشە ئارایی و چی لە هەناوی ئەدیب و زانا و هونەروەرێک بڕسکێت بەو میوانەی گەیاند. گوتم: لە زمانی منەوە بەو میوانە بڵێن: قاسملوو لە کوردییش وەها رەوانە ها!

راپەرموونم بە قاسملوو بێمەرایی، لە پلەیەک دا بوو پلەی دیکەی بە دواوە دا نەدەهات. لەو رووەوە کە دڵنیا بووم دەیتوانی بە چەند زمانێک لەسیاسەت و ئەدەب و زانست و هونەر و... تا دەگاتە نوکتەی رۆشنبیرانە مەجلیس ئارایی بکات و زاخاوی مێشکی گوی دێران بدات.

کاتێک لە گەڕانەوەم بەرەو کوردستانی عێراق ، لە ورمێوە، ساڵی رەوی دوو ملیۆنی، چەندی گوزەرم بە روانگەی دێی قاسملووەی خایاند دوو فرمێسکی حەسرەت لە چاوانم قەتیس مان تا لە نەدیوی ئەو هەرێمە بۆ سەر خاک هەڵوەرێن.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

## بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکیی سیاسیی قاسملوویە



**مێهدی خانبابا تیهرانی**

بەبڕوای من بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی، قەرزداری زانایی و زیرەکیی سیاسیی قاسملوویە. ئەو پاش تەواوکردنی خوێندنی زانستگە لە پاریس، ساڵانێکی زۆر لە چێکوسلۆواکی ژیاوە و پاش هاتنی میوانە نەخوازراوەکانی شووڕەوی بۆ ئەوێ، ساڵی ١٩٦٨ ناچار بوو ئەو وڵاتە بە جێ بێڵێ . قاسملوو لە گەڵ مەسەلەکانی پێوەندیدار بە وڵاتانی ئورووپایی ئاشنایە و ئاگای لە بارودۆخ و سیاسەتی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشە. ئینسانێکی دنیادیتوویە و لەڕاستیدا ئەزموونی دەوڵەمەندی ئەو، یارمەتیی زۆری بە گەشەکردنی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردوە.

بەڕاستی دەتوانم بڵێم کە قاسملوو یەکێک لە لێوەشاوەترین سیاسەتمەدارانی ئێرانە. ئەوەی لە کاتی مانەوەم لە کوردستان دا، شوێنی لەسەر دانام، ئەوە بوو کە دەمدی لە پێوەندیی ئینسانیی نێوان ڕێبەران و کەسانی سادە و پێشمەرگەکانی حیزب دا هیچ فەرق و جیاوازیيەک نیە. پێشمەرگەکان بە ڕۆژ دەچوونە عەمەلیاتی نیزامی و شەوانە لەدەوری یەک کۆ دەبوونەوە و بە ساز و گۆرانی هەڵ دەپەڕین و شادیيان دەکرد. قاسملوو دەیگوت: "شۆڕش خەمخواردنی ناوێ ئینسان شۆڕشی بۆ شەهیدبوون ناوێ، شەهیدبوون هەر لەجێ دا ئامانج نیە، ئینسان دەبێ هەوڵ بدا تا لەمەیدانی خەبات دا بیر لە ژیان بکاتەوە. ئەگەر شەهیدیش بوو، ئەوە شتێکە لەخەبات دا دێتە پێش، بەڵام مەبەست لە هەوڵ و تێکۆشانی ئینسان، ژیانێکی باشترە و هەمیشە دەبێ بیر لە ژیان بکرێتەوە."

## بەشی دووهەم

دەمەوێ بڵێم ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە، ئەو (قاسملوو) بردیە نێو بزووتنەوەی کوردستان بیرکردنەوەیەکی نوێ کە بەسەرنجدان بە دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان، گرنگییەکی دووقاتی هەیە. لایەنی دیکەی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە، پێکهاتنی دەرەتان بۆ لەگەڵیەک بەرەورووبوونەوەی ئازادانەی بیرو بۆچوون و ڕوانگەکانە کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هەیە و نەک هەر بوونی موخالیفان تەحەممول دەکرێ، بەڵکوو هەر کەس دەتوانێ بە ئازادی بۆچوون و بیروڕای خۆی دەربڕێ، بەبڕوای من ئەوە لەو دەسکەوتانەیە کە قاسملوو لە پێکهێنانیان دا نەخشی زۆر بەرچاوی هەبووە. گرتنەپێشی ئەم سیاسەتە بوو بەهۆی ئەوە کە حیزبی دێموکرات نەبێتە دیلی سیاسەتە سوننەتییەکان. ئەو سیاسەتانەی کەپەیڕەوی لە یەک ئۆلگۆی تایبەتی دەکەن و یان لەڕوانگەی ئۆلگوویەکی دیاریکراوەوە دەڕواننە شۆڕش و سەرکەوتنی خۆیان لە گرەوی پشتیوانیی دەسەڵاتێکی خاریجی دا دەبینن.

کتێبی: (نگاهی از درون به جنبش چپ ایران)

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - ڕێکەوتی: پووشپەڕی ١٣٧٨ = ١٣ی جوولای ١٩٩٩

---

**تێبینی:** هەموو ئەم بابەتانە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢

لە لایەن ڕەحمان نەقشی دووبارە تایپ کراونەتەوە

---

## سێ کاندیدی سەرۆک کۆماریی ئێران دەستیان لە تیرۆری قاسملودا هەبووە



**گویا نیوز**

سایتی گویانیوز لە راپۆرتێکدا قسەکانی کەسێکی بە ناوی (D) بڵاو کردەوە کە هاوڕێیەکی بە ناوی ناسر تەقیپور (ئەنجامدەری تیرۆری دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو)، پێش ئەوەی بکوژرێ باسی لە چۆنیەتیی ئەو کردەوەیە کردوە، ئەوەی خوارەوە دەقی راپۆرتەکەیە : "بەنی سەدر" سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران لەگەڵ شایەدحاڵێکی تازەی کوشتارەکەی ڤیینا بە ناوی (D) کە بووە هۆی کوژرانی دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو سەرۆکی پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستان و عەبدوڵلا قادری و فازیل رەسووڵ، گفتوگۆیەکی سازداوە. کە لەو گفتوگۆیەدا رۆڵی سێ کەس لە کاندیدەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئێران ئاشکرا بووە.

لەو راپۆرتەدا رۆڵی رەفسەنجانی، حەمید ئەحمەدی نەژاد و موحسین رەزایی لە تیرۆری دکتۆر قاسملوو، قادری و فازیل رەسووڵ و هەروەها دکتۆر کەسرا وەفاداری کە لە ١٨ی ئەم مانگەدا کوژرا، لە زمانی کەسێکەوە کە تیرۆرەکانی ئەنجام داوە، ئاشکرا دەکرێت.

بە گوێرەی ئەو راپۆرتە، فەرمانی ئەو کارە لەلایەن خامنەیی و لەرێگەی هاشمی رەفسەنجانیەوە دراوەتە موحسین رەزایی و ئەویش داویەتی بە فەرماندەی سوپای قودس و تیمەکانی گفتوگۆ لەگەڵ قاسملوو. ئەو کەسەی بەرپرسی ئەو تیرۆرەیە ناوی ناسر تەقیپورە، ئەو کەسێکە کە لەگەڵ عەسکەری، راسپێردراوی کوشتنی قاسملوو و فازیل رەسووڵ و عەبدوڵلا قادری بوون. تەقیپور پێش ئەوەی بکوژرێ، زانیبووی کە دەیانەوێ لەناوی بەرن هەر بۆیەش مەسەلەکەی بۆ هاوڕێیەکی خۆی باس دەکا و پێی دەڵێ ئەگەر بەساغی گەڕامەوە، ئەوا ئەوانە لە بیر بەرنەوە و ئەگەریش کوژرام بڵاوی بکەنەوە. لەکۆتایی

زستانی ئەمساڵدا هاوڕێیەکەی کە لە ئێران رایکردبوو، چووە لای بەنیسەدر و تەواوی مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە.

پێش ئەوەی کە باس لە هەوڵەکانی بەنیسەدر سەبارەت بەو مەسەلەیە بکرێت، هەندێک سەبارەت بە چۆنیەتی ئەو کردەوەیە لە زمانی (D)یەوە دەکرێ،

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢، یەکێک لە ئەفسەرەکانی سوپای پاسداران، بە ناوی ناسر تەقیپور، هەندێک زانیاریی دایە من و داوای لێ کردم ئەگەر هەر ڕووداوێک بۆ ئەو رووبدات، ئەو مەسەلەیە بڵاو بکەمەوە و هۆکاری ئەو کردەوەیەی وەها بۆ من روون کردەوە: "رەنگە من بە دەستی هێزەکانی سوپای قودس - ئەو بۆخۆی یەکێک لە ئەفسەرە پلەبەرزەکانی ئەو سوپایە بوو - بە هۆی ئەو ناکۆکی‌یەی کە لەگەڵ فەرماندەی سوپا هەمە، بە مەبەستی پاراستنی نهێنی‌یە ئەمنی‌یەکانی نیزام، لەناو بچم". قسەکەی ئەو راست دەرچوو، چونکە پاش ماوەیەک لە کاتی مەلەکردنی لە رووباری کارووندا کوژرا. ئەندامی دیکەی تیمەکە (عەسکەری)یش ساڵی ٢٠٠٤ لە کاتی چوونی بۆ شوێنی کارەکەی گوللەی بەر کەوت و کوژرا و گوتیان پاسەوانەکە هەڵەی کردوە و لێی داوە. تا ئێستا نەمتوانیوە ئەو زانیاری‌یانە بڵاو بکەمەوە، بەڵام ئێستا ئەوان بەم شێوەیە و لە زاری تەقیپورەوە بڵاو دەکەمەوە:

*"ساڵی ١٩٨٩، لە لایەن هاشمیی رەفسەنجانی سەرۆککۆماری ئەو کاتەوە، راسپاردەیەک خرایە سەر ئەستۆی سوپای قودس، چونکە کردەوەکانی دەرەوەی سنوور لەسەر شانی سوپای قودس بوون. فەرمانی کوشتنەکان لە لایەن رابەرەوە دەدرایە سەرۆککۆمار، تەنانەت پێش ئەوەی رەفسەنجانی ببێتە سەرۆککۆمار، بە هۆی ئەوەی جێگری سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو، راسپاردەکان لە لایەن ئەوەوە دەردەکران. هەر راسپاردنێک لە لایەن فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانەوە دەگەیشتە فەرماندەی سوپای قودس".

ئەو راسپاردەیە لە ناوبردنی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بە هۆی ئەوەی بۆ رابەرایەتیی ئێران مەترسی‌یان هەبوو.

*"دارێژەری ئەو کردەوەیە، یەکێک لە ئەندامە بەرزەکانی سوپای قودس بە ناوی حاجی غەفور بوو. ئەو ئێستا بەرپرسی حەراسەت (دەزگای هەواڵگری کە سەربە وەزارەتی ئیتیلاعاتە و لە هەموو دامودەزگایەکاندا بەشێک بەو ناوە هەیە)ە. بە پێی پلانەکان، ئەو کردەوەیە دەبوایە لە دوو قۆناغدا بە ئەنجام بگات و بە ئەنجامیش گەیشت. لە قۆناغی یەکەمدا پێشنیازی گفتوگۆ و گەیشتن بە ئەنجامێک لەسەر مەسەلەی کورد، لەگەڵ دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو سەرۆکی حیزبی

دیموکرات دەکرا، لەو قۆناغەدا دەبوایە ڕێککەوتنێک بکرێت . لە قۆناغی دووەمدا، چەند مانگ دواتر دەبوایە گفتوگۆکانی کۆتایی ئەنجام بدرێن و ڕێککەوتنەکە ئیمزا کرابا. تیرۆری سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبوایە لەو قۆناغەدا بە ئەنجام بگات. بۆچی پلانەکە لە دوو قۆناغدا بوو؟ چونکە دەبوایە دەوڵەت وەک ئاشتیخواز و داواکاری چارەسەرکردنی کێشەکان نیشان بدرێت و ئەو کەسانەی دژایەتیی چارەسەری کێشەی کوردستان بوون،وەک تاوانبار دەناساند".

※ (D) لە درێژەدا دەڵێ: بۆ ئەو کارە سێ تیم پێکهێنران:

١- تیمی گفتوگۆکان کە حاجی غەفور بە ناوی نهێنی ئەمیر مەنسور بوزورگیان، ئەندام و بەرپرسی پەیوەندی لەگەڵ دوو تیمەکەی دیکە بوو.

٢- دوو تیمی تیرۆر، یەکێکیان پێکهاتبوو لە ناسر تەقیپور و ئەوی دیکەش بەرپرسەکەی حەمید ئەحمەدینەژاد بوو. پەیوەندیی تیمی یەکەم بە باڵیۆزخانەی ئێران لە نەمسادا لە ڕێگەی ئەحمەدی نەژادەوە بوو و ئەو چەکەکانی لە باڵیۆزخانە وەرگرتو دانیە دوو ئەندامەکەی دیکەی تیمی تیرۆر هەر وەک پلانەکە، گفتوگۆی یەکەم لە ڕۆژەکانی ٢٨ و ٣٠ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا ئەنجام دران، ٧ی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٩ دیسان لە ڤییەنا ئەنجام دران.

ناسر تەقیپور و عەسکەری هەفتەیەک پێش ڕێکەوتی گفتوگۆکان، لە ڕێگەی ئیماراتی عەرەبییەوە بە پاسپۆرتی ئەوروپی، چوونە نەمسا. باڵیۆزخانەی ئێرانیش لە ڕێگەی ئەحمەدینەژادەوە چەک و پێداویستییەکانی دیکەی بەوان گەیاند. حاجی غەفووریش زانیاریی دەربارەی شوێن و کاتی کۆبوونەوەکە دایە ئەوان.

※ (D) لە درێژەدا لە زاری تەقیپوورەوە دەڵێ: شاندی کوردی چەند جار شوێن و کاتی کۆبوونەوەکەی گۆڕی، ئەو کارەشیان هەندێک کێشەی دروست کرد. تیمی تیرۆر داوای لە شاندی گفتوگۆ کرد تا دەتوانن کاتی کۆبوونەوەکە درێژتر بکەن تا هەلێکی باشیان وەدەست بکەوێ. ئەو هەلە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ وەدەست کەوت. یەکێک لە ئەندامانی شاندی گفتوگۆ بە ناوی موستەفەوی دەرگای بە کراوەیی هێشتەوە و من و عەسکەری بێ هیچ کێشەیەک چووینە شوێنی گفتوگۆکان و بەرەو سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قاسملو و قادری و کەسی سێیەم بە ناوی فازیل (خەڵکی باشووری کوردستان و مامۆستای زانکۆ لە ڤییەنا بوو) و گوللەبارانمان کردن. قاسملوو تەنانەت نەیتوانی لەسەر کورسییەکەی هەستێت و دوو

کەسەکەی دیکەش دەستبەجێ کوژران.

بە هۆی تاریکبوونی شوێنی گفتوگۆکان، جەعفەری شاهروودی (ئەندامی تیمی گفتوگۆکان و لە فەرماندەکانی سوپا)ش بریندار بوو. من و عەسکەری خێرا ئەوێمان بەجێ هێشت و لە نەمسا چووینە دەرەوە. جەعفەری شاهرووديیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە و دوای ٢٤ سەعات و پاش هەوڵەکانی باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئازاد کرا و چووە باڵیۆزخانە لەوێ مایەوە و دوای ماوەیەک هاتەوە ئێران.

تەقیپوور دەربارەی ئامادەکارییەکانی ئەو کردەوەیە گوتبووی: لە کۆبوونەوەکانی تاراندا و پێش چوونمان بۆ نەمسا، حاجی غەفوور باسی لەچۆنیەتیی کاری سێ تیمەکە دەکرد.

ئەحمەدینەژاد ئەو کێشانەی کە ڕەنگ بوو بێنە پێشەوەی دەخستە روو و حاجی غەفووریش وەڵامی دەدایەوە. لە کۆتاییدا حاجی غەفوور گوتی:

"هەموو شتێک جێبەجێ کراوە، لە نەمساش هیچ کێشەیەکمان بۆ نایەتە پێشەوە. دەچین و کارەکەمان ئەنجام دەدین و هیچ شتێک روو نادات". لە راستیدا لە هەندێک شوێن، دەوڵەتی نەمسا بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، هاوکاریی گواستنەوەی شاندەکانی بۆ ئێران کرد و پۆلیسیش لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی نەکرد.

جگە لەو کارە تیرۆریستییە، ناسر تەقیپوور کاری دانانەوەی بۆمب لە دوکانی فازیلی لە لەندەنیشی ئەنجام داوە. مەبەست لەو کارە کوشتنی فازیلی بوو، بەڵام لەجیاتی ئەو، کوڕەکەی بەرکەوت.

حاجی غەفوور لە هێنانی تەکنۆلۆژیای ناوکی لە وڵاتانی تازەسەربەخۆی ئاسیاوە بۆ ئێران، وەک قەزاقستان رۆڵێکی کاریگەری هەبووە.

ئەو راپۆرتە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و دراوەتە دکتۆر پیتەر پێڵتزی ئەندامی پەرلەمانی نەمسا و لە سەرکردەکانی حیزبی سەوزەکان. دکتۆر پێڵتز کەسێکە کە لە کاتی تیرۆرەکانی ڤییەناوە بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون. هەروەها ئەو ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی پەرلەمانی نەمسایە.

دکتۆر پێلتز داوای کرد تا ئه‌و کاته‌ی هیچ هه‌وڵێکی ره‌سمی ئه‌نجام نه‌دراوه ئه‌و زانیاری‌یانه له زاری شایه‌ده‌که‌وه ئاشکرا نه‌کرێت، هه‌م به هۆی پاراستنی گیانی و هه‌میش بۆ ئه‌وه‌ی ئێران هیچ هه‌وڵێکی پێشگیری ئه‌نجام نه‌دات، هه‌ر بۆیه‌ش وێڕای گرووپێکی ته‌له‌ڤزیۆنی، رۆژی هه‌ینی ٢٠ی ئه‌م مانگه چووه فه‌ره‌نسا و له شوێنی دانیشتنی به‌نی‌سه‌در، له‌گه‌ڵ ئه‌و شایه‌دحاڵه به ماوه‌ی دوو سه‌عات قسه‌یان کرد. پێلتز وه‌ڵامه‌کانی له‌گه‌ڵ ئه‌و لێکۆڵینه‌وانه‌ی له نه‌مسا ئه‌نجام دراون، لێکده‌دایه‌وه. له ئه‌نجامدا گوتی ئه‌و قسانه زۆر شتی نادیاریان بۆ روون کردینه‌وه و ئێستا ده‌زانین پلانی ئه‌و تیرۆرانه چۆن داڕێژراوه و ئێران و نه‌مسا چی‌یان کردوه.

ئه‌و گرووپه ته‌له‌ڤزیۆنی‌یه فیلمێکیان له گفتوگۆکانی دکتۆر پێلتز و به‌نی‌سه‌در دروست کرد و گفتوگۆیه‌کیان له‌گه‌ڵ به‌نی‌سه‌در ئه‌نجام دا که شه‌وی ٢٣ی ئه‌م مانگه له نه‌مسا بڵاو کرایه‌وه.

هه‌روه‌ها دکتۆر پێلتز ٢٣ی ئه‌م مانگه کۆنگره‌یه‌کی رۆژنامه‌نووسیی سازدا و گوتی: "هه‌ر کارێک بتوانم ده‌یکه‌م تا رێوشوێنی یاسایی بۆ ئه‌نجامده‌رانی ئه‌و کارانه بگیرێته به‌ر".

ئه‌و شایه‌دحاڵی تازه‌ی به (شایه‌دی D) ناو برد و له زاری ناسر ته‌قیپووره‌وه گوتی: "فه‌رمانی ئه‌و کاره له لایه‌ن ره‌فسه‌نجانی و موحسینی ره‌زایی‌یه‌وه دراوه و ئه‌حمه‌دی‌نه‌ژادیش تیمی دووه‌می تیرۆری پێکهێناوه. ئه‌و زانیاری‌یانه‌م داوه‌ته یه‌کیه‌تیی ئه‌ورووپا، ئه‌و سێ که‌سه ئێستا کاندیدی سه‌رۆک کۆمارینه، یه‌کیه‌تیی ئه‌ورووپا ده‌بێ بزانێ له هه‌ڵبژاردنه‌کانی سه‌رۆک کۆماریدا، ململانێ له نێوان ته‌کنۆکراته میانڕۆیه‌کاندا نیه، به‌ڵکوو له نێوان که‌سانێکدایه که له تیرۆره سیاسی‌یه‌کاندا راسته‌وخۆ یان ناراسته‌وخۆ ده‌ستیان هه‌بووه".

له درێژه‌دا گوتی: "من قسه‌کانی (شایه‌دحاڵی D)م له‌گه‌ڵ ئه‌و به‌ڵگانه‌ی سه‌باره‌ت به تیرۆره‌کان له ئارشیڤی پۆلیس ده‌رهێناوه، لێکدایه‌وه، ئه‌و قسانه زۆر زانیاریی تازه و دروستیان تێدایه که هه‌لی په‌یگه‌ردی یاسایی سێ کاندیدی سه‌رۆک‌کۆماری و به‌رپرسانی تیرۆر ده‌ڕه‌خسێنێ".

هه‌روه‌ها ته‌قیپوور ئه‌وه‌ی بۆ (شایه‌دحاڵی D) روون کردۆته‌وه که ده‌وڵه‌تی نه‌مسا بۆ پاراستنی په‌یوه‌ندی‌یه سیاسی - ئابووری‌یه‌کانی خۆی له‌گه‌ڵ ئێران، پێشگیریی له‌و که‌سانه نه‌کردوه که ویستوویانه له‌و وڵاته بچنه ده‌ره‌وه.

له به‌شێکی دیکه‌ی ئه‌و راپۆرته‌دا باس له چۆنیه‌تیی تیرۆری دکتۆر که‌سرا وه‌فاداری له پاریس کراوه که ئه‌وه ده‌قه‌که‌یه‌تی:

## بەشی دووهەم

ڕۆژی ١٨ی ئەم مانگە دکتۆر کەسرا وەفاداریان بە چەقۆ لە ماڵەکەی خۆیدا کوشت. ئەو مامۆستای زانکۆ و کاندیدی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی زەردەشتییەکانی ئێران بوو و کەسانێکی زۆریش دەنگیان دابوویە.

هەروەها چەند ساڵ لەمەو بەر لە سیمینارێکدا لە لەندەن بەشداریی کرد، کاتێک کە دەیەویست بچێتە ناو شوێنی سیمینارەکە، کەسێک پێیگوت کارم پێتە، بردیە لایەک و چەند کەسێک دەورەیان دا و بە زۆر لەوێیان بردە دەرەوە و تا کۆتایی سیمینارەکە ڕایانگرت و هۆشداریان دایە کە ئەگەر جارێکی دیکە لە سیمیناری وادا بەشداری بکات، ئەوا ئەو کات بە هۆشدارییەکی ئاسایی ڕازی نابن.

**شایانی باسە نێوبراو لە چالاکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بوو.**

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠٠٥

بەشی دووهەم

## وتووێژی چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک ڕەحیم قادری ...



ڕەحیم قادری

**وتووێژی چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک ڕەحیم قادری لەگەڵ دوکتور "کارۆڵ پروون هووبێر" هاوڕێ و دۆستی شەهید دوکتور عەبدورەحمان قاسملوو**

**پێشەکی:**

نووسەر، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر، کارۆڵ پروون هووبێر Carol Prunhuber ساڵی ١٩٥٦ لە کاراکاسی پێتەختی وڵاتی ونزوئلا لە دایک بووە. لە زانستگای کاتولیک ئاندرێس بێیۆ Catolica Andres Beiio لیسانسی زانستەکانی تەجروبی (Letras) وەرگرتوە و پاشان بە دوکتورای مطالعات ئیسپانیا ئامریکای لە زانستگای پاریس گەیشتوە. نووسەری ئاساری ئەدەبی ئاو، سکووت و بیرەوەری لە سەر فێلیس بێرتۆ هێرناندێز Felisberto Hernandez ( لە ساڵی ١٩٨٦) و هەروەها کتێبێک بە فەرانسەیی لە ١٩٨٧ لە پاریس لە سەر ژنان بە ناوی: " Les Femmes: Grands Mythesa traves le Mande " لە ڕۆژنامەی ناسیۆناڵ " لە کاراکاس کاری کردوە و هەواڵنێری ئەو ڕۆژنامەیە لە مادرید بوو. "لە زۆر مێدیای ونزوئلایی وەک" "Nueva Sociedad"، "exceso"، "El Globo"" و "Diario de Caracas" کاری ڕۆژنامەوانیی کردوە.

## بەشی دووهەم

لە ئیسپانیا لە ڕۆژنامە پڕ تیراژەکانی وەک "El Pais، Diario 16، Independinte"، گۆڤاری باسکی "Ahurka" کاری کردوە و لە سەر کورد وتاری نووسیوە.

لە چەند ڕێکخراوێکی نادەوڵەتیی ئیسپانیایی وەک M.P.D.L (جووڵانەوە بۆ ئاشتی، داماڵینی چەک "خلع سلاح" و ئازادی)، ئاژانسی ئیسپانیایی هاوکاری لەگەڵ ئەمریکای لاتین ( سەر بە وەزارەتی دەرەوە)، دەستانی یەکگرتوو "Manos Unidas" و زانستگای سالامانکا لە دەورەکانی هاویندا کاری کردوە.

### کارۆڵ وەک شارەزایەکی ناونەتەوەیی سەیری دەکرێ بە تایبەت لە مەسەلەی کورددا.

ناسیاوی (شناخت) لە سەر مەسەلەی کورد دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٨٢ کاتێک لە فستیواڵی سینەمای کانس دەگەڵ سینەماگەری کورد/ تورک یۆڵماز گونای چاوپێکەوتنی دەبێ و پاشان کوردەکانی دانیشتووی پاریس دەناسێ.

فیلمێکی دوکومێنت لە سەر خەباتی حدک کارۆڵ بۆ کوردستان سەفەر دەکا.

لە ڕێگای بەغداوە بۆ ناوچەی ئاڵۆزی کوردستان سەفەر دەکا و وەک یەکەمین ڕۆژنامەوانی ونزوئلایی دەستی دەگاتە ڕووداوە نوێ و دەستی یەکەمی کوردستان کە دەبنە بنەمایەک بۆ شارەزایی ناوبراو لە سەر کورد. ماوەی یەک مانگ لە چیاکانی کوردستان دەمێنێتەوە، هەلێک تا لە نێزیکەوە دەگەڵ پێشمەرگەکان بژی.

### پەرتووکی ژان و مەرگی ڕەحمانی کورد": خەونی کوردستان، بەرهەمی هەموو ئەزموونەکانی ناوبراون. تا ئێرە کورتەیەک بوو بۆ ناساندنی خاتوو کارۆڵ

### دەقی وتووێژەکە

**پرسیار**: چۆن لەگەڵ مەسەلەی کورد ئاشنا بووی؟ لە ڕێگای قاسملوو کوردت ناسی یا بە پێچەوانە، مەسەلەی کورد بوو کە تۆی بەرەو ئاشنایی لەگەڵ قاسملوو هان دا؟

**وەڵام**: لە فستیواڵی سینەمای کانس لە ساڵی ١٩٨٢دا سینەماگەری کورد - تورک یۆلماز گونایم ناسی، هەر وەک دەزانی لەو فستیواڵەدا فیلمی یۆڵ " ڕێگا" خەڵاتی دارخورمای زێری بە نەسیب بوو. ئەو فیلمە زۆری شوێنەوار لە سەر من دانا، نە

## بەشی دووهەم

لەبەر جوانی و بەهێزبوونی، بەڵکوو لەبەر ناسیاوی ( شناخت) لە سەر ڕاستی‌یەکانی تورکیا و بە تایبەت مەسەلەی کورد. لە ڕێگای یۆلمازەوە لەگەڵ مەسەلەی کورد و دانیشتووانی کورد لە فەرانسە ئاشنا بووم. تا تێرۆری قاسملوو پەیوەندیم هەر هەبوو و نە پچڕا.

**پرسیار**: لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی ونزوئلایی کە بە کوردی وەرمگێراوەتەوە دۆستایەتیی خۆت و قاسملوو دەگەڕێنیەوە ئەو کاتەی تۆ لە لایەن کاناڵێکی تەلەفزیۆنی فەرانسەیی‌یەوە بۆ کوردستان سەفەر دەکەی. دەکرێ لەو پێوەندی‌یەدا زانیاریی زیاترمان پێبدەی؟

**وەڵام**: سالی ١٩٨٣ لە پێشانگای هونەری کوردی لە ئەنستیتووی پاریس بوو کە کەندالٚ نەزان پێی ناساندم. ساڵی ١٩٨٥ پێشنیارم بە ئاژانسی GAMMA.TV کرد لە سەر ئامادەکردنی دوکومێنتێک لە سەر کوردستانی ئێران. لە سایەی قاسملوو توانیمان ویزای عێراق وەربگرین. لە ژووئیەی ١٩٨٥دا لە ڕێگای بەغداوە گەیشتمە کوردستان. گرووپێکی ٣ نەفەرە (دوربین دار، Sabrina Mervin کە بەرپرسی دەنگ بوو و بۆخۆم ). لە کتێبەکەمدا لە فەسلی ١٤دا باسی ئەو سەفەرەم بۆ چیاکانی کوردستان دەکەم کە بۆ ماوەی یەک مانگ لە کوردستانی عێراق و ئێران دەگەڵ پێشمەرگەکانی حدک بووم.

**پرسیار**: ئەو هۆیانەی کە تۆیان هان دا کە لە سەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو کتێب بنووسی چ بوون؟ ئایا دەتوانی بە وتەیەکی تازە و وردتر بۆ خوێنەری کورد لە سەر قاسملوو بدوێی؟

**وەڵام**: هەر ئەو کاتە کە بۆ کوردستان سەفەرم کرد بیرۆکەی ئەوەم هەبوو کە لە سەر کێشەی کورد کتێب بنووسم، ئەو کات هیچ نووسراوەیەک لە سەر کورد بە ئیسپانیایی نەبوو. کاتێک ڕەحمان و عەبدوڵڵا لە وییەن کوژران ئیدی بۆم ڕوون بۆوە کە کاتی ئەوە هاتوە پەرتووکێک لە سەر ئەو جینایەتە بنووسم و لە مەڕ ئەوەی کە بێ‌موجازات مایەوە سکاڵا بکەم.

ژیانی ڕەحمان جێی تێروانین و سرنجڕاکێشە. چارەنووسی ئەو مرۆڤە دەبێ لە چوارچێوەی شوێن و ڕووداوەکانی زۆر گرنگی مێژووی سەدەی ٢٠دا سەیر بکرێ. لابردنی ڕەزاشا و داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٤١، کودەتای سازمانی سیا و سرویسی جاسووسیی بریتانیا و ... سەرۆکوەزیرانی ئێران محەممەد موسەدیق لە ساڵی ١٩٥٣دا و داسەپاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی، چوونی تانکەکانی سۆڤیەت بۆ پراگ لە ساڵی ١٩٦٨دا، بە ڕەسمی‌ناسینی کوردەکان بۆ یەکەمین‌جار و دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی لە عیراق لە ساڵی ١٩٧٠دا و وتووێژەکانی دواتری مستەفا بارزانی و سەددام حوسێن و ڕاپەرینی گەلانی ئێران دژی خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩دا، وا لە ژیانی ڕەحمان دەکەن کە بایەخی هەبێ.

## بەشی دووهەم

پێم‌وایە ڕەحمان ڕێبەرێکی شۆڕشگێری هەڵکەوتوو و نموونە بوو. ئەو ئوسوولی دێموکراسیی تولێرانس و دیالۆگی ڕێبەرایەتی دەکرد. لە ساڵەکانی ٨٠دا زۆربەی هێزەکانی شۆڕشگێر چەپی ڕادیکاڵ بوون و بیرۆکەی ئیدئۆلۆژی بەسەر بەرژەوەندی‌یەکانی گەلاندا زاڵ بوو. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەحمان مرۆڤێکی دیار ( زەق) بوو لەمەڕ سیاسەتی پراگماتیکی و میانەڕەوی، ئەو بایەخانەی کە مارکسیسم لنینیسم، فەوتاندبوونی بەرنامەی سیاسیی ئەو لە پێناو بەرژەوەندیی گەلی کورددا بوو.

وەک نووسەر بۆ کتێبەکەم بەڵگەی باشم هەبوون، جینایەتێک کە بێ‌سزا (مجازات) ماوەتەوە، ئەویش لە شارێکی ڕۆژئاوا، کەسایەتی‌یەکی وەک ڕەحمان و ژیان و بەسەرهاتی، هەموویان زەمینەیەکی لەباریان بۆ من ڕەخساندبوو تا مێژووی کورد بە تایبەتی لە ئێران و تا رادەیەکی کەمتر لە عێراق بێنمە بەر باس.

باسی ناسینی ڕەحمان، ڕۆژێک مەقالەیەکم بۆ خوێندەوە کە لە سەر فەوتی یۆلماز گونای نووسیبووم، کە تەواو بووم پێی گوتم: " ئەگەر مردم پێم‌خۆشە لە سەر ژیانی من و خەباتی گەلەکەم کتێبێک بنووسی". ئێستا پاش نێزیک بە ٢٠ ساڵ ئەو بەڵێنی‌یە بە بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکەم لە ونزوئلا بەجێ دێ. دڵنیام کە خوێنەران زۆر بابەت کە تا ئێستا لە سەر ڕەحمان نەیان‌بیستوە پێی ئاشنا دەبن. زۆرجار بە ڕەحمانم دەگوت بۆ بەسەرهاتی خۆت ( بیوگرافی) نانووسی، وەڵامەکەی هەمیشە ئەوە بوو کە کاتی نیە، منیش لە وەڵامدا دەمگوت زەبتێک بە دەستەوە بگرە و بەسەرهاتی خۆت بە دەنگ تۆمار بکە.

هێندێ‌جار دەیگوت کە بیری لە نووسینی بیوگرافیی خۆی کردۆتەوە و کاتی ئەوە هاتوە تۆماری بکا و دەبێ ئاوا دەست پێ‌بکەم:

"من ڕۆژێک لە دایک بووم کە سمکۆ کوژرا" بە سەرسوڕمانەوە لێم پرسی بەراستی وایە؟

**وەڵامی دایەوە نا. سمکۆ لە ژوئەنی ١٩٣٠دا کوژرا ئەو ساڵەی کە من لەدایک‌بووم، بەڵام گرنگ نیە، بڕوانە چ سەرەتایەکی بە هێزە؟ ڕێبەرێکی کورد دەمرێ و هاوکات یەکی‌تر لە دایک دەبێ!**

بۆ ژیان و بەسەرهاتی ڕەحمان لە زۆر وتوویێژ و بیرەوەری و سەرچاوە کەڵکم وەرگرتوە، بەڵام لە هەمووان گرنگتر بۆ من کە زۆریان یارمەتی دام وتوویێژی ڕەحمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی ئاغای Janathan Randal ە، کە زۆر

سەخاوەتمەندانە پێیدام و یارمەتیی گەورە بوو بۆ سناریو و دیالۆگی ژیانی ڕەحمان.

**پرسیار**: بێگومان لە بیرتە کە ماوەیەکی زۆرکەم پێش تێرۆری، قاسملوو لە مادرید بوو، هەم ئەتۆ و هەم ئەوم بۆ زەماوەندی خۆم ( ١٤ی ژوئیەی ١٩٨٩) بانگهێشتن کرد، قاسملوو گوتی لەو تاریخەدا بەرنامەی هەیە و ناتوانێ بێ. ئایا ئەتۆ زانیاریت هەبوو کە بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەچێتە وییەن؟ ئەگەر وەڵام ئەرێیە، چت پێگوت؟

**وەڵام**: نا. نەمدەزانی کە دەچێ لەگەڵ ئێرانییەکان دادەنیشێ. کە خومەینی مرد پێیگوتم کە ئێستا وەختی بەتەوافوقگەیشتن هاتوە و چەند حەوتوو پێش کوژرانی باسی ئەوە دەکرا کە بارودۆخ بەرەو مەسیرێکی باش دەچێتە پێش، بەڵام وردەکاریی زیاتری بۆ باس نەکردم. ئەوەی ڕۆژانی پێش کوژرانی بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، ئەوە بوو کە زۆر خۆشحاڵ و هەڵسووڕ دەهاتە پێش چاوان، ئەوانە قسە و دیمەنەکانی دوایین ڕۆژەکانی پێوەندییەکانی ئێمە بوون.

**پرسیار**: ساڵانێکی زۆر تێپەرین تا کتێبەکەت بڵاو بۆوە، تا ئێستا بە دەستم نەگەیشتوە، ئایا لەگەڵ پاکنووسەی ساڵی ١٩٩٢ کە بۆ سەیرکردن و خوێندنەوە دات بە من، زۆر جیاوازیی هەیە؟

**وەڵام**: نا، لە سەریەک هەر ئەوە، تەنیا ئەوەی کردوومە ئەوەیە کە پێیدا چوومەوە و هێندێ شتم چاک کردوە، دەزانی کاتێک بەسەر نووسراوەکاندا دەچییەوە هەمیشە لەگەڵ وردەبابەت ڕووبەڕوو دەبی و خەریکی باشترکردنیان دەبی و غەلەتەکانی ڕاست دەکەیەوە.

بۆ وێنە زانیاریم لەسەر داواکاریی نوێنەری پارلمانی ئوتریش Peter Peliz بۆ کردنەوەی دۆسیەی قەتڵ و لێکۆلینەوەی پارلمانم پێوە زیاد کردوە. دوو کرۆنولۆژی (زەمان نیگاری)م بە مەبەستی یارمەتیدان و ئاسانکاری بۆ خوێنەر داناوە یەکیان لە سەر ڕەحمان و ئەویتریان لە سەر ڕووداوە مێژوویییەکانی کوردستانی ئێران و عیراق و بەرینکردنی لیستی ئەو کەسانەی کە وتوویژم لەگەڵ کردوون و دابەشکردنی ئەوان، ئەوەشی هەر بۆ ئاسانکاریی خوێنەرانە کە لەو لیستەیە وەک سەرچاوە کەڵک وەردەگرن.

**پرسیار**: لە وەڵاتێک کە پێوەندیی گەرمی لەگەڵ ئێران هەیە بڵاوبوونەوەی پەرتووکێکی ئاوا کارێکی ساکار نیە، بە تایبەت تۆ لە کتێبەکەتدا نە گوڵان بە ئێراندا دەدەی و نە بە بەژنوباڵای کۆماری ئیسلامی هەڵدەدەی، بە پێچەوانە، قامکی تاوانباری (اتهام) بۆ رژێم وەک بکەری ئەو جینایەتە درێژ دەکەی، بەڕاستی وەک موعجیزە ناچێ؟ دەتوانی زۆرتر بۆمان

بدوێی؟

**وەڵام**: لە ونزوئلا سەرەڕای هەوڵی دەوڵەت بۆ ڕاگرتن و ستۆپ کردنی ئازادییەکان، دێموکراسی ئێستاش بایەخی هەیە، هەر چەند کاناڵێکی تەلەفزیۆنی داخراوە و دەوڵەت لە ڕێگای گوشار و توندوتیژی و بواری ماڵی و بوودجەوە بۆ سەر میدیاکان نەیتوانیوە چۆک بە ڕاگەیاندنە گشتییەکان دابدا. میدیاکان ڕەخنە دەگرن و شتی خۆیان دەڵێن. تا ئێستا سانسۆر نەگەیشتۆتە چاپخانەکان. لاموایە دوو مەسەلە لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەدا شوێنیان داناوە کە ئێستا پاش ١٦ ساڵ بڵاو دەبێتەوە، یەکەم هەبوون و بەشداریی کوردان لە ناو میدیاکانی نیونەتەوەیی و دووهەم نیگەرانیی خەڵکی ونزوئلا لەمەڕ پەیوەندییەکانی چاوێز و ئەحمەدینژاد.

باوەڕم نەدەکرد کە کتێبەکەم بەو شێوەیە سەرنجی مێدیاکان و خوێندکارانی زانستگاکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. وام نەدەهاتە پێش چاو و واشم بیر نەدەکردەوە، کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم لە ونزوئلا وێنەکانی ڕەحمان، پێشمەرگە و کورد بە خوێندکارانی بەشی ڕۆژنامەنووسی، زانستە سیاسییەکان و بەشەکانیتر نیشان بدەم و قسەیان لەسەر بکەم.

**پرسیار**: خەڵکی ونزوئلا چۆن سەیری پەیوەندیی وڵاتەکەیان لەگەڵ یەکێک لە ڕژێمە هەرە خوێنڕێژەکانی سەر زەوی دەکەن؟

**وەڵام**: خەڵک بە نیگەرانییەکی زۆرەوە سەیری پەیوەندیی نێوان چاوێز و ئەحمەدینژاد دەکەن. لە هەمانکاتدا زانیاریی زۆریان لە سەر ئێران و مێژووی سەردەمی ئێران نیە، ئەو نەبوونی زانیارییە هێندێک وڵاتی دیکەش دەگرێتەوە. چەند ڕۆژنامەنووسێک دەناسم کە خەریکی لێکۆڵینەوە لە سەر شەخسی ئەحمەدینژاد و مەبەستی ناوبراو لە حوزووری لە ونزوئلان.

بۆم سەیر نییە کە دەست بە لیکۆڵینەوە و نووسین بکەن بۆ ئەوەی ئایا ئەم پەیوەندییە تەنانەت لەمەڕ دوژمنی هاوبەش واتە ئەمریکایە یا بە ڕاستی زیاتر و قووڵتر لەوەیە. ونزوئلا و ئێران زۆر گرێبەستی بازرگانییان واژۆ کردوون و گەشتی ئاسمانیی ڕاستەوخۆ لە نێوان کاراکاس ـ تاران لە ڕێگای دەمیشقەوە بەردەوام و لەئارادایە.

**پرسیار**: دەوڵەتی ئەحمەدینژاد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ هەڕەشەکانی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا و ئیسرائیل چۆن سەیردەکەی؟ بۆچوونت لەسەر بەرنامەی ناوکی چیە؟ ئایا دەکرێ بە ئێران باوەڕ بکرێ کاتێک دەڵێ مەبەست لەو بەرنامەیە ئاشتیخوازانەیە؟

**وەڵام**: سیاسەتی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد سیاسەتێکی پۆپۆلیستی‌یە (خەڵک فریودەرانە) بە مەبەستی وەدەستهێنانی پشتیوانیی کۆمەڵانی هەژار و لە هەمان‌کاتدا ئەو سیاسەتە بۆتە هۆی لەناوبردنی ئابووریی وڵات، ئاوسانی گەیاندۆتە ٢٥%، ڕادەی بەرزی بێکاری، بێ‌سوباتی، هەروەها زیاتر لە ٤٠% لە دانیشتووانی ئێران لە ژێر خەتی هەژاری‌دا دەژین و لە یەککەلام دا ئیدارەی خەراپ و غەیری‌موئەسیر کە قەیرانی ئابووریی خوڵقاندوە.

لە لایەکی تر لێدوانە توندەکانی ئەحمەدی‌نژاد بە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا و شوێنی‌تر لە لایەن ڕۆژئاوا و وڵاتانی جیران بە نیگەرانی‌یەوە سەیری دەکرێ، بەڵام لە هەمان‌کاتدا جێی خۆی لە نێو دانیشتووانی عەرەبی سوننە کردۆتەوە و ئەم هەڕەشانە ئامرازێکن بۆ ئەوەی سەرۆک کۆماری ئێران بە ئاواتی ڕێبەرایەتیی ناوچە بگەیەنن.

بێزم لە هەڕەشەکانی هەڵدەستی، بەڵام زۆرتر بۆ مەسرەفی ناوخۆ و بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی وەک ڕێبەری ناوچەیە. ئەحمەدی‌نژاد مەسەلەی ئەتۆمیی کردوە بە شانازیی نەتەوەیی. چونکە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە هیچ چەشنە دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی ئێران نەبووە.
سەرەڕای گوشار و سزای نێونەتەوەیی، پێم‌وایە ئێران دەست لە پرۆگرامی ئەتۆمی هەڵناگرێ. بۆ ئێران چەکی ناوکی بە مانای فاکتۆری پێش‌گرتن بە هەر چەشنە هێرشێکی دەرەکی بۆ سەر ئەو وڵاتەیە.

**پرسیار**: بۆت باس کردم کە لە لایەن دوکتور Bernard Granjon بێرنارد گرانژۆن (لە پزیشکانی جیهان) ئاگاداری دابەش‌بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووی کە ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا لە ساڵی ٢٠٠٦دا ڕووی دا، ئەو پرشوبڵاوی‌یە لە نێو هێزە کوردی‌یەکاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**وەڵام**: هەرکات ئاگادار دەکرێمەوە کە لە ناو کورداندا دابەش‌بوون و تێکهەڵچوون رووی داوە، هەستێکی پڕلە خەم و پەژارە و نائومێدی بەسەرمدا باڵ دەکێشێ. ئەو نەگبەتی‌یە دژی بەرژەوەندی و داهاتووی گەلی کوردە. هیوادارم کە ڕۆژێک کورد فێر ببێ کە ناکۆکی‌یەکانی عەشیرەتی، شەخسی و سیاسی وەلا بنێ و لە جێگای ئەوانە خەریکی دروستکردن و پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسیی یەکگرتوو بن.

**پرسیار**: هەل ومەرجی کورد لە عێراق چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: بارودۆخی کورد لە عێراق نەک بۆ کوردان بگرە بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە. کورد

## بەشی دووهەم

لە عێراق نیشانی داوە کە توانای بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی خاکی خۆی هەیە. لەکاتێکدا عێراق نوقمی تێکهەڵچوونی ئایینی‌یە و تیرۆریزم بەدبەختی و ماڵوێرانی دەخوڵقێنێ، کوردستان بۆتە نموونەی ئاشتی. دێموکراسیی تازەپێگەیشتووی کوردستانی عێراق مودێلێکە بۆ دراوسێکان.

پێکهاتە سیاسی‌یەکان و کەمایەتی‌یەکان ڕێزیان لێدەگیرێ و مافی بەشداریی تەواویان هەیە لە دەسەڵاتدا، هەروەها ژنان بەشداریی چالاکانە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا دەکەن.

**ڕەحیم قادری**: کارۆڵ زۆر سپاس بۆ ئەوەی کاتی ئەو وتوویژەت بۆ ڕەخساندین تا زیاتر لە بیروبۆچوونەکانت لە مەر مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژ ئاشنا بین. هیوادرین هەر وا دۆستی گەلی کورد بمێنیەوە.

**کارۆل**: زۆر سپاس بۆ ئێوەش.


سەرچاوە ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی : ٥ی جوو؛ای ٢٠٠٨

---

بەشی دووهەم

## د. قاسملوو گوتی:

## کارۆل، ئەو رۆژەی کە من دەمرم پێم خۆشە کتێبێک لەسەر من و مەسەلەی کورد بنووسی



دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ نووسەری کتێبی "رەحمانی کوردان"

دیمانە: فەتاح کاویان وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: رەسووڵ سوڵتانی

**فەتاح کاویان:** کەی و لە کوێ دوکتۆر قاسملووتان بینی؟

**کارۆل پروون هووبێر:** ساڵی ١٩٨٣ لە ئەنیستیتووی کورد لە پاریس و لەو کاتەدا کە پێشانگایەک بۆ هونەری کوردی لەوێ کرابۆوە چاوم پێی کەوت. لەگەڵ یۆنماز گۆنەی و خێزانی، فاتووش، چوومە پێشانگاکە. کەنداڵ نەزان بە دوکتور قاسملووی ناساندم. دوو رۆژ دواتر، لە کاتی وتوویژ کردنی‌دا لەگەڵ یەکێک لە هاورێ هەواڵنێرەکانی خۆم کە نوێنەری ئینتەرپرێس سێرویس (IPS) بوو، دیسان چاوم بە دوکتور قاسملوو کەوتەوە.

**فەتاح کاویان:** ئێوە دوکتور قاسملوو وەک رێبەرێکی سیاسی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

## بەشی دووهەم

**کارۆل پروون هووبێر**: دوکتور قاسملوو نموونەی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بوو. چونکە ئەو، بنەماو پرەنسیپەکانی دێموکراسی و هێوریو خۆڕاگری و هەروەها میتۆدی دیالۆگ (وتوویژ)ی رەچاو دەکرد. پراگماتیزم و میانەڕەویی و تێگەیشتن و چاوکراوەیی ئەو، نەک هەر بۆ خەڵکەکەی خۆی بەڵکوو لە بەرانبەر رۆژئاواشدا بە گشتی، ئەوی کردبووە کەسێکی تاقانە. ئەو بە هیچ شێوەیەک لایەنی تیرۆریزمی نەدەگرت و خۆیشی هیچکات دەستی بۆ تیرۆرو رفاندن و بارمتەگرتن و بۆمبدانانەوە لە شارەکانی ئێراندا نەبرد لەحاڵێکدا راگەیەنە گشتییەکان سەرنج و گرنگییەکی ئەوتۆیان بە مەسەلەی کورد نەدەدا، واقیعیەتێک کە ئێستا بە تەواوی لە خۆرهەڵاتی ناڤیندا لە گۆڕێدایە.

ئەو بە جوانی لە کاروباری سیاسیی جیهانو بایەخی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ سیاسەتڤانان و هەواڵنێرو کەسانی هەڵکەوتەی ئورووپایی، تێدەگەیشت و هەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیە ئەوی کردبووە کەسێکی واقیعبین و پراگماتیست کە رێبەرە کوردەکانی دیکە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە نەبوون. ئەو نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە خۆرهەڵاتی ناڤیندا کەسێکی دوارۆژبین و پێشکەوتوو بوو. ئەو لەو کاتدا بە باشی لەوە تێگەیشتبوو کە مارکسیزم - لینینیزم یا توندڕەوی بۆ گەلەکەی ئەو رێگەیەکی شیاوو گونجاو نیە.

بەرنامەی سیاسی و دێموکراتیکی ئەو لە خزمەتی ئارمانجی نەتەوەی کورددا بوو. ئەو بە روونی لەوە تێگەیشتبوو کە دەبێ کوردەکان سنوورەکانی دابونەریتی عەشیرەتی و کۆنیان ببەزێنن و دەوڵەتێکی مۆدێرن دامەزرێنن. ئەو هاریکاریی هیچکام لە دەسەڵاتە زاڵەکانی بە سەر کوردستاندا نەکرد.

**فەتاح کاویان**: چ شتێک کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد کە دوکتور قاسملوو تیرۆر بکا؟

**کارۆل پروون هووبێر**: ئەو یەکێک لە ئەندامە هەرە گرنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی ئیسلامی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا قسەی وی بۆ کوردەکان و راگەیەنە گشتییەکان و رێبەرانی جیهانی دەرەوە، گرنگ و جێی سەرنج بوون. ئەو نوێنەری دێموکراسی، مۆدێرنیتەو قەبووڵکردنی دژبەرانی رێژیمی تیۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو سیاسەتڤانێکی بە ئەزموون بووو بە جوانی لە هونەری دیپلۆماسی و دیالۆگ تێدەگەیشت و وەک پردێک وابوو بەرەو جیهانی خۆرئاوا. کوردی ئێران پشتیوانی بوونو پەیڕەوییان لێدەکرد، ئەو هیچکات ئیزنی بە هیچ دەوڵەتێک نەدەدا بە میتۆدی رابردوو (کە کەڵکیان لە رێبەرانی کورد وەردەگرت) بیکەنە داردەستی خۆیان.

ئەوان باش ئەوەیان دەزانی کە ئەو لە دانوستانەکاندا دەست لە مافی رەوای کوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی خودموختاری

هەڵناگرێ. کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکەوە بووو ئێرانی‌یەکانیش ئەو شتەیان بە باشی دەزانی.

**فەتاح کاویان**: چۆن لە بزووتنەوەی کوردی پاش تیرۆری د. قاسملوو دەڕوانن؟

**کارۆل پروون هوویێر**: تیرۆری قاسملوو زەبرێکی گورچووبڕ بوو کە وە پەیکەری کوردەکانی ئێران کەوت. تیرۆری شەڕەفکەندییش هەروەتر. بزووتنەوەی کورد لە ئێران بەرەو لاوازی چوو. کورد رێبەرێکیان لە دەست دا کە یەکگرتووی کردبوون ـ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو لێکدابڕانانەی کە لە حیزبدا هاتنە پێش ـ و پرۆژەیەکی سیاسییشی هەبوو کە هەوڵی دەدا جێبەجێ بکرێ.

**فەتاح کاویان**: ناوی ئەو کتێبە لە بارەی دوکتور قاسملووەوە نووسیووتە چیە؟

**کارۆل پروون هوویێر**: ژان و پەژارەی مەرگی رەحمانی کوردان. خولیای کوردستان

**فەتاح کاویان**: چ شتێک ئەو کتێبەی پێنووسیت؟

**کارۆل پروون هوویێر**: هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە کتێبێک لە سەر کورد بنووسم. چونکە بەزمانی سپانیولی زۆر بە دەگمەن لەو بارەیەوە شت نووسراوە. کاتێک دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵای قادری ئازەر کوژران هاتمە سەر ئەوەی کە ئەو کتێبە لە سەر ئەوان بێ و لەگەڵ ئەوەشدا جینایەتێکیش مەحکووم دەکەم کە بەڕێوەبەرەکانی سزا نەدرابوون. هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە دەتوانم بە نووسین لەسەر ژیانی قاسملوو سەربردەی ژیانی کوردی ئێران و تارادەیەکیش باری کوردی عێراق وێنا بکەم. هەستم دەکرد کە نووسین لە سەر قاسملوو شتێکی گرنگە چونکە ئەو رێبەرێکی تاقانە بوو لە رۆژهەلاتی ناڤیندا. هەروەها بیرم دەکردەوە کە باسکردن لە مەسەلەی کورد بۆ سپانیۆلی‌زمانەکانیش شتێکی گرنگ بێ. ئەو پیاوێکی هەڵکەوتە بوو و نووسین لە سەر وی ئەو دەرفەتەم پێدەدا چیرۆکێکی دڵبزوێن بنووسم لە رێگەی پەنجا وتووێژ لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەویان دەناسی، توانیم ژیانی ئەو ببووژێنمەوە.

جاناتان رەندال کە ئەوکات هەواڵنێری واشینگتۆن‌پۆست بوو، بۆ ئەو کتێبەی کە بەدەستیەوە بوو وتووێژێکی زۆر دوورودرێژی لەگەڵ قاسملوو کردبووو زۆر بە دڵاوایی‌یەوە ئەو وتووێژەی پێدام. وتووێژێک کە ئەو بوارەی بۆ رەخساندم کە زۆربەی ئەو وتووێژو شتە بیستراوانەو مەرجە جیاوازانەی لە کتێبەکەمدان راست بکەمەوە.

## بەشی دووهەم

**فەتاح کاویان: بنەمای کتێبەکە لەسەر چی داڕێژراوە؟**

**کارۆل پروون هوویێر:** ئەو کتێبە دابەش کراوە بە سەر ٥ بەشدا.

**بەشی یەکەم،** باسی دوکتۆر قاسملووو عەبدوڵڵا قادری ئازەرە لە ڕۆژانی ١٢ و ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا لە شاری ڤیەن دەکرێ. لە سایەی وتووێژێکەوە کە دۆستێکی سپانیۆلیم لە ڤیەن کردبووی، ڕووداوو ڕاستیەکان، ڕاست کراونەوە. ئەو نەک هەر ژمارەیەک کورد و دۆستی خۆی دواندوون، بەڵکوو وتووێژی لەگەڵ پۆلیسو سیاسەتڤان و کەسانی دیکەی ئۆتریشیش کردوە.

**بەشی دووهەم، ناوی "شۆڕشی خودایی"یە.** ئەم بەشە بەو شێوەیە دەست پێدەکا: قاسملوو لە نۆزدەیەمی ئووتی ١٩٧٩دا لە مەهاباد لە ماڵەکەی خۆیدا، دانیشتوەو چاو لە TV دەکا. تەلەڤزیۆن دەسپێکی کۆبوونەوەیەک نیشان دەدا کە تێیدا پسپۆڕانی شوورای قانوونی ئەساسی لە تاران لە دەوری یەکتر کۆ بوونەتەوەو خومەینی سزای مەرگ بۆ قاسملوو دەبڕێتەوە. تەواوی باس و خواسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە پێوەندیی بە رووخانی شاو ئەو شۆڕشەی کە بووە هۆی پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن خومەینییەوە و هەروەها بارودۆخی مەهابادی ساڵی ١٩٧٩ و شەڕی سێ مانگەوە هەیە.

**بەشی سێهەم، ناوی بێنەوایانی جیهانە.** پاشەکشەی حیزبی دێموکرات بەرەو چیاکان، هاتنی ڕێکخراوە پزیشکییە فەرانسەییەکان: ئەزموونی من لە کوردستان و داڕشتنەوەی رەوشی سیاسی و مەزهەبی لە کوردستاندا لە ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ دوو مەلای سوننیمەزهەبی کورد ئەحمەد دەرویشیو خالید عەزیزی.

**بەشی چوارەم، ناوی رەحمانی کوردانە.** ئەو بەشە تەرخان کراوە بۆ ژیانی قاسملوو لە قۆناخی منداڵییەوە هەتا ئەوکاتەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا دەگەڕێتەوە کوردستان.

**بەشی پێنجەم، لێکۆڵینەوەکانی لەخۆ گرتوە.** دوای کوژرانی [دوکتۆر قاسملوو] و ئەوەی کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنو وتووێژ لەگەڵ چەند کەسێکدا کراوە: سووسەن رەسووڵ، بن بڵا(کە لە ئەلەجزایر دواندم)، جەلال تاڵەبانی، شەرەفکەندی و هیلێن کرولیچ ڕاپۆرتەکانی پۆلیس و کۆمەڵێک بەڵگەو ئەو کاسێتانەی کە تێیاندا قاسملوو لەگەڵ نوێنەرانی ئێراندا قسە دەکا. هەمووی ئەوانە لە شوێنی جینایەتەکە وەدەست کەوتن.

## بەشی دووهەم

ئەو بەشە لیستەیەک لە تیرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزسیونی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩وە هەتا ١٩٩٢ لەخۆ دەگرێ.

دوایین باس کە لە ژێر ناوی سمکۆدا نووسراوە، تەنیا بەشێکی بچووکی کتێبەکەی گرتوە. دوکتور قاسملوو جارێک پێی گوتبووم ئەگەر ویستبای ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیاننامەی خۆی بنووسێ، نووسینەکەی خۆی بەو قسەیە دەست پێدەکرد کە ئەو ڕۆژەی سمکۆ شەهید کراوە ئەو لە دایک بووە. ئەوە زۆر ڕاست نیە. قاسملوو هەر لەو ساڵەدا لە دایک بووە بەڵام نەک ئەو ڕۆژەی کە سمکۆ شەهید کراوە. بەڵام لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە وەها کارێک دەسپێکێکی گەلێک گرنگ دەبێ بۆ ژیاننامەکەی. کەوا بوو ئەمن پێم وابوو کە سمکۆ لەگەڵ هاوڕێیانی دەچووە شنۆیە و دەیویست چاوی بە نوێنەرانی شا بکەوێ و لەسەر ئاشتی و هێمنی قسەیان لەگەڵ بکا. کاتێک لە نێو شاری پێ دەڕکێفان دەنێ، دەوروبەری خۆی رووناک دەبینێ و لە پەنجەرەکانەوە چاوی بە چەند ژنێک دەکەوێ کە لە هاتوچۆدان.

پێم وابوو کە سمکۆو دوو کوردی دیکە لەگەڵ سێ ئێرانی چاویان پێک دەکەوێ و نازانم چ بە زەینی سمکۆو دوو کوردەکەدا هات. کاتێک خوێنی سمکۆ لە ماڵێکی نزیک ئەوێدا رژاوە منداڵێک بە ناوی عەبدولرەحمان لە دایک دەبێ. کتێبەکە بەو شێوەیە کۆتایی دێ.

ئەو کتێبە ڕووداوەکانی ژیانی د. قاسملووو یەکێک لە کارەساتەکانی کوردستان لەخۆ دەگرێ. بە تایبەتی لیستەیەک لەناوی ئەو کەسانەی کە لە کتێبەکەدا ناوم هێناون.

**فەتاح کاویان:** ئەم کتێبە دەکرێتە کوردی؟

**کارۆل پروون هوویێر:** بەڵێ ئەو کتێبە دەکرێتە کوردی. رەحیم قادری کە لە سپانیاو لە مادرید دەژی و لە کوردییەوە شتی کردوونە سپانیۆلی و بە پێچەوانەش، ئەو ئەم کتێبە وەردەگێڕێ. دوای ئەوە سەبارەت بە چاپکردنەکەی لەگەڵ سەرنووسەرە ویێنزوئێلاییەکەی قسان دەکەین.

**فەتاح کاویان:** چ بیرەوەرییەکی تایبەتتان لە د. قاسملوو هەیە؟

**کارۆل پروون هوویێر:** ڕۆژێکی، وتارێکم نیشان دا کە بەر لە مەرگی یۆڵماز گۆنای بەهۆی شێرپەنجە، لە سەریم نوسیبوو، لە ویێنزوئێلا چاپ کرا بوو. بۆ [د. قاسملوو] م تەرجەمە کردەوە.

**لە کۆتاییدا گوتی**: کارۆل، ئەو رۆژەی کە من دەمرم پێمخۆشە کتێبێک لەسەر من و مەسەلەی کورد بنووسی و ئێستاش پاش ئەوەندە ساڵە کتێبەکە چاپ کراوە ئەمن پەیمان و بەڵێنی خۆم بردۆتە سەرێ.

## کارۆل پروون هووبێر:

لە کاراکاس، وێنزوئێلا لە ساڵی ١٩٥٦دا لە دایک بووە. لە کاراکاس، لە زانکۆی کاتولیکای ئاندرس بیلۆ خوێندوویەتی. لە بواری موتالاو لێکۆڵینەوە لەسەر سپانیاو ئەمریکا پلەی دوکتۆرای لە زانکۆی پاریس وەرگرتوە (پاریس ١٩٨٧).

**کۆمەڵە وتارێکی لەسەر مەسەلەی کوردان لە گۆڤارەکانی وینزوئیلادا بڵاو کردەوە. ئەو گۆڤارانە بریتی بوون لە:**

نیوراسیوسیداد، ئەگزیسیۆن، ئەل دیاریۆو رۆژنامەکانی ئەل دیارو دوکاراکاس، ئەل گلۆبۆو هەروەها بە زمانی سپانیۆلی لە رۆژنامەگەلێکی وەک ئەل پاییس، دیاریۆو ئەل ئیندی پێندێنت.

بە رێنوێنیی فیلمێکی کوردەکانی تورکیا، لە دەرهێنانی یۆڵماز گۆنای کە لە ساڵی ١٩٨٢دا لە کەن کە چاوی پێی کەوتوە لەگەڵ مەسەلەی کوردان ئاشنا بووە. ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ ئاژانسی فەرانسەیی گاما، سەردانی کوردستانی کردوە. بۆ ئەوەی کۆمەڵێک بەڵگەی لەسەر خەباتی حدک لە دژی کۆماری ئیسلامی وەدەست بکەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی ژووئیەی ٢٠٠٨

## لە ئاسمان یەکتریمان ناسی..!!



مومتاز حەیدەری

### کورتە بیرەوەریەک

بەڵێ، لەجەرگەی ئاسمان، لەگەڵ د. قاسملووی رووناکبیری سەرکردە یەکتریمان ناسی. ئەو جارێکی دیکەش بەیەکجاری رۆحی فڕییە ئاسمان..!

من بەشبەحاڵی خۆم، وەکوو مێرمنداڵێکی چاوکراوەی باشی خێزانێکی رۆشنبیریو نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز، ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردوو، هەرزوو: (وشەو، دەستەواژەی وەک خەبات، بەندیخانە، خۆپیشاندان، زاراوی کۆماری کوردستان، حزبی دیموکرات، پێشەوا قازی، شەهیدانی ١٩ی حوزەیران، مەلا مستەفای بارزانی، مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا، کارەساتی تەڵبەندکردنی خێزانە گەڕاوەکانی بارزانی‌یان لەمەهابادەوە کە لە رۆژئاوای شاری هەولێر نیشتەجێ کرابوون.. هتد. ئەو شتانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان، بەر گوێم کەوتبوون، بەتایبەتی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، ئەوسا کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان ی عێراق بووم.. رۆژێکیان لە بارەگای لاوانی کوردستان بووم ــ چاپخانەکەی تێکۆشەری ناسراو سەید مەجید بەرزنجی زەلامێک بەجلوبەرگێکی تایبەتیی کوردی،هەروەها گۆرەویو بەلەک‌پێچێکی توندوتۆڵی لەپێ بوو..!! خۆی بەناوی: (ئەحمەد تۆفیق) و حزبی دیموکرات ناساندو گوتی میوانی پارتیم. منیش یەکسەر ئاگاداری برادەرانی لێژنەی - پێی دەگوترا لێژنەی مەحەللی - پارتیم کرد.. ئەوانیش گوتیان: بیگەینە ماڵی هەڤاڵ

**بەشی دووهەم**

شەمسەدین موفتی لە قەلات.. منیش لەگەڵ خۆم بۆ ماڵی بەڕێز کاک شەمسەدین موفتیم بردو گەڕامەوە ئەوەی جێی وەبیرهێنانەوەیە، ئەو برادەرە - واتە کاک ئەحمەد تۆفیق - پێمان زۆر عەتنیکە بوو - ئەنتیکە - توورەگەیەکی گەورەی بەسەر شانەوە بوو.. دیار بوو هەندێ - وەکوو جانتە - کەلوپەلی تێدا بوو، بۆم دەرکەوت لەنێو ئەو کەلوپەلانەدا، ژمارەیەک کارتی وێنەدار - رەش‌و سپی - هەبوو.. کە وێنەی پێشەوا قازی و سەیفی قازی و سەدری قازیی لەخۆ گرتبوو، کارتەکانیش بۆ ئەوە دروست کرابوون پیتاک - یارمەتی - بۆ حەدەکا کۆ بکرێتەوە، بەهای کارتەکانیش بەم جۆرە بوون: (-٢٥٠ فلس، ٥٠٠ فلس، یەک دینار - هەزار فلس). پاشدان، بە بڕیاری پارتی کارتی پیتاکەکان دابەش کران بۆ ئەوەی پارە کۆ بکرێتەوەو ئەنجامیش درا.

شایانی باسە، من ساڵی ١٩٦٠ یەکەم نووسینم بەزمانی عارەبی لە رۆژنامەی (الحجارە) ی شاعیری بەناوبانگی عێراقی (کاظم السماوی) لەبارەی یادی کۆماری کوردستان بڵاو کردەوە.. ئەوەی راستی بێ، پاش بڵاوبوونەوەی زۆر دڵخۆش بووم و قاچم عەردی نەدەگرت..!! ئیتر لەوساوە، بەپێی زیادبوونی هۆشی سیاسی و هەستی نەتەوەیی زانیاریی زیاترم لەبارەی حزبی دیموکراتی کوردستان - بەتایبەتی بەهۆی کاک ساڵح حەیدەریی برا گەورەمەوە وەدەست دەهێنا.

لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا بوو، لە مۆسکۆ بووم کتێبێکم دەست کەوت لەبارەی کوردو کوردستان بە قەڵەمی عەباس ئەنوەری نووسرابوو. بە وردی خوێندبوومەوە هەر ئەوەندم دەزانی ئەو (عەباس ئەنوەرییە) یەکێکە لە تێکۆشەرە رۆشنبیرەکانی کوردستانی - ئێران - بەرێکەوت مانگی رەشەمە - شوبات - ی ساڵی ١٩٦٨، من لە مۆسکۆوە بەنهێنی دەگەڕامەوە نیشتمان یەکەم ویستگە لەشاری پڕاگ - پایتەختی ئەوسای دەوڵەتی یەکگرتووی چیکۆسلۆفاکیا بوو - لەئۆتێلی حزب دایانبەزاندم چەند رۆژێ لەوێ مامەوە، لەپاشان بەرێگەی هێلی ئاسمانی چوومە سووریا..

ئەو رۆژانەی لە ئۆتێلەکە بووم، کەسم نەدەناسی! بەرێکەوت لەگەڵ هاوڕێ (عەرەبی بوهالی) سکرتێری حزبی شیوعیی جەزائیر یەکتریمان ناسی، رۆژانە پێکەوە دادەنیشتین.. هاوکات یەکێکی باڵابەرزی گەنمڕەنگ و قژرەشم دەدی هاتوچۆی ئۆتێلەکەی دەکرد، چالاک دیار بوو، ئەوە بوو لە رۆژی دیاریکراودا، بەرپرسانی حزب منیان بردە فرۆکەخانەیەک، نازانم ناوی چی بوو..؟! لە فرۆکەدا لە شوێنی دیاریکراودا، دانیشتم سەیرم کرد، پیاوە باڵابەرزەکە لە تەنیشتم دانیشتوە..!! نە ئەو دەنگ... نەمن دەنگ، بەتایبەتی کە من بەنهێنی دەگەڕێمەوە لە مەسەلەی پەیوەندیو قسەکردن هەستیار بووم.. پاش نیوسەعاتێک لە ئاسمان دەفڕین، بەزمانی رووسی پرسی: خەڵکی کوێی، بۆ کوێ دەچیت.. منیش لەسەرخۆ وەڵامم داوە، گوتم خەڵکی عێراقم، خەڵکی کوردستانم (ئیز ئیراکا، ئیز کوردستانا)!! دەچمە سووریا نەمگوت بۆ عێراق دەگەڕێمەوە، چونکە گەڕانەوەم بۆ عێراق نهێنی بوو.. یەکسەر فەرمووی تۆ کوردی..؟! بەڵێ کوردم..!!

ئیتر وردەوردە دەستمان بە قسەکردن کرد.. ئەو پرسیاری دەکرد، منیش بەئەسپایی وەڵامم دەدایەوە.. بێئەوەی بزانم ئەوە کێیە..!؟ پاشدان کە زیاتر باسی کوردمان دەکرد، من گوتم لەم دواییە، لە مۆسکۆ کتێبێکی چاکم لەبارەی کوردەوە خوێندەوە (بەتایپ و رۆنێو بەزمانی عەرەبی چاپ کرابوو). فەرمووی دانەرەکەی کێ بوو..؟

گوتم: (عەباسی ئەنوەری) بەپێکەنینەوە فەرمووی: دانەری کتێبەکە عەباسی ئەنوەری دەناسی..؟! گوتم نەخێر نایناسم..!!! دیسان بەپێکەنینەوە فەرمووی حەز دەکەی بیناسی..؟! گوتم، بەڵێ حەز دەکەم بیناسم! فەرمووی ئەو - ناو- ە واتە (عەباسی ئەنوەری) گۆڕاوە خاوەنی کتێبەکە ناوی د. عەبدولڕەحمان قاسملووە..!! حەز دەکەیت بیناسی..؟!.
دیسان گوتم بێگومان حەز دەکەم بیناسم، چونکە کتێبەکەیم زۆر بەدڵ بوو..!

بێئەوەی من بناسێ ئەو یەکسەر گوتی من د. عەبدولرەحمان قاسملووم، من پێموایە لەنێوان قسەکانمان متمانەی پەیدا کردبوو، چونکە زۆر هۆشیارانە قسەی دەکرد. هاوکات فەرمووی تۆ کێی؟، منیش خۆم ئاشکرا کرد، چونکە من بەناوێکی دیکە سەفەرەکەم دەکرد. گوتم مومتاز حەیدەری، کۆمۆنیستم بەنهێنی دەگەڕێمەوە وڵات.!!

فەرمووی برای شەهید جەمال حەیدەریی؟ گوتم بەڵێ یەکسەر هەردووکمان زۆر بەپەرۆش و گەرمەوە بێئەوەی هەست بکەین لەنێو فرۆکەداین و لەئاسمان دەفڕین، لەجێی خۆمان راست هەڵساینە سەرپێ و دەستمان لەملی یەکتری کردو یەکتریمان ماچ کرد..!!! سەرنشینەکانی فرۆکەکە سەرسام بوون، بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئێمەیان دەکرد..!! نەیاندەزانی مەسەلە چییە..؟! ئیتر پاش تەواوبوونی دەستلەملانە گەرمەکە، دانیشتینەوە دووبارە زۆر بەراشکاوانە پێم گوت گەرانەوەم لە سووریاوە بۆ عێراق نهێنی دەبێ.. جا نازانم لەرێگا بەسەلامەتی دەرباز دەبم؟!.. پێمگوت: بێگومان سەردانی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا دەکەیت - چونکە ماڵی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا هەردەم بارەگەیەکی کراوەی سیاسی بوو، هەموو لایەنەکانی سیاسی هاتوچویان دەکرد فەرمووی مامۆستا هەمزە، دۆستێکی نزیکمە، پیاوێکی گەورەیە، زۆریش هاتوچۆی دەکەم..

منیش بە دوکتۆرم گوت: دوو بتل ڤۆدکای چاکم بۆ مامۆستا کڕیوە ئەگەر دەکرێ تۆ لەگەڵ خۆت بۆی بەریو پێشی بڵێی ئاگاداری هاوڕێ عەزیز محەممەد سکرتێری حزب بکات کە بەرێگاوەم ئەگەر نەگیرێم ئەوە پاش چەند رۆژێ دیکە دەگەمە بەغدا.. هتد.. بەزووترین کات سەردانی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا دەکەم..!!

فەرمووی زۆر باشە.. دوو بتل ڤۆدکاکەلەناو جانتاکەی بەردەستم بوون، یەکسەر وەریگرت خستیە ناو جانتاکەیەوە.

## بەشی دووهەم

پاشماوەیەک گەیشتینە فرۆکەخانەی ئەستەمبوول بۆ ماوەی (٤٥) دەقیقە لەوێ ماینەوە لەو کورتەماویەش دا دوکتۆر باسی ئەستەمبوول‌و کوردو تورکیای بۆ دەکردم.. بەهەرحاڵ گەیشتینە دیمەشق ئەو بەجیا لە ئۆتێلێکی گەورە دابەزی، منیش لە ئوتێلێکی بچکۆلانە دابەزیم.. ئەو دیسان بە فڕۆکە رووی لەبەغدا کرد،

منیش پاش چەند رۆژێک چوومە وڵاتی کوێت. لەوێش بە ئۆتۆمبێلی گەورەی کرێ، بە سەلامەتی بەشەو گەیشتمە شاری بەسراو، هەر بەوشەوە، نیوەشەوبوو دیسان بە ئۆتۆمبیێلێکی گەورە واتە نەفەرەکانی زۆربوون. بۆ رۆژی دوایی گەیشتمە شاری بەغداو بە سەلامەتی لە گەڕەکی - وەزیریە - بە کەس‌وکارم شاد بووم.

رۆژی پاشتر سەردانی جەنابی مامۆستا هەمزە عەبدوڵلام کرد و زۆر، زۆر کەیف خۆش بوو بەڕاستی ئێمەی زێدە خۆش دەویست. مامۆستا هەمزە فەرمووی دیاری‌یەکەت گەیشت، بتلێکیشمان نۆش کرد!! کاک عەزیز ئەم شەو بۆ ئێرە دێت! بەپەرۆشی بیستنی هەواڵی بەسەلامەتی گەڕانەوەتانە..! هەر ئەو شەوە، بەجەنابی کاک عەزیز محەمەد لەماڵی مامۆستا هەمزە شاد بووم.

ئیتر پاش گەڕانەوەم، ناوە ناوە هەندێ جار بەرێکەوت لە ماڵی مامۆستا هەمزە، یان لە شوێنێکی دیکە بەخزمەت د. قاسملوو دەگەیشتم... بەڕاستی پیاوێکی زۆر خۆش‌مەحشەر، قسەزان‌و زیرەک و دەم‌بەپێکەنین و کۆمەڵ‌پەروەر بوو..!!

یەکێ لەو دەرسانەی لەجەنابیان فێر بووم ئەوە بوو، رۆژێکیان لە شەقامی (النهر) شەقامێکی جوان‌و پڕ کۆگای جل‌و بەرگی مودێڕنی ژنانە بوو، پیاسەم دەکرد هەر ئەوەندەم زانی یەکێ بانگی کردم، گوتی کاک مومتاز ئەوەندە سەیری ئاسمان مەکە، پیاوی فەقیریش ببینە، منیش ئەوە لێرەم....!! ڕاستی‌یەکەی سەیری باڵاخانە جوانەکانی ئەو شەقامەم دەکرد..! هەڵبەت فەرموودەکەیم، وەک پەندێکی سوودبەخش وەرگرت لەوەوە فێربووم، کە مرۆڤ هەردەم لەگەڵ خەڵکدا بێ‌و خەڵک ببینێ - لووت بەرزو بەفیز نەبێ..!!

بەڵێ، شەهید د.قاسملوو، بە یەکێ لە سەرکردە رووناکبیرو تێکۆشەرە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک دەژمێردرێ. سەد حەیف و مخابن بۆ ئەو کۆستە گەورەی جوولانەوەی رزگاری‌خوای گەلی کوردستان بەتایبەتی رۆژهەڵاتی نیشتمان، کوردستانی گەورە بەگشتی.

**گیانی شادو رەوانی ئەو رووناکبیرە سەرکردەیە هەردەم زیندوو بێت.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩

# دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەرێکی گەورە



کەریم ئەحمەد

ساڵی ١٩٧٣ ئەو کاتەی لە وەزارەتی بەرنامەدانانی عیراق کاری دەکرد، لە بەغدا چاوم پێی کەوت. ئەم دیدارە لەگەڵ هاوڕێ عەزیز محەممەد بوو. لەو کاتەدا ئەمن بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی شیووعیی عیراق بووم. ...

دوای ئەو دیدارە زۆر جار هاتوچۆم دەکردن، ئێمە سەرمان دەدانو ئەو سەری دەداینو لە بارەی بارودۆخی ئێرانو عێراقەوە زانیاریمان دەدا بە یەکتر. وەزعەکە باش نەبوو. بەعس سیاسەتێکی ناسەقامگیرو راستڕەوانەو دیکتاتۆرانەی گرتبووە پێش و بەتایبەتی پێوەندییەکانی دەگەڵ شۆڕشی کوردستانی عیراق و لە ئاکامدا دەگەڵ حیزبی شیوعیی عیراق و حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)یش گۆڕابوو. (ساڵی ١٩٧٤) شەهید قاسملوو داوای چاوپێکەوتنی لێکردین و قەرارێکی لە چاخانەیەک (ئەبوونەواس) دانا. کە چووم دیتم چاوەڕێمە، پاش سڵاوی هاوڕێیانە گوتی با لەکورتی بیبڕینەوە، ئیمکانی مانەوە لە عیراقمان نەماوە چونکە حکوومەتی عیراق کەندوکۆسپ دەخاتە سەر ڕێگەی کاروچالاکیمان. چونکە هەستمان کردوە حکوومەتی بەعسی عێراق دەستی کردوە بەباش کردنەوەی پێوەندییەکانی دەگەڵ ئێران، و پێش ئەوەی حکوومەت داوامان لێبکا بەغدا بەجێ بێڵین، ناچارین روو لە ئورووپا بکەین. دوایە گوتی وەزعی ئێوەش بەرەو خەراپی دەچێ، بەتایبەتی لە پێوەندی دەگەڵ شۆڕشی کوردستاندا، و داوای لێکردین بەرانبەر بەوەی بە نهێنی لە نێوان ئێران و عیراقدا دەگوزەرێ وشیارو لەسەرهەست بین. لێرەدا ماڵاواییمان لێکتر کرد بەو قەرارە کە لە شوێنێکی دیکەی جگە لە بەغدا یەکتر ببینینەوە.

## بەشی دووهەم

وا ڕێکەوت ساڵی ١٩٧٦ بۆ کارێکی حیزبی سەردانی (پڕاگ) پێتەختی چەکوسلۆڤاکیام کرد. هاوڕێیان ئاگاداریان کردم کە دوکتۆر قاسملوو دەیەوێ چاوی پێم بکەوێ. دەسبەجێ قبووڵم کردو قەرارێکمان لە ڕێستوورانێکی پراگ دانا.

وا بزانم لەو کاتەدا لە زانستگەیەکی پڕاگ دەرسی دەگوتەوە. کاتی دیدارەکە گەیشت، دوای سڵاوو چاکوچۆنی ئەمن دەستم بەقسە کردو وەزعی عیراق پاش نوشوستییەکەی شۆڕشی ئەیلوول لەئاکامی ڕێککەوتنی شاو سەددام لە ساڵی ١٩٧٥ دام بۆ باس کرد. لەو ڕێککەوتننامەیەدا شا سێ داخوازی بنەڕەتیی لە سەددام هەبوون کە بریتی بوون لە دیاریکردنەوەی سنووری هاوبەشی نێوان عیراق و ئێران، وازهێنان لە نیوەی یەکاوی عەرەبان (شط‌العرب) بۆ ئێران و پچڕینی پێوەندیی بەرەیی دەگەڵ حیزبی شیووعیی عیراق. سەددامیش تەنیا داوایەکی لە شا هەبوو کە بریتی بوو لە ڕێگەگرتن لەو یارمەتی‌یانەی بە ئێران دا دەگەیشتنە شۆڕشی ئەیلوول. ئەمجار شەهید قاسملوو بارودۆخی ئێرانی باس کردو گوتی بە رواڵەت ئارامە، بەڵام کارو تێکۆشانی ئۆپۆزیسێون لە دەرەوە دەستی پێکردوە بەتایبەتی دوای ئەوەی حکوومەتی سەددام لە سەر داوای شا پیاوی ئایینیی ئۆپۆزیسێون (خومەینی)ی ناچار کردوە عێراق بەجێ بێڵێ و پەنا بەرێتە بەر فەڕانسە. زۆریش بانگەواز بۆ هاوپەیمانەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کراوە، بەڵام وا دیارە ئەو هەوڵانە بەهۆی ناکۆکی‌یەکانی نێوان حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی‌یەکان سەر نەکەوتوون. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە هیچ تەشکیلاتێکیان لەنێوخۆدا نیە، بەڵام پێگەی گەلی‌یان هەیەو ئەگەر هەلومەرجی دێموکراتی‌یان بۆ بڕەخسێ ئەوان دەتوانن ڕێکخراوەکانیان دروست بکەنەوە. هەر چەند خومەینییش ڕێکخراوێکی نیە، بەڵام پێگەیەکی بەرینی لە نێو پیاوە ئایینی‌یەکاندا هەیە کە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆریان دەست دەڕوا. پاشان گوتی هەست دەکا لەو ساڵانەی لە پێشدان ڕووداوی شۆڕشگێرانە دێنە پێش. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕووداوانەی لە ئێراندا دەگوزەرێن دوور نیە، بەڵام کۆسپی سەر ڕێگەمان حیزبی توودەیە کە هەڵوێستێکی خەراپی بەرانبەرمان هەیەو ئێوە باشترتان ئاگا لێیە. پێشبینی‌یەکەی ڕێبەری شەهید قاسملوو هاتەدیو ئەو ڕاپەرینە گەلی‌یە تەقییەوە کە بە سەرۆکایەتیی خومەینی ساڵی ١٩٧٩ حکوومەتی شای ڕووخاند. لەو ڕۆژە گەردەلوولاوی‌یانە دا ئەمن بۆ دوو مەبەست چوومە تاران. یەکیان ئاگاداربوون لەو ئاڵوگۆڕانە بوو کە دوای ڕووخانی شا بەسەر ئێراندا هاتبوون. هاوڕێ (عادل حبە)شم لە گەڵ بوو کە ئاگاداری‌یەکی بەرینی لە هێزە سیاسی‌یەکانی ئێران هەبوو، و لە نێو کادری ڕێبەریی حیزبی توودەو چریکی فیدایی خەڵک و موجاهیدینی خەڵک و پیاوە ئایینی‌یەکاندا هێندێ دۆستی هەبوون و بەتایبەتی پێوەندیی دەگەڵ زانای پێشکەوتنخواز ئایەتوڵڵا تاڵەقانی باش بوو. ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی بتوانم چاوم بەو حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یانە بکەوێ. مەبەستی دووەمیش ئەوە بوو کە سەردانی بنکەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی شیووعیمان بکەم کە لە سەر سنووری نێوان عیراق و ئێران دامەزرابوون تا لە پێویستی‌یەکانیان ئاگادار بم و هەروەها پێوەندی بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرم کە بە تازەیی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی ڕەسووڵ مامەندی کۆچکردوو و دوکتور مەحموود عوسمانی سەربەخۆی لێ جیا ببوونەوە. هەروا سەردانی حیزبی دێموکراتی

کوردستان (ئێران)یش بکەم. پێش ئەوەی بچمە مەهاباد، لەو هۆتیلەی لێی دابەزیبووم کاک مەسعوود بارزانی سەردانی کردم و داوای لێبووردنی کرد لەوەی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عیراقدا گوزەراوە و لە پێوەندیی خەراپی نێوان هەر دوو حیزب، پێمگوت لەگەڵ ئەوەی عوزرهێنانەوەکەت قبووڵ دەکەم، هەردوولا ئێمەش و ئێوەش هەڵەمان بەرانبەر بەیەکتر هەبووەو ئارەزوو دەکەم پێوەندیی خەباتگێڕانەی نێوانمان بگەڕێتەوە دۆخی جارانی. ڕۆژی دواتر دەگەڵ تێکۆشەر کەریمی حیسامی بە قەتار بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوتینو بەیانی بوو کە گەیشتینە وێ. هاوڕێیانمان ماڵێکیان لە دەوروبەری شار بەکرێ گرتبوو. ئەمن تێکۆشەر جلال دەبباغیشم لەگەڵ بوو. هاوڕێیان ئەحمەد بانیخێڵانی و بەهائەددین نووری و هێندێ هاوڕێی دیکەش وەک ئەبووتاراو هی تر بە تازەیی گەیشتبوونە مەهاباد بۆ ئەوەی بچنە بنکەی پێشمەرگەکانمان لە "ناوزەنگ"

ڕێبەری شەهید قاسملوو کە خەبەری هاتنی من بۆ مەهابادی بیستبوو، دەگەڵ وەفدێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان(ئێران) هاتە ئەو ماڵەی هاوڕێیانی لێبوون، پاش دەستومست و چاکوخۆشی، شەهید قاسملوو دەستی بەقسە کردو گوتی وەک دەبینن وەزعەکە ڕوون و سەقامگیر نیەو کێشە لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و پیاوە ئایینییەکاندا هەیە، وا دیارە تا ئێستا ڕێبەرایەتیی خومەینی قبووڵ کراوە. لە نێو حیزبە سیاسییەکاندا موجاهیدین لە پێشەوەن، دوای وان چریکە فیدایییەکانو ئەو لیبراڵانە دێن کە مەیلیان بە لای "مصدق " دایە.

لە کوردستان حدک(ئێران) نفووزێکی بەرینی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکدا هەیە..... و بە هەر حاڵ وەزعێکی لیبراڵی هەیە کە تا ئێستا دەرفەتی کاری ئازادی بە هەمووان داوە، بەڵام کێشەی فکری لە نێوان هەمواندا هەیە. تا ئێستا وەزعەکە لەسەر خەتێکی دیاریکراوی سیاسی جێگیر نەبووە و لەم ڕۆژانەدا وەفدێکی کوردستانی دەنێرینە لای خومەینی. ناوبراو ئایەتوڵڵا تاڵەقانیی ناردۆتە کوردستان بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی لە سەر مەسەلەی کورد بۆ ئامادە بکا. ئێمە هاتنی تاڵەقانیمان پێخۆشە، چونکە ئەو پێیخۆشە گەلی کورد مافە ئیداری و فەرهەنگییەکانی بەدەست بێنێ و فەرقی دەگەڵ پیاوە ئایینییەکانی دیکە هەیە کە دەیانەوێ مەسەلەی کورد پشت گوێ بخرێ بەو ناوە کە (هەموومان موسوڵمانینو هەموومان ئێرانیین). هەروەها گوتی ئێمە لە خزمەتتاندایین، پێویستیتان بە هەرچییەک هەبێ ئامادەین بە پێی توانا بۆتان دابین بکەین. پاشان نۆرەقسەی دا بە من و زۆر بە کورتی پێم گوت ئێمە ئێستا بووینە حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن و هاوپەیمانیمان لەگەڵ بەعس نەماوەو بووینە بەشێک لە هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و لە ژێر دروشمی (دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان)دا کار دەکەین.

دوای گەشتێک بۆ ناوچەی (ناوزەنگ)و چاوپێکەوتنی مام جەلال و ڕەسووڵ مامەندو دوکتور مەحموود عوسمان و سەردانی

## بەشی دووهەم

بنکەی پێشمەرگەکان، گەڕامەوە تاران بۆ درێژەدانی دیدار لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان، ڕاپۆرتێکی دوورودرێژم نووسی و ناردم بۆ هاوڕێ عەزیز محەممەد کە ئەودەم لە مۆسکۆ بوو. ئەمن هەوڵم دەدا پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە باش بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی هەڵوێستی نالەباری کیانووری، سکرتێری حیزبی توودە بەرانبەر بە دێموکرات سەر نەکەوتم و ئەمە شوێنەواری خەراپی لەسەر پێوەندیی ئێمەو توودەش دانا. وا ڕێکەوت حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشانگەیەکی لەتاران دانا کەخەبات و قوربانیدانی ئەو حیزبە لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا نیشان دەدا. ئەمن چوومە ئەو پێشانگایە کە خەڵکێکی یەکجار زۆر لە هەموو نەتەوەکانی ئێران و حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە جۆراوجۆرەکان سەریان لێدەداو ڕێبەری شەهید بۆ خۆی پێشوازیی لێدەکردن.

ئاڵوگۆڕەکان و بارودۆخی سیاسیی ئێران بەرەو ڕاست ڕۆیشتن، چونکە حکوومەت هێرشێکی بەربڵاوی زەبروزەنگی کردە سەر ژیانی حیزبایەتی و لەپێش هەمووانیشەوە حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران).

حیزب ناچار بوو بنکەکان بگوازێتەوە بۆ شاخ و هێزە حیزبییەکانی وەکوو هێزی پێشمەرگە لە چیاکان ڕێک بخاو شەڕی زۆر سەخت لە نێوان هێزە حکوومەتییەکان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هێندێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان دا. شەهید قاسملوو سەردانی بارەگای ئێمە لە (نۆکان)ی کردو سەری بارەگای یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشی دا. ئێمە لە گەڵ مام جەلال ڕێک کەوتین کە پێکەوە سەردانی بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران) بکەین کە لە مەهابادەوە هاتبووە شاخ. وەفدی ئێمە پێک هاتبوو لە هاوڕێ عەزیز محەممەد و من و وەفدی (ینک)یش لە مام جەلال و جەمال ئاغاو چەند کەسی دیکە پێک هاتبوو، وتووێژێکی دۆستانە لە نێوان هەر سێ لادا گوزەراو وەفدی ئێمە چووە سەر باسی پێوەندیی ناخۆشی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران) و پارتی دێموکراتی کوردستانیش و بڕیار درا کە هاوڕێ عەزیز محەممەد هەوڵی باشکردنی پێوەندیی نێوان هەردوو حیزب بدا.

بە کردەوەش ڕۆژی دوایی بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران) مان بەجێ هێشت و هاوڕێ عەزیز لەوێ ڕا چووە(ڕاژان) بۆ بارەگای (پارتی) بۆ باسی باشکردنی پێوەندییەکان و داوا لە پارتی کرا بۆ چاوپێکەوتنی هەر دوو لا، بەڵام هەوڵەکان ئاکامێکی باشیان لێنەکەوتەوە ڕووداوەکانی نێوان عیراق و ئێران بەرەو خەراپی ڕۆیشتن. عیراق شەڕی بە دژی ئێران هەڵگیرساندو چالاکیی شۆڕشگێرانەی (حدکا) رووی کردە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق....ڕێبەری شەهید چووە ئورووپا بۆ درێژەدانی چالاکیی سیاسیی خۆی بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانیی دەرەکی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان. ئێران بە چالاکیی شۆڕشگێرانی گەلی کوردی ئێران و چالاکیی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهید قاسملوو زۆر قەڵس بوو. بۆیە دەزگای جاسووسیی ئێران بە ناوی

## بەشی دووهەم

وتوویژ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لەئێرانەوە بۆسەیەکی بۆ نایەوەو بە گوللەی غەدرو خەیانەت سنگی شەقارشەقار کرد. بەمجۆرە کۆتایی بە تەمەنی رێبەرێکی دیاری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان هات و ئەمە بووە پەڵەیەکی شەرم بە نێوچاوانی دەزگای جاسووسیی ئێرانەوە .

ئەوان پێیان وابوو بە تیرۆری شەهید قاسملوو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێرانیان لە نێو بردوە، بەڵام خەراپ حاڵی ببوون، چونکە حیزبی شەهید قاسملوو ئێستاش و لە مەودواش خەباتی نەپساوەی خۆی بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران درێژەی پێدەدا.

**شانازی و نەمری بۆ رێبەری شەهید قاسملوو**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩

# لە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی سەرکردەیەکی لێهاتووی کوردستاندا



د. جەمشید حەیدەری

بێگومان نووسین لەسەر کەسایەتیی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانو زاناو سیاسەتوانی کورد، دکتور ئاورەحمانی قاسملوو ئاسان نیە. چونکە ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە، زانایە، سیاسیو ئەدەبدۆستە،

رووناکبیرێکی فرەلایەن بوو. جگە لەوەی سەرکردەیەکی ماندوونەناسی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو بزاڤی چەپ بوو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەربۆیەش تیری ژەهراویی ئاخوندەکانی ئێران ئاراستەی کراو لە سەر مێزی گفتۆگۆ لەپێناو ئاشتی، بە نامەردی شەهید کرا.

دیارە ئەوانەی لە نزیکەوە دکتۆر قاسملوویان دەناسی و هاوخەبات و هاورێگەی بوون. تایبەتمەندی و توانست و فیکری سیاسیی دوکتور قاسملوویان لەرێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە کاتی ئاشتی و جەنگداو لە پێوەندی فرەوانی لەگەڵ بزاڤی رزگاریخوازی و دێموکراتی لەسەر ئاشتی نێودەوڵەتی‌دا بەرز هەڵدەسەنگاند.

من لەساڵی ١٩٧٤دا، لە بوڵگارستان و لە ماڵی شەهیدی نەمر مامۆستا حەسەنی قزڵجی یەکتریمان ناسی. بەڵام بەر لەوکاتەیش، کە بە ئەنوەری ناسراو بووو لە پراگ دەژیا لە دوورەوە دەمناسی،

لەرێگەی نووسینە بەبایەخەکەی. کوردستان و کورد - چاپی عەرەبی ١٩٦٨ (پراگ)و پاشانیش چاپی کوردی - کوردستان و

## بەشی دووهەم

کورد - لە وەرگێرانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو بەتایبەت دوای کۆنگرەی سێیەمی حیزب کە دوکتور قاسملوو بەسکرتێر هەڵبژاردرا.

لە هەشتاکان، کە هێشتا دوکتور لە ژیاندا بوو، زۆر لایەنی سیاسیو فیکریی دوکتورم لە یەکێک کە هاوخەباتی بوو لە نزیکەوە ناسی، بەڵام بەداخەوە لە بەرەی دژی یەکتر بوون، لە کاک کەریمی حیسامی ـ یەوە دەبیست. دێتەوە یادم کە هەواڵی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو گەیشت شلەژابوو، فرمێسک لە چاوەکانی خورخور دەهاتنە خوارێ.

لەسەر وتاری رۆژنامەی "سەردەمی نوێ" ئابی ١٨٨٩ دا بەمجۆرەی نووسیبوو:" قاسملوو یەکێک لەو کەسانە بوو کە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە دەرەوەی کوردستانیش بە زانایەکی لێزان و سیاسییەکی ژیرو کارامەو بە تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر ناسراو بوو. بەشی زۆری تەمەنی خۆی لە دەربەدەریو لەخەباتی سیاسی و تێکۆشان لەپێناو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردا رابوارد."هەر لەو وتارەدا هاتبوو:" کوژرانی دکتۆر قاسملوو نەک هەر بۆ حیزبی دێموکرات، بەڵکوو بۆ جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد زیانێکی گەورەو کۆستێکی گران بوو."

هەر چەندەکاک کەریمو دکتۆر قاسملوو بەروالەت لە بەرەی جیاوازدا بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دکتۆر قاسملووی بەرز هەڵدەسەنگاند، دوکتور قاسملوو خاوەنی ئەزموونێکی زۆر بوو، وەک تێکۆشەرێک لەریزی حیزبی "توودە" دا وەک زانایەک کە ماوەیەکی زۆر لە چیکۆسلۆڤاکیا ژیابوو خوێندنی تەواو کردبوو، لە نزیکەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ سیستمی بلۆکی ئوروپای رۆژهەلات - دەوڵەتانی ئۆردووگای سۆسیالیستی - شارەزایی و لێکدانەوەو تێبینییەکانی لەسەر شێوەی پراکتیزەکردنی بەرنامەی (دامەزراندنی سۆسیالیزم)و سەپاندنی سیاسەتی دەوڵەتی زلهێز پێشێلکردنی بنەمای مافی دێموکراتی لەو سیستمانەدا لە ژێر پەردەو بیانووی پاراستنی دەستکەوتەکانی سۆسیالیزم، سەرکوتکردنی ناڕەزایی میللەتانی هێندێک لەو دەوڵەتانە وەک: مەجارستان لە ساڵی ١٩٥٦، چیکۆسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٦٨: بێگومان ئەو رووداوانە دوکتور قاسملووی خستە بەردەم هەڵوێستەیەک و پێداچوونەوەو هەڵەسەنگاندنی ئەزموونی فەرمانڕەوایی وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی ئورووپاو سۆڤیەت و رێباز و سیاسەتی پارتە کۆمۆنیستەکان. چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بوون و چ ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەلات و کاریگەریی ئەوانەلە سەر بزاڤی رزگاریخوازی گەلانی ژێردەست. هەروەها دەستنیشانکردنی ناکۆکیی سیاسەتو پرەنسیپەکانی راگەیاندراوی دەوڵەتانی ئەو بلۆکە لەگەڵ بەرژەوەندیی خەباتی رزگاریخوازو دێموکراتیکی میللەتانی ژێردەست. چونکە بەرژەوەندیی نێودەوڵەتیو ئابووری لەسەرووی دۆستایەتی و پشتگیریی خەباتی زەحمەتکێشانی جیهانی سێیەم بوو. بۆ نموونە: پێوەندیی ئابووری و سیاسیی سۆڤیەت و ئێرانی شاهنشاهی، پێوەندیی سۆڤیەت و ئەڵمانیای دێموکراتی لەگەڵ رژێمی سەدام حوسین و سوریا... هتد.

## بەشی دووهەم

بێگومان ئەو پێوەندی‌یانە ناکۆک بوون لەگەڵ پرەنسیپی پشتگیریو هاوکاریی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست لەگەڵ خەباتی گەلانی چەوساوە دژی رژێمە کۆنەپەرستەکانو دیکتاتۆرەکان.

بێگومان ئەزموونی رابردووی لە ریزی حیزبی تودە و لێکدانەوەی بۆ سیاسەتی پیادەکراوی ئەو دەوڵەتانە،و تێگەیشتن و بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە بزاڤی دێموکراتی و رزگاریخوازی گەلی کورد وای لە دکتۆر قاسملوو کرد گۆڕەپانی خەبات بگۆڕێ و هێزوتوانای خۆی تەرخان بکا بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و دێموکراتیی گەلی کوردستان و گەلانی ئێران لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. بێگومان لێهاتوویی سیاسی و زانایی و ئەزموونی رێکخراوەیی دکتۆر قاسملووی هێناوەتە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. دوکتور قاسملوو لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا شەهیدبوونی لە ساڵی ١٩٨٩دا، چ بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران و چ لە خەباتی شارو شاخدا بەلێهاتوویی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

وەک لە مێژووی حیزبی دێموکرات دەردەکەوێ، دوکتور قاسملوو دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپاو بەرلە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب، بیری لە گۆڕان لە بەرنامەو پێڕەوی حیزب دەکردەوە. چونکە حیزبی دێموکرات وەک زۆربەی حیزبە کوردی‌یەکان و حیزبە شۆڕشگێرەکانی دونیا لە ژێر کاریگەریی حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارەکانی دونیادا بوو، بنەماکانی بەرنامەو پێڕەوی حیزبیان نموونەی حیزبە لێنینی‌یەکانی بووو، هەروەها ئامانجی دوارۆژیش بۆ هەموو حیزبە شۆڕشگێرەکان و چەپ - سۆسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو. دوکتور لە روانگەی تێگەیشتنی خۆیەوەو سوودوەرگرتن لە ئەزموونی حیزب و دەوڵەتانی بلۆکی ئورووپایی رۆژهەڵاتی گەیشتبووە قەناعەتێک،کە بێ دێموکراتیەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی بیروڕای سیاسی، سۆسیالیزم تووشی شکستی دێت. بۆیە لە یەکەم پرۆژەی بەرنامەی بەر لە کۆنفرانسی سێیەم وەک مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەنووسێ:" پاشگری دێموکراتیی بۆ سۆسیالیزمەکە دانابوو." وەک دەردەکەوێ لە کۆنفرانسی سێیەمەوە تا کۆنگرەی شەشەمی حیزب مشتومڕو ململانێ لە سەر هێندی تێزی سۆسیالیزم و گۆڕانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ درێژەی کێشاو ناکۆکی لە نێوان لایەنگرانی بۆچوونەکەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ دژە بۆچوونەکانی کێشەی دروست کردبوو. هەندێ لە دژەبۆچوونەکانی دوکتوریان بەوە تاوانبار دەکرد کە مەبەستی لە چەمکی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، سۆسیال دێموکراتیی ئورووپایە، بەڵام حەسەنزادە دەنووسێ کە لە کورتەباسدا دوکتور بەراشکاوی رای‌گەیاندوە." سۆسیالیزمی دێموکراتێک لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی فەرقی هەیە، سۆسیال دێموکراسی رێبازێکی ریفۆرمیستی‌یە کە بەناوی سۆسیالیزم دیفاع لە سەرمایەداری دەکا... لە حالێکدا سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەمانای هەڵوەشانی سەرمایەداری بە تەواوی و پێکهێنانی کۆمەڵێکی سوسیالیستی‌یە" (کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ٢٠٠٢، لاپەرە ٤٤٤).

## بەشی دووهەم

هەرچەندە دوکتور قاسملوو ئەوکات بۆچوونەکەی بەم شێوەیە فۆرموولە کردوە، بەڵام بەئەندامبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سۆسیال ئینتێرناسیۆنال دا، پێچەوانەی فۆرموولەکەی خۆیەتی.

دوکتور قاسملوو بیری لەلابردنی هەندێ بەندو پرەنسیپی پێڕەو و بەرنامەی حیزبە کۆمۆنیستەکان و حیزبە چەپەکانی هاوشێوەیان کردەوە، وەک ژمارەیەک لەحیزبە کۆمۆنیستەکانی فەڕەنسە، ئیتالیاو ئیسپانیا کە لە شەستەکان لەبەرنامەی خۆیان لایان بردن وەک: "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و سەنترالیزمی دیموکراسی". هەر چەندە لە بەرنامەی دێموکراتدا- دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا نەبووە، بەڵام سەنترالیزمی دێموکراسی لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی زۆربەی حیزبە چەپەکاندا چەپێنراوە. بێگومان سەنترالیزمی دێموکراسی لە زۆربەی حیزبەکاندا بەخەراپترین شێوە پیادە کراوە، تەنیا سەنترالیزم پیادە کراوەو دێموکراتیەت پێشێل کراوە بە بۆچوونی من ئەو بەندە چەکێکی کوشندە بوو بۆ سەرکوتکردنی بیرورای جیاواز لە نێو حیزبداو سەپاندنی بۆچوونی ناوەندو پشتگوێخستنی بۆچوونی کەمینە و کپکردنی دەنگیان یاخود دەرچوون لەدیسیپلینی حیزبی لێک داراوەتەوە ( سر کردن، دەرکردن، تۆمەتدانەپاڵ) هەرچەندە هەندێ سەرکردەی لە شێوەی دوکتور قاسملوو لەرووی تیۆرییەوە دژی سەنترالیزمی دێموکراسی بوون، بەڵام لەپراکتیکدا لە نێو حیزبەکانیاندا پیادە کراوە. بێگومان دوکتور ئاوڕەحمان قاسملوو، سەرکردەیەکی لێهاتووی گەورەی کورد بوو. بەڵام وەک دەوترێ کەس لە کەموکوڕی و هەڵە بەدەر نیە، بێگومان هەڵەی مرۆڤی مەزن، ئەگەر بچووکیش بێ بەگران لەسەر حیزب و بزاڤی رزگاریخوازی میللەتەکەی دەوەستێ. بێگومان لەدەستدانی گەورە سیاسەتوانی کورد، ئاورەحمانی قاسملوو زیانێکی گەورەیە لە بزاڤی رزگاریخوازی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دا.

**لە بیستەمین ساڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، هەزار سڵاو لە گیانی و رەوانی شاد.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩

# دوکتور قاسملوو، کەسێکی هەڵکەوتووی گەلی کوردو ڕۆژهەڵات.



**دوکتور عیزەدین مستەفا رەسووڵ**

جیهانی دوکتور قاسملوو جیهانێکی فراوان بوو، خۆشی لە خۆیدا جیهانێکی فراوان بوو.

کەسێکی هەڵکەوتووی گەلی کوردو ڕۆژهەڵات بوو. بێگومان لە رێی بیروباوەڕو ڕێی سۆشیال ـ دیموکرات گرتنیشەوە چووە سنووری جیهانەوە.

لەم جۆرە بۆنانەدا ڕێگەی بیرویادەوەری دەگرم زیاد لە لێکۆڵینەوە، چونکە لێکۆڵینەوە لە دەست زۆرکەس دێت، بەڵام بیرەوەری لای زۆرکەس نیەو کەمکەسیش هەن بیرەوەری دەکەن بە دەرگای لێکۆڵینەوە.

خۆزگە یارمەتیەک دەدرام کە ئەوپێشەکیە عەرەبیەی بۆ بەعەرەبی وەرگێڕانی (چل ساڵ خەبات) ی شەهید قاسملووم نووسیوە بکەم بە کتێب. ئەوسا ئەوبیرەوەریانەی تەمەنیان درێژە دەبوونە بەرگی کتێبێک.

وەک دەزانن شەهید قاسملوو لەساڵی ١٩٥٢ - ١٩٥٣وە دەناسم. بەڵام کە ١٩٦٠ - ١٩٦٥ لە مۆسکۆ بووم ساڵی دووجار لە پراگ دەبوومە میوانی. یەکەم جار بوو بەو فراوانیە کۆمەڵێک قسەی خۆش لەبارەی دەسەڵاتی چیکۆسلۆڤاکیاو شەخسی(نۆڤۆتنی)یەوە ببیستم. نازانم لەکوێی دەبیستن و چۆنی کۆ دەکردنەوە. لەراستیدا ئەو سەردەمە من قەڵس دەبووم

## بەشی دووهەم

کە بەوجۆرە باسی سەر کردەیەکی کۆمۆنیست بکرێ. بەڵام دوکتوری شەهید بەوانەو بەگەڵێک شتی دیکە بەرەو بەرچاوفراوانیی بردم. لەوەش گەیشتم کە(قسەی خۆش) دەرگای رەخنەن.

بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە ئازادیی ڕەخنە نەبێ. ئەگەر ئێستا ئەو قسە خۆشانە کۆ بکەمەوە ڕەنگە ئەوەش جیا بکەمەوە کەکامەیان هەر خودی دوکتور قاسملوو دروستی کردوون‌و کامەیانی بیستوە. لێرەوە دەچمە سەر ئەوەی کە شەهید قاسملوو لە پڕاگ، وەک هاووڵاتی‌یەکی چیک دەژیا. لە شێوەی ژیانی ماڵ و گوێ‌لەمۆسیقاگرتن و خۆراک و خۆ لە چایخانەی ڕۆژئاوایی‌یەکان - شوێنی چەنەبازی - دوورخستنەوە. لەو ژیانەی ئەوێی‌دا بە خەیاڵی کەمکەس‌دا دەهات ئەم پیاوە توانای گەڕانەوە ڕۆژهەڵات و کوردستانی هەبێ. نەک بێتەوە ببێ بە سەرکردەی ڕێکخستن و پێشمەرگەش و لە چیاش ژیانێکی تایبەتیی ڕووناکبیرانە بۆخۆی و هاوەڵەکانی دامەزرێنێ.

زۆر کەسی ڕووناکبیرم لە پڕاگ لە ماڵەکەی‌دا دەدی، لەراستی‌دا لام ناخۆش بوو تێکۆشەرێکی کورد بەو جۆرە دەست بخاتە کاری وڵاتێکەوە کە لەوێ میوانە. بەڵام پاش داگیرکردنی پڕاگ و ڕووداوەکانی تر ناچار کرا بچێتە پاریس و پاشان بگەڕێتەوە کوردستان. سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی ناوداری لای خۆمان دەیوت: ئەگەر چێک دەیانزانی دوکتور قاسملوو پاش ساڵێک دەگەڕێتەوەو لە ئێران‌و کوردستان ئەم جێگەو دەسەڵاتەی دەبێ، ئەو خۆیشی بڕۆیشتایە ئەوان دەپاڕانەوە کە بمێنێتەوە. لەدایکبووی شەوی یەڵدای ۱۹۳۰ ئەو تەمەنەی نەبردە سەر کە بەپێی (لەشساغی‌و ئاگاداری)ی خۆی لێی چاوەڕوان دەکرا. بەڵام وەک لە شوێنێکی تردا نووسیبووم - چرای ئەو پیاوە وریایە ئەو سەعاتە لە چرکەیەکدا وەستاو دوژمن پەیی پێبرد. بۆ ئەوەش - بۆباسی هەڵپەی شەهید قاسملوو بۆ ڕێککەوتن، یادەوەری و لێکۆڵینەوەم هەیە. بۆ ئەو پرۆژەیە هیوام وایە یارمەتیی تەواوکردنیم بدرێ.

**قاسملوو شەهیدێک‌و سەرکردەیەکی نەمرە و زۆری پێشکەش کرد**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩**

## دوکتور قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا.



**عەزیز ماملێ**

لە ساڵەکانی ١٩٨٠ی زایینی، ئەستێرەیەک لە ئاسمانی بزووتنەوەی کورد وەدەرکەوت، درەوشاوە، گەشاوە، رازاوەو رووناکایی خستە سەر سیاسەت و ستراتیژیی کورد.

ئەو دیاردەیە کە شتێکی نوێ بوو لە مێژووی سیاسیی کورددا، کەسایەتییەکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، رووناکبیرێک بوو تێگەیشتوو لە کێشەی کورد لەنێو "معادلات" و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، پێگەیشتوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بەفەرهەنگی بەرزی تایبەتییەوە.

کاراکتێرو کاریزمای دوکتور قاسملوو لە چ پلەو رادەیەکدا بوو کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا جێگەیەکی پتەو لە مەیدانی خەباتی کورد، هەروەها پێگەیەکی بەربڵاو لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، بە تایبەت ناو وناوبانگێکی ئەوتۆ لە جیهاندا بۆ خۆی دابین بکا؟

دوکتور قاسملوو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی رەنگاورەنگ و جۆراوجۆری لە خۆیدا کۆ کردبۆوە.

لە هۆش و زەکاوەتدا پلەی زۆر لە سەرەوە بوو، لە ناسین و لێکدانەوە گورجو ئازا، لە بیرو فکردا بەرزو باڵا، لە

هەڵسەنگاندندا بەپێزو بەهێز، لە بۆچوون و ئانالیزەکردن بەدەسەڵات و بە توانا بوو. تەواوەتی ئەو سروشتە تایبەتی‌یانە هی ئەوە بوو کە پیاوێکی فرە زاناو عالم بوو. لە فەلسەفە هەتا کۆمەڵناسی، لە عیلمی ئابووری هەتا سیاسەت، مامۆستایەکی پایەبەرز بوو. لەبەر ئەوە بوو کە کەسێکی باوەڕبەخۆ بوو، متمانەی بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی خۆی هەبوو ئەو کاراکتێرە شەخسی و بەرچاوانەی دوکتور قاسملوو وای لێهاتبوو کە لە دانیشتن و پێوەندی لەگەڵ هەر کەس، لە نێو هەر کۆڕوکۆمەڵێک، دەکەوتنە بەرچاوو سەرنجیان رادەکێشا و کەسایەتی و ژیریی ئەو ئینسانەیان بەرجەستە دەکرد.

من کە شانازیی بەرپرسیارێتی پێوەندی‌یە گشتی‌یەکانی ئەو سیاسەتوانە بە ئەزموونەم هەبووە لە نێو حیزبی دیمۆکراتدا، چەن نموونەیەک بە کورتی باس دەکەم بۆ دەرخستنی هەڵسوکەوت و چۆنیەتیی پێوەندی‌یەکانی ئەو شەهیدە نەمرە:

* لە کاتی شەڕی سێ مانگەدا لە چیاکانی کوردستان، لە چاوپێکەوتنەکانی نێوان رێبەرانی کوردی باشووری کوردستان وەک یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراق، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەو حیزبانە گەلێک بەرچاو بوو.

* لە دانیشتن لەگەڵ خومەینی و شەریعەتمەداری و وتووێژکردن بە زمانی حاڵی ئەوان، سەرنجی ئەو دوو کەسایەتی‌یە ئایینی‌یەی بۆ لای خۆی راکێشاو شەریعەتمەداری بە زمانی تورکی پێی‌گوت: دەبێ من و تۆ ببین بە دۆست.

* لە پێوەندی‌یە دیپلۆماسی یەکاندا کاتێک بۆ یەکەمجار لەگەڵ کاربەدەستێکی پایەبەرزی کابینەی وەزیری دەرەوەی فەڕانسە و چەند کەس لە هاوکارانی کۆ بۆوە، ئەوان زۆر زوو قوشقیی شێوەی قسەکردن و لێکدانەوەی وەزعی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و کوردستان بوون و لە نێوچاوانی ئەو دیپلۆماتە پایەبەرزانەدا تەمجیدو تەعزیم بۆ دوکتور قاسملوو دەبینرا.

* لە نێو کۆبوونەوەکانی شووڕای بەرگریی میللی سەر بەرێکخراوی موجاهیدینی گەلدا جێگەی دوکتور قاسملوو وەک کەسێکی زاناو بە ئەزموون و بەتواناو خاوەن‌نەزەر لە سیاسەتدا زۆر زەق و بەرچاو بوو.

* لە دانیشتنەکانی لەگەڵ هاوڕێی یاسر عەرەفات، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی فەتح و رێکخراوی ئازادی‌خوازی فەلەستین و بە ناوی محەمەد سەرتاوی، پێوەندی‌یەکی ئەوتۆ رێکوپێک و بەکەڵک و بەجێ‌وڕێ پێک هاتبوو کە بەر لە هەر شتێک

## بەشی دووهەم

دەگەڕاوە بۆ ڕێزو حورمەتێک کە ئەو کەسایەتی‌یە فەلەستینی‌یە بۆ دوکتور قاسملووی دادەنا.

سروشتە شەخسی‌یەکانی دوکتور قاسملوو زۆر زوو جیاوازیی پلەو رادەی پێگەشتوویی ئەوی لەگەڵ لایەنی رووبەروو، لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ دانیشتووان و ئامادەبووان دەخستە بەرچاو. دوکتور قاسملوو لە لێکدانەوەکان و باسەکانی خۆی بۆ چکۆلەترین قسەو بابەت، گەورەترین ئانالیزو بەربڵاوترین چەمکی دەخستە ئارا، باوەڕی قورسی بە پێداویستی بە بوونی پرۆژەی دیاریکراو هەبوو، بە شێوەی زانستی لەگەڵ رووداوەکان رووبەڕوو دەبوو.

لایەنێکی بەرچاوی دیکە لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی و وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەوانەکان بە تایبەتی وڵاتانی ئورووپایی‌دا خۆی دەنواند کە دەتوانم بڵێم لە هیچ کەس لە کەسایەتی‌یە کوردەکان تەنانەت لە ئێرانی‌یەکاندا نەدیتراوە.

قسەکردن بە چەند زمانی زیندووی جیهان، دەسەڵاتداری بەسەر بابەتەکان، ئاگاداریی تایبەتی لە وەزعی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیهان، بە تایبەتی زۆر زوو وەرگرتنی پرسیارەکان و گورج جوابدانەوەیان، سەرنجی گشت رۆژنامەوانەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا، لەم چوارچێوەیە دا بە راستی بە تواناو بە نرخ بوو. لێرەدا دەردەکەوێ کە چەند سیاسەتوانێکی مەزن و بە ئەزموونە.

دوکتور قاسملوو کوردێک بوو لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو هاتبووە دەر، بەڵام لە ژیانی دەرەوە لە ناسینی ئورووپاو ئاشنا بوون لەگەڵ پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی‌یەکاندا فرە سەرکەوتوو بوو.

دوکتور قاسملوو بە شارستانییەتی تایبەتی خۆی و هەروەها لێهاتوویی بێوێنە گەیشتە پلەیەک کە لەگەڵ پیاوە سیاسی‌یەکانی پلە یەکی جیهان بەرابەری دەکرد، ئەو کەسایەتی‌یە کوردە هەموو مەرجەکانی دەوڵەت‌پیاوێکی کوردی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە. من بۆخۆم زۆر هەستم بە وێچوون و وەکیەکچوونی دوکتور قاسملوو لەگەڵ فرانسوامیتران دەکرد.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو وەزعە تایبەتی‌یە بوو کە کۆماری ئیسلامی چەندین ساڵ بوو پیلانی تیرۆری ئەو ڕێبەرە کوردەی دارشتبوو. ساڵی ١٩٨٢، شەوێک کاتژمێر ١٢، هاوڕێی یاسر عەرەفات بە ناوی محەمەد سەرتاوی کە دۆستی دوکتور قاسملوو بوو تەلەفۆنی بۆ من کرد و پەیامێکی بۆ ناوبراو دانا. پەیامەکە ئەوە بوو کە کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران پیلانی تیرۆری دوکتور قاسملوویان بە دەستەوەیە، هەر ئەو شەوە پەیامەکەم بە ناردراوی دەفتەری سیاسی لە پاریس راگەیاند. نازانم ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات چۆن ئەو پەیامەی وەرگرت و بۆ پووچەڵ کردنەوەی چ هەنگاوێکی هاویشت.

## بەشی دووهەم

لە بیستەمین ساڵی شەهید بوونی ئەو بلیمەتەدا، جێگەی لە مەیدانی خەباتی کورددا، دیارو چۆڵ و بەتاڵە. مێژووی کورد زۆر زوو رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی لە کیس چوو، کەسێک کە لە دنیای ژیئۆپۆلۆتیکی ئەمڕۆ،لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی کوردا نەخشی گەورە بەجێ بگەیەنێ. لە دیرۆکی کورددا، دوکتور قاسملوو جێگەو بەش و شوێن و شوێنەواری تایبەتیی هەیە.

**رووحی شادو رەوانی خۆش بێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩

---

**بەشی دووهەم**

## دوکتور قاسملوو، ساغکەرەوەو زیندووکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**د. گوڵمراد مرادی**

ئەگەرچی ئەوە ئامانجی تەواوی خەباتگێڕانی ڕێگەی ئازادیی گەلانە کە هەرچی زووتر ڕێژیمگەلی سەدەناوەڕاستی بخەنە نێو زبڵدانی مێژوو و کەشێکی ئەوتۆ بخوڵقێنن کە ئیتر هیچ کەسێک بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی پێویستیی بە خەباتێکی خوێناوی نەبێت.

بەڵام هەروەکی دەبینین هێشتا گۆڕانێکی بەرچاو نەهاتۆتە ئاراوەو جینایەتکاران هەروا لەسەر تەختی دەسەڵاتن. کەوابوو ئێمە دەبێ بە بەرپرسیارەتی‌یەوە لە بەرامبەر خوێنی بەناحەقڕژاوی ئەو خۆشەویستانەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە گرفتی کارەکەمان لە کوێدایەو لە کوێ بەهەڵە چووین؟ بۆچی ئەحمەدی‌نژادێک کە وڵاتی بردە سەر لێواری هەڵدێر دیسانیش لە هەڵبژاردنەکاندا سەر دەکەوێتەوە؟ ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە ئەگەر ئەو جوامێرە گیانبەختکردووانە لە نێوماندا بوایەن هەم لە ئێمەو هەمیش لە خۆیانیان دەکردن.

ئیزن بدەن لەم پێوەندی‌یەدا وتەیەکی دوکتور قاسملوو بێنینەوە کە بە زیندی سەری بەردەوام گوتوویەتی:"

**باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگەیانە."**

## بەشی دووهەم

بەداخ و کەسەرەوە دوکتور قاسملوو خۆی چووە ریزی کاروانی سوورخەڵاتانەوە و دوژمن ئەو دەرفەتەی بەو و هاورێکانی نەدا. بەڵام ئەو بە باوەڕی پتەوەوە دەیزانی کە رێگەکەی رێگەیەکی راستەو دەتگوت ئیلهامی پێکراوە کە رۆژێک گیانی لەو رێگە پیرۆز و پڕمەترسییە دا، دادەنێ.

ئەوەی ئەو نەیدەزانی ئەوە بوو کە ئایا ئێمە درێژەدەری رێگەکەی دەبین یان نا؟ ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە بە کوێرایی چاوی دوژمنان، ئاڵای ئەو خەباتە رەوایەی کە بە دەستی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیان ئەسپێردرابوو، هەروا شەکاوەیەو هەتا سەرکەوتنی یەکجارەکی نانەوێ. بەهەر حاڵ هاوسەنگەران و خەباتکارانی رێگەی دیموکراسی دەبێ ئەو ئامۆژگارییە بکەنە ئەڵقەی گوێچکەیان کە دواجار" یەکگرتوویی هێمای سەرکەوتنەو بۆ دەستەبەرکردنی ئەو یەکگرتووییە هۆشیاری و چاوکراوەیی و باوەڕ بە رێبازی خەبات پێویستە". هەروەکی ئەو مامۆستا بێ وێنەیە بە شێوازی خۆی دەیگوت: "بۆ وەدەستهێنانی هۆشیاری و هەبوونی باوەڕی پتەوو قووڵ بە رێگەی خەڵکی، پەروەردە پێویستە. هەر بۆیەشە یەکێک لە گرنگترین بەرنامە پەروەردەیییەکانی ئەو پەروەردەی سیاسی و مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بوو. دوژمنان بە وردی لەو خاڵە تێگەیشتبوون و بوونی دوکتور قاسملوو و شوێنکەوتووەکانییان بە مەترسییەک بۆسەر خۆیان دەزانی و دەبوو لەسەر رێگە لابببردرێن.

دوژمن ئەوەی کردو بە فێڵ و دەهۆ دوکتور قاسملووی کێشایە سەر مێزی وتووێژو خستیە تەڵەو داوەوە و چاوەڕوان مایەوە وەها فێڵ و تەڵەکەیەکیش بەڵام بە شێوازێکی دیکە بۆ جێگرەوەکەی ئەو واتەدوکتور شەرەفکەندیی نەمرو هاورێیانی بەکار بێنێ و بۆ ئەو مەبەستەش هەنگاو بە هەنگاو هەڵسوکەوت و چالاکییەکانیانی خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە کە ئەم هەڵە ناپیرۆزە لە بێرلین رەخساو ئەو جینایەتە سەرلەنوێ دووپات بۆوە. لەوانەیە ئێستێش وەها نەخشەو پیلانێکیان بۆ رێبەرانی ئێستەی حیزبی دێموکرات و رێبوارانی راستەقینەی رێگای دوکتور قاسملوو و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی دیکەش لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا دارشتبێ. چونکی دوژمنانی زێدەخوازو ناوەندگەرا لە پەروەردەو چاوکراوەیی و بەکارهێنانی مەنتیق لەبری چەک و لە رێگەی ئاشتیخوازانە بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلان تۆقیون. مەنتیقی سەدە ناڤینییەکان تیرۆرو سڕینەوەی لایەنی بەرامبەرەو هیچی دیکە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا، ئەزموون ئەوەی سەلماندوە کە ناوی گەورە پیاوان لە مێژوودا هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە و هیچ مرۆڤێک ئەگەر خۆیشی بیەوێ ناتوانێ ناوونیشان و شوێن‌پەنجەی ئەوان لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەدا لە یاد بکا. ئەوەتا سەعدیی شیرازی دەڵێ:

**بر خاک ره نشستن سعدی عجب مدار**
**مردان چه جای خاک که در خون تپیده‌اند**

## بەشی دووهەم

**سمندر نەای گرد آتش مگرد    که مردانگی باید آنگه نبرد**

بەڵێ هێندێ لە پیاوانی بێوێنەی ئێمە سەربەرزانە و بە مەنتیقەوە دەچنە شەڕو بەرەنگاری دوژمنان دەبنەوە و لەخوێن دەگەوزێن بۆ ئەوەی دەراوی ئاشتی و ئازادی بۆ هاونیشتمانەکانیان خۆش بکەن. ئەوان سەمەندەرانە خۆیان بە کڵی ئاگردا دەکەن و هەرگیز ناسووتێن.  کەوابوو کەلەپیاوانی ئێمەش هەرگیز لە یادان ناچنەوە. شاعیرێکی دیکەی فارس بەناوی حەنزەلەی بادغەیسی دەڵێ:

**یا بزرگی و نازو نعمت و جاه      یا چو مردانت مرگ رویاروی**

هەروەکی بینیمان و لە مێژووشدا زۆرمان خوێندۆتەوە هێندێ لە پێشەنگەکانی ئێمە مەرگی بەرەوڕوویان هەڵبژارد، نەک پێگەو پلەوپایە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە بەڕای من لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ژیان و پلەوپایە بە هەموو نرخێک شیاوی مرۆڤ نیە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا لە نێو ئێمەدا هەن ئەوانەی کە بۆ پلەوپایە و ژیانێکی خۆش و کورتخایەن، حەقیقەت دەنێنە ژێر پێیانەوە. بەڵام قاسملووەکان لێبڕاوانە پشتیان کردە ئەو جۆرە ژیانە، ئەوان باوەڕیان بە دروشمێک هەبوو و پێبەندی بوون کە دەڵێ:

**منصوروار اگر ببرندم بپای دار      مردانه جان دهم که جهان پایدار نیست**

چ شیرینە مرۆڤ وا بیر بکاتەوە. دیارە ئاشکرایە کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک نامانەوێ بتێک لە ڕێبەرانی سیاسیمان تەنانەت لەوانەش کە ڕاستگۆیانە گیانیان لەو پێناوەدا بەخت کرد ساز بکەین و قارەمانێکی پووچەڵ و درۆیینیان لێ ساز بکەین. بەڵام ئەوەش دروست نیە کە ڕێز لە زەحمەت و هەوڵ و تێکۆشانی ئەو کەسانە نەگرین کە هەموو شتێکی خۆیانیان لەپێناوی یەکسانی و وەدەستهێنانی مافی یەکسانیی گەلەکەیاندا فیدا کردوە. بێگومان ئێمە نەتەوەی کورد ڕێز لە قارەمانە نەمرەکانی خۆمان دەگرین و نەک لە بیریان ناکەین بەڵکوو هەموو ساڵێ کارێکی وا دەکەین کە بۆ هەمیشە لە بیرو زەینی نەتەوەو چالاکان و شۆڕشگێرەکانیان دا بە زیندوویی بمێننەوە.

بێگومان یەکێک لە مەبەستەکانی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ئەو قارەمانانەو لەقاودانی مەسەلە پێوەندیدارەکان بە تیرۆرەکەیانەوە، لەڕاستیدا پووچەڵکردنەوەی تاکتیک و پیلانە جۆراوجۆرەکانی دوژمنانی ئاشتی و ئازادی و یەکسانییە کە بۆ شادی و خۆشیی کەسانی لەو چەشنە خۆیان دایاندەڕێژن و تەنانەت بۆ وێنە هوشمەندەکانی کوردیش بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو

کارانه ده‌سخه‌ڕۆ ده‌که‌ن.

بیست ساڵ له‌مه‌وبه‌ر ڕۆژی ٢٢ی پووشپه‌ڕی ١٣٦٨ی هه‌تاوی دوکتور قاسملووی نه‌مرو درێژه‌ده‌ری ڕێبازی قازی محه‌ممه‌دو هاوڕێیانی، له‌سه‌ر مێزی وتوویژ له‌گه‌ڵ نوێنه‌رانی کۆماری ئیسلامی‌دا له‌ بری وه‌رگرتنه‌وه‌ی وه‌ڵامی پرسیاره مه‌نتیقی‌یه‌کانیان و چاره‌سه‌ری مه‌سه‌له‌ی گه‌لانی نێو ئێران، درانه به‌ر ده‌سڕێژ.

له‌وه دڵته‌زێنتر ئه‌وه‌یه که ئێمه‌مانان که‌م وا هه‌یه ده‌رس له‌م ئه‌زموونانه وه‌ربگرین. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که ده‌بێ بزانین ده‌سه‌ڵاتدارانی سه‌ره‌ڕۆ بۆ پاراستن و مانه‌وه‌ی خۆیان دۆست و دوژمن لێک هه‌ڵناوێرن. بکوژان فه‌رمانی لێبڕاوانه‌یان پێدرابوو که نێوبژیوانی نێوان ئه‌وان و دوکتور قاسملوو واته دوکتور فازڵ ڕه‌سووڵ که پیاوێکی لانی‌که‌م به ڕواڵه‌ت موسوڵمان و باوه‌ڕمه‌ند بوو، و پێوه‌ندی‌یه‌کی نزیکیشی له‌گه‌ڵ ڕێبه‌رانی کۆماری ئیسلامی‌دا هه‌بوو، بێ به‌زه‌یی‌یانه تیرۆر بکرێ. که‌وابوو به‌لای دیکتاتۆرانه‌وه ئه‌گه‌ر به‌رژه‌وه‌ندی‌یه‌کانیان بکه‌وێته مه‌ترسی‌یه‌وه، جیاوازی‌یه‌ک له نێوان دۆست و دوژمن‌دا نیه‌و له‌وانه‌یه هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه که ئه‌ویش کورد بوو ده‌بایه بکوژرێ. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی فه‌رمانده‌رانی ئه‌ودیوی په‌رده، نه‌یان‌ده‌ویست به‌هیچ شێوه‌یه‌ک به‌ڵگه‌یه‌ک له‌خۆیان به‌جێ بێڵن. ئێمه دیسانیش لێره دووپاته‌ی ده‌که‌ینه‌وه، ئه‌وه ده‌بێ وریایی‌دانێک بێ بۆ ئه‌وانه‌ی که متمانه به دوژمنی نه‌ته‌وه‌کان ده‌که‌ن و زانست و تێگه‌یشتوویی خۆیان له پێناوی ژیانێکی خۆش و کورتی چه‌ند ڕۆژه دا ده‌نێنه خزمه‌تی ئه‌وانه‌وه.

ئه‌م په‌یامه که ئێستێ ده‌نووسرێ، نه‌ک ته‌نیا به‌و مه‌به‌سته بێ که تیرۆری سامناکی دوکتور قاسملووی نه‌مرمان له‌بیر نه‌چێته‌وه، به‌ڵکوو زیاتر پێوه‌ندیی به هه‌وڵێکی گرنگه‌وه هه‌یه، واته ڕاکێشانی سه‌رنجی دۆستان و پشتیوانان بۆ به‌رگری له بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی کورد له کوردستان، له ڕوانگه‌ی ئه‌م سیاسه‌توانه بێوێنه‌یه‌وه و هه‌روه‌ها له‌به‌ر ڕۆڵی دوکتور قاسملوو له ناساندنی ویسته‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورد به جیهانی خۆراوایه. ئه‌و ده‌یویست جیهانی پیشه‌سازی و چاوله‌که‌ره‌سه‌ی خاوی به‌رهه‌مهێنی وزه، تێ بگه‌یه‌نێ که پێوه‌ندی‌یه‌کانی ئه‌وان له‌گه‌ڵ جیهانی سێهه‌م‌دا پێوه‌ندی‌یه‌کی نادادپه‌روه‌رانه و تاڵانکه‌رانه‌یه. ئه‌گه‌ر ئه‌وان پێبه‌ندی یه‌کسانی و ئاشتیی به‌رده‌وامن و گه‌ره‌کیانه وڵاتانی جیهانی سێهه‌م که حه‌شیمه‌تی به‌کاربه‌ری ئه‌و وڵاتگه‌له له گه‌شه‌یه‌کی به‌رچاودایه، له داهاتوودا کڕیاری به‌رهه‌مه‌کانی ئه‌وان بن، ده‌بێ سه‌رنجی جیددی بده‌نه ویسته سه‌ره‌تایی‌یه‌کانی نه‌ته‌وه‌کانی نیشته‌جێی ئه‌و ویشکارۆیانه که له که‌ره‌سه‌ی خاودا ده‌وڵه‌مه‌ندن به‌ڵام گه‌شه‌یان نه‌کردوه یان وه‌پاش خراون. ئه‌وه په‌یامێک بوو که‌هه‌م پێشه‌نگه‌کانی دوکتور قاسملوو و هه‌م خۆیشی و هه‌میش شوێنکه‌وتووه‌کانی داویانه‌ته وڵاتانی پیشه‌سازی. به‌ڵام په‌یامی گرنگتری نه‌ته‌وه بندەسته‌کان به‌مه‌به‌ستی سازکردنی پشتیوانی له ڕێگه‌ی خه‌باتی ڕه‌وای خۆیانه‌وه، که له بیرۆکه‌ی ئه‌و مه‌زنه‌پیاوه‌دا هه‌بوو به شێوه‌ی خۆی دێنینه‌وه:

## بەشی دووهەم

دوکتور قاسملووی نەمر یەکەمەرجی خۆی بۆ زیاترکردنی ڕێژەی دۆستانی گەلان بە تایبەتی نەتەوەی کورد، لەسەر بنەمای هۆشیاریی ئەو گەلانەو بانگەشەی بەجێوڕێ و گەیاندنی دەنگی مافخوازانەی خۆیان بەگوێی خەڵکی جیهان، دارشت. ئەو لە بەستێنی توانای خۆیدا لە پێناوی چاوکراوەیی کوردەکاندا، دووهەم مەرجی خۆی لەسەر پەروەردەی کادرو پێشمەرگەکان و تەیارکردنی مێشکی هەموو خەباتگێڕانی کورد بەچەکی زانست و هۆشیاری و زانیاریی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕووناکبیری دانا. پەروەردە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو و ڕووناکبیرانی دیکەوە دوو لایەنی باشی هەبوو: یەکەم ئەوە کە مرۆڤ مافەکانی خۆی دەناسین و بە باوەڕێکی پتەوترەوە لە پێناویاندا خەباتی دەکردو دووەم ئەوە کە مرۆڤ دەیتوانی ئەو مافانە بە شێوەیەکی مەنتیقی بە خەڵکی جیهان بناسێنێ و بەڵگە بێنێتەوە کە هۆی چیە کە لە پێناویاندا خەبات دەکا؟

لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لەناساندنی ویستەکانی نەتەوەی کورددا، واتە داوای ئەو مافگەلەی کە دەیان ساڵە پێشێل دەکرێن، بەتایبەتی بە جیهانی خۆراوا، بێگومان ئەوە نەک هەر بۆچوونی دوکتور قاسملوو بووبێت بەڵکوو کەسایەتیەکانی دیکەی ئێرانی و جیهانییش لەم ڕووەوە وەک یەک بیریان دەکردەوە. دوکتور قاسملوو ئەلحەق بە ساخکەرەوە و زیندووکەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناسرابوو. لەبەر ئەوەی لەو پێناوەدا هەوڵی داو بۆ بەدەستهێنانی مافی خەڵکی لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەی حیزبیەوە گیانی لەسەر ئەم ئامانجە دانا.

ئەو بەوپەڕی تواناوە هەوڵی دا، شانبەشانی پەروەردەی سیاسی و هۆشیاریی مێژوویی بۆ کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و گەل، ماف و ماهیەتی خەبات بەرێتە نێو دیموکراتەکانی جیهان و بۆیان ڕوون بکاتەوە کە کوردەکان چیان دەوێ و بۆچی خوازیاری پشتیوانیی مەعنەویی جیهانی ئازادو دیموکراتن؟

دوکتور قاسملوو ئەوکاتەی لە هەرەتی لاوەتیدا بوو، بینەری ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئیعدامی قازیەکان بوو. ئەوەش کاریگەریەکی قووڵی لەسەر ڕۆح و دەروونی لاوی ئەو داناو، ئەوی لەرادەبەدەر خستە قووڵایی بیرکردنەوەوە. ئەو بە هەگبەیەک لە پرسیاری بێوەڵامەوە لە پێوەندی لەگەڵ مافو بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورددا، باروبنەی بەرەو ئورووپا پێچایەوە. ئەو لەماوەی زیاتر لەسی ساڵ نیشتەجێبوونی لە فەرەنسادا تێگەیی کە خەڵکی ئورووپای خۆراوا تەنانەت توێژی ڕووناکبیرو شۆڕشگێڕەکەشی زانیاریەکی دروست و تێگەیشتنێکی تەواویان لەسەر نەتەوەی کورد نیەو نازانن چیان گەرەکە. ئورووپاییەکان زۆربەیان کوردیان وەکوو سوورپێستەخۆجێیەکانی ئەمریکا ئەویش لە ڕوانگەی گەشتیاران و ڕۆماننووسگەلێکی ناسراوی ئەلمانی وەکوو کارل مای کتێبی (بەنێو کوردستانی وەحشیدا) دەناسی و، دەگمەنکەس ئەوەیان دەزانی کە خەباتی دووسەت ساڵی ڕابردووی کوردەکان لە پێناوی چیدا بووە؟. ئەوان لە ڕێگەی

## بەشی دووهەم

نووسراوەی هێندێ گەشتیارانەوە یا لەو بیرەوەری و ڕاپۆرتانەوە کە نێردراوانی دەوڵەتی لە گۆڤارەکانیاندا بە زمانی ئەورووپی بڵاویان دەکردنەوە، کە وەکوو نەتەوەیەکی کێوی و ڕێگری نێو کوێستانەکان باسی کوردیان دەکردو لە جێیەکی دیکە بە نەتەوەیەکی بە غیرەت و جوامێرو میوانگر ناویان دێنا، کوردیان دەناسی. بەڵام کەمترین شتێکیان لەسەر باری سیاسی، واتە سەرکوتکرانیان و بەرەنگاری و خۆڕاگریی ماندوویی‌نەناسانەیان لەبەرامبەر دیکتاتۆرە دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر ناوچەدا نەدەزانی. هەتا ئەو شوێنەی من ئاگادارم تەنیا کەسێک کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا (١٨٣٤ی زایینی) باسی قارەمانێتیو خۆڕاگریی کوردەکانی لە بەرامبەر هێزە داگیرکەرەکانی دەسەڵاتبەدەستانی عوسمانیدا ئەویش لە کۆمەڵە نامەیەکدا کە بۆ هاوسەرەکەی ناردوە، کردوەو ئێستا بوونەتە بەڵگە، مارشال هێلمۆت گراف فۆن مۆلتکێی ئەلمانیی ڕاوێژکاری سەربازی و لە خزمەت ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بووە.

لێرەدا دەبێ ئەوە وەبیر بێنینەوە کە بزووتنەوەکانی سەدەی بیستەم لەسەرانسەری کوردستان و زیاتر لە هەمووشیان دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دواتر کۆماری کوردستان لە لایەن یەکەمین ڕێبەری ئەو حیزبەوە لەم نیشتمانەدا، هەموویان بلێسەگەلێکی سیاسی بوون کە سەرەتا ڕووناکبیران و دواتر دەوڵەتانی خاوەنبەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی‌یان لە ناوچەدا لەخەو ڕاچڵەکاندو تێیان گەیاندن کە جگە لە دیکتاتۆرانی دەسەڵاتدارو لایەنەکانی چەوسێنەرەکانی گرێبەستەکان، کۆمەڵێک نەتەوەی دیکەش، وەکوو کوردو ئازەری و ئەرمەنی و بەلووچ و تورکمەن و عەرەب و... هەن کە چەندین ساڵە مافەکانیان پێشێل دەکرێن و هیچ کەس بەهێندی نەگرتوون و گوێیان نادەنێ. دیارە پێویست بە وتن ناکا کە لەگەڵ تەواوی ئەوانەشدا، بەپێی هەلومەرجی شوێن و کات، کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەتەکان، و دواتریش حیزبە سیاسی‌یەکانی ئەو نەتەوە مافخوراوانە هەرکام بە شێوەیەک و بە پێی توانای خۆیان هەوڵیان دا نەتەوە و ویست و مافەکانیان بەخەڵکی جیهان بناسێنن و ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەش لە جێی خۆیاندا شیاوی ڕێزلێگرتن و دەستخۆشانەن. بۆ نموونە: لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی‌یەوە تەنیا لە نێو گەلی کورددا، دەکرێ ناوی ڕێبەرگەلێکی ناوداری وەکوو شێخ مەحموودی بەرزنجەیی (١٩١٨ - ١٩٣١) شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) ئیحسان نووری پاشا (١٩٢٧) سمایل ئاغای سمکۆ(١٩١٨ - ١٩٣٠) سەید ڕەزای دێرسیمی (١٩٣٧- ١٩٣٨) مەلا مستەفای بارزانی (١٩٣٢ - ١٩٧٥) قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٩٠٠ - ١٩٤٧) و سەرئەنجام دوکتور قاسملوو ساخکەرەوەی ئەم حیزبە (١٩٣٠ - ١٩٨٩) بێنین. هەروەکی ئاماژەی پێکرا هەرکام لەو کەسایەتی‌یانە لەپێگەو سەردەمی خۆیانەوە ڕۆڵێکی کاریگەریان لەناساندنی نەتەوەی کوردو ویست و داخوازی‌یەکانیان لە نێو خەڵکی ناوچەو جیهاندا هەبوو. بەڵام ئێمە دەزانین کە هەتا جیهان زیاتر بەرە و پێشکەوتن دەچێ، داهێنان و کاریگەریی کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان زیاتر دەردەکەوێ و شێوەی کەڵکوەرگرتن لێیان بەرچاوتر دەبێ. دوکتور قاسملوو کە هەتا چەند ساڵێکیش پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و هەرەسی ناوادە و بە ناڕەوای کۆماری کوردستان، هەر لە ئێران دەژیاو لێرەو لەوێو لە کۆڕوکۆبوونەوە سیاسی‌یەکان و لە نێو خەڵکی

ئاسایی‌دا کۆمەڵە شتێکی سەبارەت بە کورد دەبیست کە تەنیا لە هەقایەت دەچوون. لە ئورووپای خۆراوا (فەرەنسا) لە کەشێکی ئازادترو دواییش لە ئورووپای خۆرهەڵاتدا کە گرنگی‌یەکی جیددیتر بە نەتەوە بندەستەکان دەدرا دەیویست شتی زیاتر لەسەر نەتەوەکەی ببیستێ و هۆکاری تێشکانەکانی نەتەوەی کورد، لانی‌کەم لە سەدەی بیستەمدا تاوتوێ بکاو بۆ ئەو هەگبە پرسیارەی کە هەر لەئێرانەوە بە کۆڵ خۆیدا دابوو، وەڵامی مەنتیقی و بەجێ وەدۆزێ. یەکەمین کاری مێژوویی و سیاسی و ئابووریی دوکتور قاسملوو لەناساندنی زانستی‌و باشتری نەتەوەی کورد بەخەڵکی جیهان، نووسینی تێزی دوکتوراکەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا بەناوی کوردستان‌و کورد بوو. ئەو بەرهەمە پڕبایەخە نەک هەر بە زمانی چیکی بەڵکوو خێرا وەرگێڕدرایە سەر زمانی نێونەتەوەیی ئینگلیزی (١٩٦٥)و کەوتە بەردەستی ڕۆژهەڵاتناسان و کۆڕو کۆبوونەوە سیاسی و مێژوویی‌یەکانی جیهان. دوکتور قاسملوو لە ئورووپا لە پەنا کاری زانستی و ئاکادیمیکدا بەشێکی هەرەزۆری تواناکانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ چالاکی و کاروباری سیاسی و هەوڵی دەدا وێڕای ڕوونکردنەوەی پێگەو ڕەوشی کوردەکان لە ناوچەدا حیزبی پێکهێنەرو دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لە ئێرانیش ساخ بکاتەوە. ئەو بوو کە هێزە پەرش‌وبڵاوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە دەوری یەکتری کۆ کردەوەو گیانێکی نوێی وەبەر کارو چالاکی‌یەکانی ئەو حیزبە نایەوە. لەو سەردەمەدا بوو کە پێوەندی‌یەکانی لەگەڵ کۆڕو کۆبوونەوە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی نێو ئورووپادا چڕ کردەوەو ئەوانی لە کێشەو مەسەلەی کوردان کە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرابوون، تێگەیاند. قاسملووی ئەمر کەسایەتی‌یەک بوو کە پێ‌بەپێی سەردەم دەچووە پێشێ و تەواو لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌دا هاوهەنگاو بوو. ئەو بوو کە دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی زیندوو کردەوەو ڕۆحێکی نوێی بەبەردا کردەوە. بانگەشەی ئەم دروشمە بوو کە لە ئاستی جیهاندا سەرنجی کۆڕو کۆبوونەوە ئاشتی‌خوازو ئازادی‌خوازو لایەنگرانی پێکەوەژیانی ئاشتی‌خوازانەی گەلانی بەولای خۆی ڕاکێشا. زۆربەی کەسایەتی‌یەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و ئاکادیمیک و بەناوبانگی ئێران دۆستی دوکتور قاسملوو بوون‌و زۆربەی زۆریان لەوەدا کە زیندوو ماونەتەوەو لەچنگی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی ڕایانکردوە، خۆیان بە قەرزداری دوکتور قاسملوو دەزانن. دوکتور قاسملوو بەراستی کوردێکی بەتەواو مانا کورد بوو. ئەو نەک‌هەر خۆی و حیزبەکەی، بەڵکوو حیزب و کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی دیکەی کوردستانیشی، وەکوو سەرکۆماری ئێستەی عێراق(مام جەلال تاڵەبانی)و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی بە ئورووپایی‌یەکان و بە تایبەتی بە سۆشیالیستە نێونەتەوەیی‌یەکان ناساندو داوای لێکردن کە لە چوارچێوەی هەرکام لەو وڵاتانەدا کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە بەرگری لە مافەکانی نەتەوەی کورد بکەن. دوکتور قاسملوو لە ناخەوە باوەڕی بە دیموکراسی و پەرەپێدانی لەنێو خەڵکی ئاسایی کورددا هەبوو. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەتا ئەو کاتەی ناتێگەیشتوویی و ناهۆشیاری بەسەر ناوچەدا زاڵ بێ، ئێمە چاومان بە دیموکراسی ناکەوێ. هەربۆیەش تەواوی فیکرو زیکری ئەو، وەگەڕ خستنی ئەو پەروەوەردەیە بوو کە کۆماری کوردستان لە تەمەنی کورتی یازدەمانگەی خۆیدا دای‌ڕشتبوو و دوکتور قاسملوو هەوڵی دەدا هاوکات لەگەڵ چاکسازی لە پێکهاتەی

## بەشی دووهەم

حیزبدا ئەو شێوە پەروەردەیە سەرەتا لە نێو کادرو دواتر لەسەرانسەری کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێ بخا. دوکتور قاسملوو بۆچی باوەڕی قووڵی بەوە بوو کە لە نێو تەواوی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئێران و وڵاتانی فرەگەلیی دیکەدا پەرە بە ئازادی و دیموکراسی بدرێ و خەڵکەکانیان فێری بن؟ لەبەر ئەوەی کە دەیزانی تێگەیشتنی دروست لە ئازادی و دێموکراسی پێویستیی بە پەروەردە هەیەو زۆرینەی خەڵکی ئاسایی لەو پەروەردەیە بێ بەشن. ئەو بە باشی لەو راستییە تێگەیبوو و ئێمەش ئەمڕۆ بۆچوونەکانی پشتڕاست دەکەینەوە، هەتا ئەوکاتەی حەشیمەتی میلیۆنی لە نێو تەواوی گەلاندا بە جوانی لە دێموکراسی تێنەگەن و رێز بۆ دەنگی ئازادو هۆشیارانە دانەنێن و باوەڕیان بە ئازادیی مرۆڤەکان و نەتەوەکان نەبێ، ئازادی و سەربەخۆیی گەلانی ناوچەو بە تایبەتی کەمینەکان لە تراویلکەیەک بەولاوە چیتر نابێ.

ئێستا با بزانین توێژەرگەلی واقیعبین و ناواقیعبین، چییان لەسەر دوکتور قاسملووی نەمر گوتووەو دەیڵێن؟ لەم دواییانە دا بابەتێکم لە هاونیشتمانێکەوە بە دەست گەیشت کە گۆیا لەپێوەندی لەگەڵ نۆزدەیەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا نووسیبووی. بە پێویستم زانی چەند رستەیەکی وەک خۆی لێرەدا بێنمەوە. ئەو هاونیشتمانە ئازیزە نووسیبووی:

"بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەنێو رێبەرانی ئەو نەتەوەیەو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، دوکتور قاسملوو ئەو رێبەرە فرەزاناو بیرمەندە مەزنە بەروانین و هزرو کەسایەتیی جیهانی و هەروەها زانیاریی سیاسی و دیپلۆماتیک و سیاسەتی بنەمایی خۆی، رۆڵێکی بەرچاوی لە ناساندنی مەسەلەی کورد بەخەڵکی جیهان و هێنانەگۆڕێی مەسەلەی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەبوو." ئەو ئازیزەمان لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەی دا نووسیوێتی:

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەپاش تێشکانی سەربازی، ئابووری و سیاسیی خۆی لەشەڕی گەڵ عێراق و مەرگی خومەینی، بەجۆرێک تووشی قەیران و هاوکات بۆشایی رێبەریی ببوو و بە هۆی نەبوونی رێبەرێکی هاوشانی خومەینی بەو ئاکامە گەیشتبوو ئەو کەسانەی کە لەوانەیە مەترسییەکیان بۆسەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی هەبێ لەنێو بەرێ‌و لەو نێوەدا دوکتور قاسملوو کە گرنگترین پشک بوو، بڕیاری لەنێوبردنی درا."

بەتایبەتی ئەو رستەیەی دوایی راستییەکی حاشاهەڵنەگرە و من خۆم چەند رۆژ دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکی رادوییدا گوتم و لەپەیامی ساڵی رابردووشمدا بە بۆنەی نۆزدەیەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ئەو کەسایەتییە بەناوبانگە کە سوککانی پاپۆڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەدەستەوە بوو، ئەوەم بیر هێنایەوە کە سێ ساڵی دیکە دەخیایەنێ بۆوەی ئێمە لە رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتدا قاسملوویەکی دیکەمان هەبێ. کەوابوو دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی باش دەیانزانی کە دوژمنە مەترسیدارەکانیان کێن و لە کوێن. هەربۆیەش ناوی دوکتور

**بەشی دووهەم**

قاسملوو و جێنشینەکانی، بۆ تیرۆر خرابووە سەرووی لیستی سوپای قودسی فەللاحیانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. ئەو نووسەرە بەڕێزەمان لە کۆتایی بابەتەکەیدا زۆر بەجێ گوتوویەتی:

"کورتی ببڕینەوە دوکتور قاسملووی مەزن هەم بە ژیانی پڕ بەرهەمی و هەم بە شەهیدبوونەکەی، ئێمەی کوردی بەخەڵکی جیهان ناساندو ئەوە لەسەر ئێمەیە کە هەم ڕێبازەکەی بکەینە ڕێبازی ژیانی شۆڕشمان و هەمیش پەند لە شەهیدکرانی ئەم ڕێبەرەو ڕێبەرە شەهیدەکانی دیکەمان وەرگرین بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش بە پێی خۆمان نەچینەوە سەر تەڵەو داوی کوشتنگەی دوژمنان و کارەساتی دیکەی لە چەشنی ڤییەن و بێرلین نەبینینەوە، دیارە ئەوەش بەو مانایە نیە کە پێوەندی و دۆستایەتیمان لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێمان و بەتایبەتی نەتەوەی فارس بپسێنین. (بڕواننە وتاری سەید مەسعوودی ناسری کە لە ڕێکەوتی ٧ - ٧ - ٢٠٠٨ دا لە ڕۆژنامە ئینتەرنێتییەکاندا بڵاو بۆتەوە.)

هاونیشتمانێکی دیکە کە ناوی ناهێنم هەوڵی داوە بەپێی بەڵگەو دیکۆمێنتو نووسراوەکانی کۆماری ئیسلامی و یا بەپێی سەرچاوەگەلی ئورووپییەو ئەمریکایی، دوکتور قاسملووو کەسایەتییە ناودارەکانی دیکەی کورد لە بیروڕای گشتیدا بشواتەوەو کارەکەی خۆیشی ناو ناوە کارێکی توێژەرانەی بێلایەن. لەحاڵێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسینانە فریان بەسەر بێلایەنییەوە نیە. ئەوە بۆخۆتان لە زمانی ئەوەوە بیخوێننەوە و داوەری بکەن:" ئیتر هەستم کرد لە بابەتێکی - لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی نێوخۆو دەرەوە - بێلایەنانەو دادپەروەرانەدا، لە ڕوانگەیەکی بێلایەنانەوە و بەپێی سەرچاوەکان ڕەهەندێکی کەسایەتیی ئەو بناسێنم. لەبەر ئەوەش کە وەکوو هێندێ لە کەسایەتییەکان مەسەلەی ئایینی نایەتە گۆڕێ، باشتر دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە کۆمەڵێک ڕەخنەمان بێتەوە سەر. دیارە پاش تەرجەمەی (در حصار میلەها) کە بە زمانێکی بێگرێوگۆڵ باسی ڕووداوی کوژران و تیرۆرەکەی ئەو دەکا، حەزم لێبوو بیناسمو هێندێ شتیشم لەسەری لە زەینمدا هەبوو. لەبەر ئەوەی کە لەزۆر کەسانی وەکوو برایمی یۆنسی و... م بیستبوو کە تا بڵێی پیاوی مەنتیق و وتووێژ بوو. بەڵام دوو تێزی دوکتۆرا لە لایەن ئەو گەنجە وشیارانەوە لەسەری نووسراون و هەر بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە کە جانسۆنیش مامۆستای سەرپەرشتیاریانە.

لەو چەند دێڕەدا تێدەگەین کە: یەکێک کە لە نێو ئێرانی کۆماریئیسلامیلێدراودا دەژی و یا حەزی لێبووە هاموشۆی ئێران بکا، ناتوانێ جگە لەوەی کەڕێژیم دەیەوێ لەسەر کەسایەتییەکی سیاسیی کە هەر ئەو ڕێژیمە خۆی کوشتوویەتی شتی بێلایەنانە بنووسێ. جگە لەوەش ئەو سەرچاوەگەلەش کە کەڵکی لێوەرگرتوون لە بن تەورو مقەستی مەئموورانی کۆماری ئسلامییەوە هاتووتە دەرێو ناتوانن بێ لایەنانە بن. ئەگەرچی ڕستەی: پاش تەرجەمەی (در حصار میلەها) کە بە زمانێکی بێ گرێوگۆڵ باسی ڕووداوی کوژران و تیرۆرەکەی ئەو دەکا." لانیکەم بەلای منەوە ڕوونو شیاوی لێتێگەیشتنە.

## بەشی دووهەم

بەڵام هەر ئەو نووسەرە بەڕێزە لە خوارترەوە ناچارە بنووسێ و لە زمانی کەسایەتی‌یەکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی‌یەوە بڵێ کە دوکتور قاسملوو تا بڵێی پیاوی مەنتیقو وتوویژ بوو. کەوابوو کەسێک کە پیاوی مەنتیق و وتوویژ بووبێ تەواو روون و ئاشکرایە کە بۆ رێژیمی سەدەناڤینیی کۆماری ئیسلامی مەترسیدار بووە. هێشتا ئێمە لەبەر ئەوەی کە تێزی دوکتۆرای ئەو گەنجە زانستپەروەرەمان کە بەسەرپەرشتیاریی ئاغای جانسۆن نووسراوە نەخوێندۆتەوە، ناشتوانین داوەریی لەسەر بکەین. بەڵام شتێک کە لە ئاستی گونجاندا بۆ هەر مرۆڤێکی بێ لایەن یا لایەنگر، بە تایبەتی مرۆڤێکی توێژەر دەتوانێ پێوەری کردەوە بێ، راستگۆیی‌یە. دەڵێم هەتا ئەو جێگەی کە دەلوێ، واتە ئەگەر یەکێک ناتوانێ باسی حەقیقەت بکاو بۆی نالوێ، وا باشترە بێدەنگەی لێبکاو خۆیشی خوێنتاڵ نەکا. ئەوەی کە عەرزتانی دەکەم کە بەرگری لە حەقیقەت لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر حەقیقەت لە زاری جینایەتکارترین پیاوی مێژووشەوە بێتە دەرێ لەبەر ئەوەی کە حەقیقەتە کەوابوو شیاوی دیفاع لێکردنیشە. ئەمن دەبوو بیست ساڵ لەمەوبەر دیفاع لە تێزی دوکتۆراکەم بکەم. لەو کاتەدا مامۆستاکانی من دوو پرۆفیسۆر بوون کە یەکێکیان هەتا سەر ئێسقان دژی کۆمۆنیست و خۆرهەڵاتناس و ئەویتر سۆشیال دیموکرات و بە توندی دژی ستالین بوو. من لەو برگە زەمەنی‌یە تایبەتەدا بە بەڵگەوە و بە توندی دیفاعم لە تێزی ستالینی لە جەنگەی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا کرد. ئەوە لەو سەروبەندەدا بوو کە دیوارەکانی خۆرهەڵات خەریک بوون دەڕمان. ئەو دوو پرۆفیسۆرە سەیرێکی یەکتریان کردو گوتیان: ناکرێ نکووڵی لەو شتەی کە هەیە بکەی. کەوابوو گوتنی حەقیقەت لەسەر کەسایەتی‌یەکان پێویستیی بەوە نیە کە مرۆڤ لایەنگری ئەو کەسایەتی‌یانە بێ یا دژبەریان. بە پێی وەها بابەتێک دەبایە بەلای ئەو کەسە بێ لایەنەشەوە شتێکی ناماقووڵ نەبایە. ئەوانەی کە خاوەنی مەنتیقن و ئامادەی دیالۆگن ناتوانن خوار برۆن و هەر قسەیەکی بێ بنەماو خراپەش لە چەواشە رێگەکانی وەزارەتی سوپای پاسداران و رێکخراوی سیادا لەسەریان نووسرابێ، ناکرێ وەکوو بەڵگە لەسەریان حسێب بکەی و لەسەر بنەمای ئەو شتانە بڕیار دەربکەی.

**بەرز بێ یادی شەهیدانی رێگەی ئازادی بە تایبەتی دوکتور قاسملووی نەمر**

**وەرگێران لە فارسی‌یەوە: رەسووڵ سوڵتانی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩

## وتاری کارۆڵ پروونهووبێر لە کۆبوونەوەی بینای کۆنگرەی ئامریکادا




Carolport شەپۆلی شۆڕشەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، شۆڕش و ڕاپەڕینە بەردەوامەکانی سەدەی ٢٠ی کورد لە ئێرانمان بیر دێنێتەوە.

ئەو سەرهەڵدانانەی کوردەکان کە بەداخەوە کەمتر کەوتوونەتە بەر سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەییو میدیای جیهانی. ئەو ڕۆژنامەوانانەش کە ئامادەبوون بوێرانە، لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕوو لە کوردستانی ئێران بکەن، توانیان زۆر وینەی داچڵەکێنەرو کارەساتباری وەک کوشتنو ئێعدامی بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیلو بێتاوانی کورد بە دەست پاسدارانی شۆڕشی نوێی ئیسلامیو وێرانکردنی گوندو ماڵەکانیان بە چەکی قورس و ئاوارەکردنی بەکۆمەڵیان ئاشکرا بکەن. ساڵی ١٩٨٥، ئەمن بە مەبەستی سازکردنی فیلمێکی دیکۆمنتاری لەسەر خەباتی کوردەکان دژی ڕێژیمی ئێران سەردانی کوردستانم کرد. ئەمن لە نزیکەوە شاهیدی ژیانی دڵتەزین و ویژدان هەژێنی ئەوان بووم. ئەوان لەسەر سنووری ئێران عێراق لە خێوەتدا دەژیان و دەستیان بە کەمترین پێداویستییەکانی ژیان، وەک: ئاوی خاوێن و خواردنی ئاسایی نەدەگەیشت. برێک لەو کوردانە ئالبومی وێنەکانی ژیانی خۆیان نیشانم دەدا کە ئەو کات لە گوندەکانیاندا - کە پاسدارەکان وێرانیان کردبوون . بە خۆشحاڵییە و گرتبوویان. وێڕای هەموو ئەو ئازارو ماڵوێرانییانە ئەوان هەموو کاتێک لە فیداکردنی گیانیان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و ڕزگاری درێخیان نەکردووە.

دەیان ساڵە کوردەکان ناچارکراون کە باجی گران بۆ ئازادیخواز بوونیان بدەن. ئەوان بەردەوام نێوەرۆکی شوناس و بوونیان لە بەر پەلاماری نەک ئێران بە تەنیا، بەڵکوو هەموو ئەو وڵاتانەدا بووە کە تێیدا دەژین. ئەوە ڕاستە کە هەموو خەڵکی

## بەشی دووهەم

ئێران کەوتنە بەر شالاوی هێرشی سەرکوتی دەسەڵاتدارانیان بەڵام کوردەکان لەو نێوەدا بەردەوام پشکی شێریان لە سەرکوت و کوشتار بەرکەوتووە.

ئەو کاتانەی کە سەردانی کەمپەکانی کوردەکانم لە شاخەکانی کوردستان دەکرد، ئەوان بۆیان باس دەکردم کە چۆن پاسدارەکان لە هەموو شوێنێک وەدووی ڕێ و شوێنی پێشمەرگەکان دەکەوتن. لە بیرمان نەچێ لە سەرەتای شۆڕشدا کوردەکان زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان لە بەر دەستدا بوو و فەرمانڕەواییان دەکرد، تا خومەینی دەستووری بە پاسدارەکانی دا کە هێرش بکەنە سەر ناوچەکە و بێ بەزییانە جووڵانەوەکە تێک بشکێنن. ئاشتی و ئازادییەک کە کوردەکان لەو ماوەیەی سەرەتای شۆڕشدا بەدەستیان هێنابوو لە ماوەیەکی کەمدا بە دەست پاسدارەکانی شۆڕش تێک و پێک درا.

ئێستا بنکەو بارەگەکانی زۆربەی حیزبە کوردییەکانی ئێران گوازراونەتەوە نێو دڵی کوردستانی عێراق. ئەمن ئەم ساڵانەی دوایی سەردانی ئەو بنکەو بارەگایانەم کرد، ئێستاش تێکوشەرانی کوردی نیشتەجێ لەو شوێنانە نیگەرانی هێرشی لەناکاوی پاسدارەکانن کە بە بیانووی تۆڵە، کوشتوبڕیان بکەن.

کوردەکانی ئێران ئەزموونێکی باشی ڕێکخستنی خەبات و بەربەرەکانێیان لە بەرامبەر ڕێژیمی پێشووی شاو ڕێژیمی ئێستادا هەیە. ئەمە لە بەر ئەوەیە کە ڕێژیمە یەک لە دوابیەکەکانی تاران هەوڵیان داوە هەر داواییەکی هەقخوازانە و ئازادیخوازانەی کوردەکان بە توندترین شێوە سەرکوت بکەن. لە بەرانبەردا خەباتو بەربەرکانێی وشیارانەی کوردەکانیش هەموو کات هەڕەشەو ترسێکی گەورە بووە بۆ سەر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی.

ڕێبەرێکی گەورەو لێهاتووی کورد کە ئەمن لە ماوەی کارو پیشەی ڕۆژنامەوانیی خۆمدا لەگەڵی ئاشنا بووم، عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو. ئەو پەیامێکی پوختو پاراو و راستەوخۆی هەبوو: دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان.

قاسملوو، ڕێبەرێکی گەشبین بوو کە زۆر وشیارانە ڕێبەریی جووڵانەوەی نەتەوەکەی دەکرد. ئەو سەرکەوتووانە خەبات و بەربەرەکانێی دژی ڕێژیمێکی بەهێزو زەبەلاح ڕێک خستبوو. هەر لە سەرەتاوە ئەو لەوە گەیشتبوو کە ئاخووندەکان دەستبەسەر دەسکەوتەکانی شۆڕشدا دەگرنو دەیخەنە خزمەت ئامانجە دیکتاتۆرییەکانی خۆیان، روونیشە کە ڕێژیمێک کە لە ژێر چەپۆکی ئاسنینی ئاخووندەکاندا بێت ناکرێ چاوەڕوانیی قازانجگەیاندن بە گەشەو پێشکەوتنی دێموکراتیکی بۆ وڵات لێ بکرێ.

## بەشی دووهەم

گەرچی حیزبەکەی قاسملوو، خەباتێکی چەکدارانەی دژی ئێران بەڕێوە دەبرد بەڵام، ڕەنگە حدکا تەنیا حیزبی شۆڕشگێڕیی جیهانی سێیەمی بێ کە هەموو کاتێک دژی هەر جۆرە کردەوەییەکی تێرۆریستی بووە کە گیانو ئاسایشی هاووڵاتییانی سیڤیل بخاتە مەترسییەوە. هەروەها قاسملوو لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە کێشەی کورد ڕێگاچارەی نیزامی نیە. بڕیاری ئەو بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی ئەم گرێپووچکە سیاسییە بووە داوی مەرگی. ئەوە بوو بۆ خۆی بە هەموو لێهاتوویی و وشیارییەکەوە کە هەیبوو، کەوتە گیری ئەو داوەی کە ئاخووندەکانی تاران بۆیان دانبۆوەوە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤیەن لە سەر مێزی وتووێژی ئاشتیخوازانە بە دەستی تێرۆریستەکانی ئێران کوژرا.

لە بیرمان نەچێ لە ئاگۆستی ساڵی ١٩٧٩ی زایینیدا خومەینی بەئاشکرا لەسەر تلویزیۆنی سەرانسەریی ئیران حوکمی مەرگی قاسملووی ڕاگەیاندبوو. ئەو (واتە خومەینی) حدکای نایاسایی ڕاگەیاندو ئەو حیزبەی "بە حیزبی شەیتانو مفسدو داردەستی بێگانە" ناساند. خومەینی فتوای مەرگی قاسملووی هەر ئەو کات دەرکربوو بەڵام، دە ساڵی خایاند تا سەربازە خوێنڕێژەکانی جێبەجێیان کرد.

تاوانبارانی ئێرانیی بکوژی قاسملوو هەر لە سەرەتاوە ناسران و دوو کەسیان دەسبەجێ دەسبەسەرکران. دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئۆتریش لە ترسی تۆڵەی ئێران و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی نێوان دوو وڵات، دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ئێرانیان پاش چەند ڕۆژێک بەئاشکرا ئازادکرد. دوای ٢٢ ساڵ، هێشتا نە هیچ تاوانبارێک بە هۆی ئەنجامدانی ئەو تێرۆرە ڕاپێچی بەردەم عەدالەت کراوە و نە دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئۆتریش بەڵگەکانی ئەو تاوانە گەورەیەیان بۆ بیرو ڕای گشتی ئاشکرا کردووە.

دووهەمین ڕێبەری کوردەکانی ئێرانو جێگری قاسملوو، د. شەرەفکەندی، لەگەڵ سێ هاوکاری دیکەی سێ ساڵ دواتر لە ریستۆرانی میکۆنووس لە برلین کوژران. ئەمجارە دادوەرانی دەزگای دادوەریی ئاڵمانی فیدراڵ بە پەرۆشەوە وەدوی پەروەندەکە کەوتن و دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتی ئاڵمانیان ناچارکرد تا زانیارییە نهێنییەکانیان بخەنە بەردەستیان تا بتوانن ڕاستییەکان ئاشکرا بکەن.

دادگای میکۆنووس پلانی جنایەتکارانەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئیران کە بۆ تیرۆرو لەنێوبردنی دژبەرەکانی لە دەرەوەی وڵات دایڕشتبوو، لەقاودا. لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٩٢ دەسەڵاتدارانی پلەبەرز و فەرمی - دینیی حکوومەتی ئێران دەستیان لە تێرۆرو لەناوبردنی ١٦٢ کەس لە تێکۆشەرانی ناوداری سیاسیی دژبەری حکومەتی ئیسلامیی ئێران لە گشت جیهان و بەتایبەت ئورووپادا هەبووە. هەڵبەت بڕیک وڵات پشوودرێژی و لەسەرخۆییان لە بەرامبەر ئێران و

جەنایەتەکانیدا گرتە پێش کە، ئەمە بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی بەڕێوەچوونی دادپەروەری نەبوو. بڕێکی دیکەش لە بەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێران، بێدەنگییان هەڵبژارد و لەم نێوەشدا تەنیا شارۆمەندانی ئێرانیو مافەکانیان زەرەر و زیانیان لێدەکەوت.

بە خۆشییەوە دەزگای دادوەریی ئاڵمان لە بەرامبەر هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئێراندا چۆکی دانەداو بە پێچەوانە بڕیاری دا کە تا سەر شەڕی تێرۆریزم بکاتو سزای بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە گەورە بدات. بەو بڕیارە ئازایانە ئەو دادگایە بوو بە نموونەو سەمبولێکی بەرزی جیهانی. هەموومان ئاگادارین کە ئەوانەی کە لەو تاوانەدا سزای هەتا هەتایی زیندانیان بە سەردا سەپابوو، دوای پازدە ساڵ بە پێی ڕێککەوتنێکی نهێنیی نێوان تاران و بێرلین ئازادکران.

ئایا بەڕاستی گەر ئۆرووپاو جیهان بەگشتی یەک دەنگو یەک بڕیار هەر لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئێرانەوە، لە بەرامبەر سەرکوتکاری و ماف پێشێلکارییەکانی ئێران ڕاوەستابان، ماشینی تێرۆر و کوشتاری هەوسارپچڕاوی ئێران دەیتوانی بگاتە ئەو ئاستە لە هەڕەشە و تۆقاندن کە ساڵانی دوای شۆڕشی ئیسلامی لە بەرابەر نەیارانیدا دیتمان؟ ئەمن پێم وایە ئەمە پرسیارێکی گرینگەوە بۆ هەڵوێستە لەسەرکردن دەبێت. دادگای میکۆنووس نیشانی دا گەر گیان و ژیانی تێکۆشەرانی ئێرانی هەر لە سەرەتاوە بە هێند وەرگیرابان باری سەرکوت و دڕندەیی ئێرانێش نەدەگەیشتە ئەم هەوارەی ئێستای.

بۆ دەمێکیش بووە با جارێک بگرێینەوە لای قاسملوو، ئەو پێوەندییەکی نزیک و دۆستانەی لەگەڵ سیاسەتوان، ڕۆژنامەوان و ئەکادیمیە ئۆرروپاییەکاندا دامەزراندبوو. کارزانی و توانایی دیپلۆماسیی قاسملوو، ئەویان کردبووە هەڕەشەیەکی مەزن و ڕاستەوخۆ بۆ سەر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێران. کاری لابیگەرییەک کە ئەو لە ئامریکادا کردبووی خەریک بوو دەهاتەبەر. بڕیار بوو لە ئاگۆستی ساڵی ١٩٨٩ لەسەر بانگهێشتنی چەند سناتۆرو کۆنگرێسمەن، سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بکات و چاوپێکەوتن و دانوستانی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەڵ کاربەدەستانی ئامریکا پێک بهێنێ، کە بە داخەوە تیرۆر کرا.

قاسملوو بەتەواوی خۆی بۆ ئەو سەفەرە ئامادە کردبوو، وای چاوەڕوان دەکرد کە ڕەنگە ئەو سەفەرە بتوانێ یارمەتییەکی زۆر بدات بە گەشەو بەرەوپێشچوونی کێشەی کورد لە ئێراندا. کێ دەزانێ گەر ئەو سەفەرە سەری گرتبایە چ لە نێوان کوردەکانو ئامریکاییەکاندا دەهاتە پێش؟ کاریگەریی ئەو لەسەر سیاسەتەکانی ئێران دەیتوانی زۆر شوێندانەر بێت، چوونکە ئەو کەسایەتییەکی خاوەن ڕێز، ڕێبەرێکی شارەزاو فرە ڕەهەند بوو. خەڵکەکەی زۆر خۆشیان دەویست و بەرنامەکانی ئەویش بۆ گەلەکەی زۆر پێشکەوتووانە بوون. چەسپاندنی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و پاراستنی مافە مرۆییەکانی شارۆمەندانی ئێرانی، بەشێکی بەرچاوی بەرنامەی بەردەوامی کارو تێکۆشانی سیاسیی ئەو بوون.

## بەشی دووهەم

ئەمڕۆکەش بەداخەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو جیهان نیگەرانیی بنەڕەتییان بۆتە هەڕەشەی پرۆژەی ناوکیی ئێران و مافەکانی مرۆڤیان خستۆتە پشتگوێ.

لە کوبوونەوەی ئەورۆماندا، کوردەکان و کەمینەکانی دیکەی ئێرانی پێکەوە سوورن لە بەرگری لە مافە رەواو مرۆڤییەکانیان، وەک چۆن قاسملوو هەموو ژیانی و تێکۆشانی خۆی بۆ ئەو ئامانجە بەرزانە تەرخان کردبوو. کوردەکان بەشێکی گرینگی موزائیکی ئێرانن و قارەمانی و خۆشەویستییان بۆ ولاتیان جێگای رێزە. دەیان ساڵە ئەوان لە دژی رێژیمە سەرکوتکەرە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران قورس و قایم راوەستاون. ئێستاش ئەوان هەر پێشڕەوانی خەباتن و شێلگیرانە ئاڵای ئازادی و دێموکراسیی ئێرانیان بەرز راگرتووە. ئەمن شاهیدی زیندووی جوامێری و ئازایی کوردەکان دژی ستەمو سەرکوتی ئێرانم. هاودەنگیی ئەورۆیان، وێڕای کەمینەکانی دیکەی ئێران لەو کۆبوونەوە نیشانەی ورەی بەرزو لەشکان نەهاتوویانە.

بە دڵنیاییەوە خەڵکی ئێران شایانی پشتیوانیی نیونەتەوەیین بۆ تێکڕووخانی ئەم رێژیمە، تا بتوانن ئاشتی و ئاوەدانی بگەڕێننەوە بۆ ئەم وڵاتە پڕ خێرو بێرو ئاوەدانە سیاسییە. ئەگەر هیچ شتێک سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەی بۆ لایی ئێران رانەکێشێ، ئەی خۆ ناکرێ چاوپۆشی لە ئەو هەموو سامان سەرچاوانەی نەوت، ئاو و گاز بکا. لەم نێوەشدا ژیان و چارەنووسی بە میلیۆنان کورد ناکرێ هەروا بە ناڕوونی بمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری حدکا – فینلەند - ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

## د.پیتێر پیلتز لە وتووێژی تایبەت لەگەڵ "کوردستان"دا:



### مەسەلەی تیرۆری ڤییەن پێش ئەوەی پرسێکی جینایی بێ، پرسێکی سیاسییە

دوکتور پیتێر پیلتز، وتەبێژی حیزبی سەوزەکان لە ئوتریش بە کتێبی "ئێسکۆرت بەرەو تاران"ەوە ناسراوە کە سەبارەت بە پەروەندەی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو نووسیویەتی. ئەم کەسایەتییە ناسراوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا یەکێک لە دیارترینی ئەو کەسانە بووە کە لە پێناو وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی ڤییەن هەوڵیان داوەو کەمتر کەسێک لە نێو گەلی کورددا هەیە کە بە ناوو هەوڵەکانی ئاشنا نەبێ.

بەڕێز هیوا بەهرامی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئوتریش لە لایەن ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە زەحمەتی بەڕێوەبردنی ئەم وتووێژەی لەگەڵ دوکتور پیلتز کێشاوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ رادەکێشین.

**کوردستان**: کەسایەتیی د.قاسملوو چۆن دەبینن؟

**د. پیلتز**: بە دڵنیاییەوە د. قاسملوو گەورەترین سیاسەتمەدارو کەسایەتیی غەیرە فارسی ئێران بوو. ئەو کەسایەتیو ڕێبەرێکی بلیمەتی کوردستان بوو. لەبەر ئەوەش کە لە دەرەوەی کوردستانو ئێرانیش بە تایبەت لە ئورووپا وەک کەسێکی ناسراوو سیاسییەکی بەوەج سەیری دەکرا، دەیتوانی بە باشترین شێوە پرسی کورد بکاتە پرسێکی نێونەتەوەیی.

**کوردستان**: د. پیلتز لە نێو کوردی ئێراندا بە گشتیو حیزبی دێموکراتدا بە تایبەت کەسایەتییێکی ناسراوو جێگای ڕێزە.

## بەشی دووهەم

**ئەوەش دیارە بو ئەوە دەگەڕێتەوە کە جەنابت بە گشتی یارمەتیدەری پرسی کورد بوویتو بە تایبەتیش لە مەڕ دۆسیەی تیرۆری وییەندا هەوڵێکی زۆرت داوە. دەکرێ پێمان بڵێیت، هۆی نزیکبوونت لە کوردو یارمەتیدانت لە پرسی کورددا لە چیەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**د. پیلتز**: پێش هەموو شتێک لە بەر ئەوەی نەتەوەی کورد نەتەوەیێکی بن دەستە. دیارە نەتەوەی بن دەستی دیکەش لە دنیادا هەن، بەڵام نزیکبوونەوەی من لە پرسی کورد دەگەڕێتەوە بو مێژووی ژیانی خومو ئەو پەیوەندیانەم کە لەمێژ ساڵە لە گەڵ چەند دۆستێکی کورددا هەمە. لە میانەی پەیوەندییەکانم لەگەڵ دوستە کوردەکانمدا ڕووبەرووی چەند پرسیارێک بوومەوە سەبارەت بە پرسی کوردو سەرنجیان ڕاکێشام. هەر ئەو کاتە بوو ـ پێش زیاتر لە 20 ساڵ ـ بۆم دەرکەوت کە لە ڕاستیدا کورد لە سەر ئاستی جیهان بە هیچ جورێک پشتگیری لێ ناکرێت. ئەمەش زۆر بە پێچەوانەی نەتەوە بن دەستەکانی دیکەی دونیا وەک فەلەستینیەکانو ڕەش پێستەکانی ئافریقا. لە ڕاستیدا کێشەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوادا پشتگوێ خرابوو. هەر ئەو کاتە بوو کە چەند کەسایەتییێک لە ڕۆژئاوا بە مەبەستی هێنانە بەرباسی پرسی کورد هەوڵەکانیان دەست پێکردو ئەوانەش کەسانێکی وەک دانییێل میتران لە فەرانسەو چەندین کەسایەتی زانستیو ڕۆژنامەوانی بەریتانیاییو ئامریکاییو دوستی من دانییێل کۆمبندێت لە پارلمانی ئورووپاو منیش لە ئوتریش.

**کوردستان**: **ئێوە چ وەک تاکو چ وەک حیزب چەند ساڵێکە وەدوای وەڵامی دەیان پرسیار سەبارەت بە تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی لە وییەن کەوتوونو چەندین جاریش داوای لێکۆڵینەوەی پارلمانیتان کردووە. بۆ تا ئێستا هەوڵەکانتان بە ئاکام نەگەییشتوون؟**

**د. پیلتز**: لە بەر ئەوەی حیزبی گەلی ئوتریش (ئێستا لە گەڵ سوسیال دێموکراتەکان لە حکوومەتدان) نایەوێت لێکۆڵینەوەکان دەست پێ بکەن. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بو ئەوەی کە چەندین کەسایەتی ئەم حیزبەو یەک لەوان د. تۆماس کلێستیل کە دواتر بوو بە سەرۆکۆمار تێکەڵاوی ئەم مەسەلەیە بوون. لە بەر ئەوەی کە وەزیری دادی ئەوکات، سکرتێری گشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەو کات(کلێستیل)و هەروەها وەزیری دەرەوە هەموو هەوڵێکیان خستبووە گڕ بو ئەوەی کە تیرۆریستەکان کە لە ڕاستیدا ٢ کەسیان لە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیسدا بوون بەر بدرێنو ڕەوانەی ئێران بکرێنەوە. هەر بویەش دژ بە هەرچەشنە لێکۆڵینەوەن لەو بارەیەوە.

**کوردستان**: **لە بەر هەوڵە سیاسییەکانی ئەو کاتی حکوومەتی ئوتریش زۆر ڕاستی لە جەرەیانی تیرۆری وییەندا شاردراونەتەوە. چ گوشارێک لە سەر حکوومەتی ئوتریش بوو بەهۆی بەردانی ئەم تیرۆریستانە؟**

## بەشی دووهەم

**د. پیلتز**: لە لایەکەوە ئەو گوشارە بوو کە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە خرابووە سەر ئوتریش. حکوومەتی ئێران هەڕشەی رفاندنو کوشتنی هاووڵاتیی ئوتریشی لە تاران کردبوو. پاشانیش ئەوە بوو بە دەستپێکێک بو دامەزراندنی بەرنامەی تێجاریی نوێ لە نێوان ئوتریشو ئێران کە بۆ ئوتریش بەرژەوەندی ئابووری ئێجگار زۆری هەبوو. چەندین کۆمپانیای ئوتریشی توانیان دوای شاردنەوەی ڕاستیەکانی تێرۆری وییەن لە لایەن حکوومەتی ئوتریشەوە، گرێبەستی گەورەی ئابووری لە گەڵ ئێران ببەستنو لە لایەن حکوومەتی ئوتریشەوە پشتگیریان دەکرا.

**کوردستان**: یانی دەکرێت بڵێین کە حکوومەتی ئوتریش توانیی بەو ڕووداوەوە تێجارەت بکات؟

**د. پیلتز**: بەشێک لە حکوومەت بە دڵنیایەوە.

**کوردستان**: تا چ رادەییێک دەکرێت لە بیروڕای گشتی بۆ وەگەڕخستنەوەی دۆسییەی تیرۆری وییەن کەڵک وەربگیردرێت؟

**د. پیلتز**: بۆ ئەم مەبەستە دەکرێتو دەبێت لە هەموو ئامرازەکان وەک بیروڕای گشتی، مێدیاکان، نفووزی کەسایەتییە ئۆرووپاییەکانو هتد کەڵک وەربگیردرێت. دیارە ئەوەی دەبێتە هۆی سرنجراکێشانی بیروڕای گشتی بو ئەم مەسەلەیە کە ٢٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕێوەو جیلی نوێ ئوتریش زانیاری لە سەری نیە، چالاکبوونی مێدیاکانە. هەروەها کاریگەری کەسایەتییە نێونەتەوەییەکان کە بتوانن ڕاستەوخو داوا لە حکوومەتی ئوتریش بکەن تاکوو لێکۆڵینەوە لە بارەی تیرۆری وییەندا دەست پێ بکایەوە. من چەندین جار وتوومەو ئێستاش دەیڵێمەوە کە مەسەلەی تیرۆری وییەن پێش ئەوەی پرسێکی جێنایی بێت، پرسێکی سیاسییەو دەبێ بڕیاری وەگەڕخستنەوەی لە سەرکردایەتی حێزبە حاکمەکاندا بدرێت.

**کوردستان**: بێجگە لە حیزبی سەوزی ئوتریش، هیچ سیاسەتمەدارێکی حیزبەکانی دیکە لەم بوارەدا هاوکاریی ئێوەیان کردوە؟

**د. پیلتز**: نەخێر، بەڵام ئەوەش گرینگەو دەبێ لەو بارەشەوە هەوڵ بدرێت. دیارە زۆربەی ئەندام پارلمانەکانی حیزبەکان لە خەتی گشتی حیزب دەرناچن، بەڵام کەسانێک هەن کە دەتوانرێت بۆ ئەم مەبەستە داوای پشتگیریان لێ بکرێت. ئەوەی کە ئامادەن هاوکاری بکەن پرسیارێکی دیکەیە.

**کوردستان**: جگە لەوەی دەزگای دادی ئوتریش بڕیاری وەگڕ خستنەوەی دۆسییەی د. قاسملوو بدات، هیچ مەرجەعێکی

## بەشی دووهەم

دادوەری دیکەی نێو نەتەوەیی هەیە کە بتوانێت لەم بارەوە بڕیار بدات؟ بۆ نموونە بینیمان کە عومەر ئەلبەشیری سەرکۆماری سوودان بە تاوانی کوشتاری مرۆڤەکان شکایەتی لێ کراوە.

**د. پیلتز**: ئەم کارە تەنیا کاتێک دەکرێت کە تاوانی وییەن کە بە دڵنیاییەوە سەرکۆماری ئێستای ئێران بەشدار بووەو یەکێک لە تاوانبارەکانە، لە گەڵ تاوانەکانی دیکەی حکوومەتی ئەحمەدینەژاد کە لە ئێراندا بەرێوەچوونو بۆ نموونە دژ بە کورد یان نەتەوە بن دەستەکانی دیکەی ئێران، پێکەوە وەک دۆسییەیێک کاری بۆ بکرێتو لە ئاستی مەرجەعێکی قەزایی نێونەتەوەییدا شکایەتێک بێتە ئاراوە. بۆ ئەم کارەش بەڵگەی سەلمێندراو پێویستن کە ئێمە لەو بووارەدا لە هەوڵدا دەبین.

**کوردستان**: بەرێز د. پیلتز، بە ناوی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە زۆر سپاست دەکەینو پێمان خۆشە ئەگەر پەیامێکت بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەیە بفەرمیت.

**د. پیلتز**: سڵاوێکی گەرمو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. بە تایبەت سەرکەوتن لە خەبات دژ بە ڕێژیمی ئێران. پەیامی منیش بۆ یەکیەتیی ئورووپا ئەوەیە کە دەبێ ئەو یەکیەتییە ئێستاو لەم قۆناخەدا پشتگیری لە هەموو گەلانی ئێران بە تایبەت گەلی کورد بکات. لانیکەم بەو شێوە کە کوردەکان هیچ نەبێت ئەمنییەتی گیانییان هەبێتو هەموو کات دڵەخورپەی ئەوەیان نەبێت لە لایەن پاسدارەکانی ڕێژیمەوە بکەونە بەر گیرانو کوشتن. یەکیەتیی ئورووپا دەبێ هەوڵی ئەوە بدات کە مافی کوردەکان لەو بەشەی کوردستاندا چیدیکە زەوت نەکرێتو سیستمێکی عادڵانە بێتە سەرکار کە کورد بتوانێت وەک هەموو گەلانی دیکەی دنیا بە ئاسایش بژیت. ئەوە ئاواتی منە.

ڕۆژنامەی کوردستان - ژمارە ٥١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٠٩

## د. عەلی قاسملو: ئیمە لە سیاسەتدا زیانمان زۆر بەرکەوت و لەمە زیاترنامانەوێ زیانمان بەرکەوێ



**تایبەت بە بەیان**

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ (٢٠) ساڵی تەواو بە سەر تیرۆرکردنی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئۆتریشدا تێپەڕ دەبێت. (٢٠) ساڵ لەمەوپێش و لەکاتێکدا هەیئەتێکی حیزبی دیموکرات بۆ دانوستان سەبارەت بە پرسی کورد لە گەڵ دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری ڤییەن کۆ ببوونەوە ، لە لایەن هەمان دیپلۆماتکارانەوە درانە بەر دەستڕێژی گوللەو جگە لە عەبدولرەحمانی قاسملوو، دوو هاوڕێی دیکەی بە ناوەکانی عەبدوڵلا قادریئازەرو فازیل رەسووڵ تیرۆر کران و دوای بیست ساڵیش نە بکوژان درانە دادگاو نە حیزبی دیموکراتیش توانی لە وخەسارە پشت راست بکاتەوە.

هەموو ساڵێک، ساڵوەگەری تیرۆرکردنی عەبدولرەحمانی قاسملوو لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە دەکرێتەوە، ئەمەش دەبێت بە هۆکارێک بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر رۆڵو پێگەی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کوردەکان بە تایبەت لە ئێران. لەچەند ساڵی رابردووشدا بەهۆی ئینشعابێک کە لەحیزبی دیموکراتدا پێکهات، ئەو قسەکردنە روخسارێکی بەربڵاوتری بە خۆوە بینیوە و ئێستاش دوو حیزب بە کۆمەڵێک بەرنامەی جیاواز یادی دەکەنەوە.

سایتی بەیان بە پێویستی زانی جیاواز لەو یادکردنەوانە وەک هەنگاوێکی نوێو دوای بیست ساڵ لە تیرۆکردنی دوکتۆر

## بەشی دووهەم

قاسملو، روو بکاتە ناو بنەماڵەی قاسملوو لە ئێران و لە نیزیکەوە چەند کەسایەتی‌یەکی ئەو بنەماڵەیە بدوێنێت و بە سەریان بکاتەوە. ئەمەش بڵێین ئەوەی لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە بەشێکی کەم لەو لێدوان و بەدواداچوونانەیە کە لەو پەیوەندی‌یەدا هاوکارانی ئێمە ئامادەیان کردوە. ئەمەش یەکەم لێدوانی رۆژنامەوانیی ئەو بنەماڵەیە دەبێت دوای بیست ساڵ لە تیرۆرکردنی عەبدولرەحمانی قاسملوو وەک خۆیان دەڵێن:

**دوکتۆر عەلی قاسملوو وەک خۆی دەڵێت:** "تەمەنی (٨٤) ساڵەو برا گەورەی رەحمانە و چەندین ساڵ لە رەحمان گەورەترە". دەڵێت:" ئێمە برایەکی دیکەمان لە خۆمان گەورتر هەیەو ئەویش موهەندیسە کە لە هەموومان گەورەترە.

**براگەورەی د. عەبدولرەحمان قاسملوو دوای چەندین ساڵ لە تیرۆرکردنی د. قاسملو بە بەیان – ی وت:** "ئێمە ناتوانین هیچ پێشنیارێکمان بۆ ئەو یادە هەبێت".

**بنەماڵەی قاسملوو وەک خۆیان دەڵێن:** "یەکێک لە بنەماڵە ناسراوەکانی کوردە لە شیمالی کوردستانو زۆربەیان لە شاری ورمێ و دەوروبەری دەژین". نەوەکانی قاسملوو لەو بنەماڵەیە لەچەند ساڵی رابردوودا بێدەنگی‌یان هەڵبژاردووەو لەهیچ ساڵێکدا وەک خۆیان دەڵێن: "نەیانتوانیوە سالیادی تیرۆرکردنی قاسملوو بکەنەوە". ئەمە لێدوانی برازایەکی د. عەبدولرەحمان قاسملوو بوو کە داوای کرد ناوی نەهێنرێت.

**عەلی قاسملوو کە ئێستا تەمەنی لە ٨٤ ساڵ دایەو نیشتەجێی شاری ورمێ لە کوردستانی ئێرانە، ئەوە رەت دەکاتەوە کە لە رووی سیاسی‌یەوە هاوکاریی رەحمانی برای کردبێت و دەڵێت:** "بەهەرحاڵ رەحمان برای من بووەو لە روانگەی برایەتیمانەوە من خوشم ویستوە، بەلام لە روانگەی سیاسی‌یەوە من هاوکاریم لە گەڵ نەکردوە".

زۆرێک لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە تەئکیدیان دەکردەوە کە لە فەزای ئێستای ئێراندا توانایی لێدوانیان نیە لەو بارەوەو دەبێت رەچاوی شوێنی ژیانی ئەوان بکرێت. ئەوان ترسی ئەوەیان هەبوو کە هەر قسەکردنێک لە سەر قاسملوو بە گران بۆیان بشکێتەوە.

بەڵام کچە خوێندکارێکی ناو بنەماڵەی قاسملوو ئەوەی خستە روو کە بنەماڵەکەیان هەموویان بە شوێن خوێندندا رۆیشتوون و ئێستا بنەماڵەکەیان چەندین دوکتۆرو موهەندیس و کەسی ئاکادیمیکی لێ هەڵکەوتوون. ئەمەش دوکتۆر عەلی قاسملو پشتراستی کردەوە کە بنەماڵەکەیان خەلکی خوێندەواری تیا هەڵکەوتوە.

## بەشی دووهەم

هەمان سەرچاوە وتی: تا زەمەن دەچێتە پێش، روانگە نوێ و بیری نوێ دیتە گۆڕێ و هەر زەمەنێک سیاسەت و کەسایەتیی خۆی دەوێت و وتیشی: لە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کوردەکان، دوکتۆر قاسملوو جێگایەکی تایبەتیی لە ناو کوردەکان هەیە".

قسەکردن لە سەر قاسملوو بۆ بنەماڵەکەیان لە ئێران دژوارە، وەک بەشداربوویەکی ئەو بە سەرکردنەوەیەش ئاماژەی پێکرد تەنانەت "هیچ رۆژنامەنووسێکیش نەیوێراوە ئەو رێگایە هەڵبژێرێ و روو لە بنەماڵەکەیان بکات بۆ قسەکردن لە سەر قاسملوو".

ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە حکومەتی ئێران بە هیچ شێوەیەک مەجالی سالیادی تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملو بە کوردەکان نادات و سالانەش بەو بۆنەیەوە کۆمەلێک کەس دەستگیر و زیندانی دەکرێن.

عەلی قاسملوو کە دوکتورای رادیۆلۆژیی هەیە و چەند ساڵێکە خانەشین کراوە سەبارەت بە ئامانجەکانی عەبدولرەحمانی قاسملوو دەلێت: "براکەی هەر لە مندالییەوە لایەنگری چینی هەژار بووە و هەمیشە پشتیوانیی لە خەلکی فەقیر کردوە". ئەوەشی وت: کاتێک لە گوند بووین رەحمان دەیویست چی لە مالی باوکم هەبوو بیدات بە فەقیر و هەژار".

عەلی قاسملوو سەبارەت بە ئینشعابەکانی ناو حیزبی دیموکرات لە سەردەمی سکرتێریی براکەی هەر چەند هەوڵ دەدات هەڵویستی روونی سیاسی دەرنەبرێت و وەک خۆی وتی "نایانەوێ وەک بنەماڵە لەو بارەیەوە سوود لە قسەکانیان وەربگیرێت و یا بە قازانج و زیانی لایەنێک قسە بکەن". دواتر دەلێت: "ئینشعاب لە ناو هەموو حیزبەکان روو دەداو لەوێش ئینشعاب کرا". درێژە دەداو دەلێت:" تو ناتوانیت روانگەی خەلکی بەرتەسک بکەیتەوە هەر کەس گەلاڵەیەکی هەیەو بیرۆکەیەکی هەیەو بەهەرحاڵ لە حیزبیش یەکجار کە ئینشعاب نەکراوە. دەیان جار ئینشعاب رووی داوە".

سەبارەت بە پێگەی دوکتۆر قاسملوو لە ناو کوردەکان، عەلی قاسملوو ئەوەی خستە روو کە: "کوردەکان دوکتۆر قاسملوویان خۆش دەوێ، بە راست و چەپیانەوە". ئەمەشی گەراندەوە بۆ ئەوەی:"دوکتۆر قاسملوو دەیویست ئاشتی پێک بهێنێت و لە کاتی هەوڵدانی بۆ ئاشتی کوژرا.

عەلی قاسملوو رەخنە لە حکوومەتی ئۆتریش دەگرێت و دەلێت: "قاتلەکانیان گرت و ئازادیان کردن، هەر چەند دواتر بریاریان دا بیانگرن و نازانم چی لێهات".

## بەشی دووهەم

دوای کەمێک بێدەنگی سەری هەڵبڕیو وتی:"بە هەر حال ئەمە دنیای سیاسەتەو حکوومەتەکان پێکەوە دەسازێن و سیاسەتیش هەر ئەمەیە".

عەلی قاسملوو سەبارەت بە بنەماڵەی قاسملوو لە ئێران دەڵێت: "بنەماڵەی ئێمە زۆرن و برایەکەم (موهندیس حسین) لێرە موهەندیسە، بەڵام وەک کوڕەمام و کوڕەخاڵ و فامیلیەکانی دیکەمان ئێمە زۆرین‌و هەموویان دەخوێنن و پلەی باشی خوێندەوارییان بڕیووە. لە ئێران کار دەکەن‌و هەندێکیشان لە دەرەوەی وڵاتن".

لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە دوای دوکتۆر قاسملوو ئایا کەسانێک لە بنەماڵەی ئێوە هەن کە درێژەیان بەکاری سیاسی دابیت و ڕێگای دوکتۆر قاسملوویان هەڵبژاردبێت؟ دەڵێت: "گەنجەکانی ئێمە زۆر بێزار بوون و زیاتر خەریکی کارکردنن. کۆمپانیایان هەیەو کاری دوکتۆری دەکەن. ئێمە لە سیاسەتدا زۆر زیانمان بەرکەوت و لەمە زیاتر منالەکانمان نایانەوێ زیانیان بەرکەوێت.

برا گەورەکەی د. عەبدولرەحمان قاسملوو سەبارەت بە بەرهەم‌و شتوومەکەکانی دوکتۆر قاسملوو لە بنەماڵەکەیان دەڵێت: "هیچی لێ بەجێ نەماوە. کتێبەکانی برد. منالەکانیشی لە دەرەوەی وڵاتن. هیچ شتێکی نەماوە تەنیا خانوویەکمان ماوە لە گوندی قاسملوو".

عەلی قاسملوو سەبارەت بە سەرمایەی باوکیان ئەوەشی وت: "باوکم تا مابوو هەموو دارایی و سەرمایەکەی لە ناو منالەکانی دابەش کردو عەبدولرەحمانیش بەشی خۆی وەرگرت".

عەلی قاسملوو سەبارەت بە ئەندیشەکانی قاسملوو لە ناو خەڵکدا وتی: "من ئێستا خۆم ٨٤ سال تەمەنمەو ناو خەڵک ناچم تا بزانم سیاسەتەکانی قاسملوو پەیرەوی دەکرێت یا نا"؟ بەلام وتی: قاسملوو شارەزا بوو، چەندین زمانی دەزانی. لە دنیاش ناسراو بوو. زۆر سیاسەتمەدار بوو هەر چەند زوو کەوتە تەڵەوە".

ئەوەشی وت: "کە سیاسەتەکانی قاسملوو لە کوردستان هەندێک کەس پەیڕەویی لێدەکەن و هەندێک کەسی دیکەش پشتگوێیان خستوە بە قسەیان نەکردو هەر کەسێکش بیرورایەکی هەیەو بۆ خۆی ئازادە".

دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە بارودۆخی کوردەکانی ئێران دەڵێت: "هەندێکیان بارودۆخیان باشە و هەندێکی دیکەشیان

**بەشی دووهەم**


**باش نیە. دەڵێت لە هەموو ئێران کەمایەتییەکان لە ئازاردان".**

**عەلی قاسملوو سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئێران ئەوەشی وت: "ئەگەر میرحسین موسەوی بهاتبایەتە سەر کار رەنگە کەمێک ئازادی زیاتر بوایە، هەر چەند ئەویش هاوکاری ئەوانەو هیچ کاتێک خەیانەتیان لێناکات".**

**سەرچاوە: ماڵپەری بەیان - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠٠٩**

---

## پانۆڕامای ژیانی د. قاسملوو.




**کارۆل پرووئهووبێر**

- ١٩٣٠ ڕۆژی ٢٢ی دیسامبر، لە شاری ورمێ، کوردستانی ئێران لەدایک بووە.

- ١٩٤٥ حدک ـ ی ئێران لە ١٦ی ئاگوست دامەزراوە.

* ١٩٤٦ حدک کاری دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی لە چەند شاری کوردستان دەست پێکرد. قاسملوو بەرپرسی لقی ئەو ڕێکخراوە لە ورمێ بوو. کۆماری کوردستان لە مانگی دیسامبری ١٩٤٦دا ڕووخا.

- ١٩٤٧ خوێندنی دەبیرستانی لە تاران تەواو کردو بەرێگەی تورکیەدا چووە ئورووپاو لە پاریس دەرسی فەرانسەی خوێند.
- ١٩٤٨ بوورسی خوێندنی لە پراگ وەرگرت و چووە زانستگەی زانستی سیاسی و ئابووری و وەک بەرپرسی یەکیەتیی خوێندکارانی خوێندنگەکەی هەڵبژێردرا.

- ١٩٥٠ و ١٩٥١ لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی خوێندکاراندا لە پراگ و دوایەش لە بێرلین بەشدار بوو. دەگەڵ هاوژینی ئایندەی هێلین کرۆلیچ ژیانی هاوبەشی پێک هێنا؛ گەڕایەوە ئێران و لە سەردەمی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا بە نهێنی و وەک تێکۆشەرێکی حدک دەژیا.

**بەشی دووهەم**

- بوو بە ئەندامی رێبەریی حدک، پێنج ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەبوون. (ساڵی ١٩٥٣) مینای کچی لە پراگ لەدایک بوو،

-١٩٥٥ کچی دووهەمی، هیوا، لە تاران لەدایک بوو.(هەر ئەوساڵە) حدک لە حیزبی توودە جیا بۆوە.

- ١٩٥٩ و ١٩٦٠ دەگەڵ هێلین چووە عێراق، بەڵام کچەکانیان لەپراگ مانەوە لە زانستگەی بەغدا دەرسی مێژووی کوردیی دەگوتەوە.

- ١٩٦٠ و ١٩٦١ گەڕایەوە بۆ پراگ و لەخوێندنگەی ئابووری تەدریسی دەکردو خوێندنی دەورەی دوکتورای زانستی سیاسی و ئابووریی دەست پێکرد، تەواوی کردو لە زانستگەی پراگ وەک مامۆستای ئابووریی سیاسی کاری دەکردو کتێبی "کوردستانو کورد"ی نووسی.

- ١٩٦٣ لە عێراق کۆدیتا دەکرێو ئەفسەرەکانی سەر بە حیزبی بەعس دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن.

- ١٩٦٨ شووڕەوی هێرش دەکاتە سەر چێکوسلۆواکی. قاسملوو پێوەندیی خۆی دەگەڵ رابردووی کۆمونیستیەکەی دەپسێنێ. (سالی ١٩٧٠) قاسملوو دەگەڕێتەوە بەغداو وەک راوێژکاری وەزیری بەرنامەدانان دەست بە کار دەکا.

- ١٩٧١ لە سێهەمین کۆنفرانسی«حدک»دا وەک سکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێ. نوێکردنەوەی حیزبەکەی دەست پێدەکاو بیروبڕوای سەرەکیی سیاسیی خۆی: دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان لە بەرنامەی حیزبدا دەگونجێنێ.

- ١٩٧٣ حدک سێهەمین کۆنگرەی خۆی بەرێوە دەبا. قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزبەکە تەئیید دەکرێتەوە.

- ١٩٧٥ ئێران و عێراق پەیمانی ئەلجەزایر واژۆ دەکەن و کوردەکان لە پشتیوانیی دەرەکی بێبەش دەکەن. ئەرتەشی عێراق هێرش دەباتە سەر کوردستان، قاسملوو دەگەڕێتەوە پراگ.

- ١٩٧٦ و ١٩٧٨ دەوڵەتی پراگ ئیقامەی قاسملوو نوێ ناکاتەوەو لەئاکامدا ناچار دەبێ لەو وڵاتە بڕوا. دەچێتە پاریس و لەخوێندنگەی زمانە بیانیەکانی زانستگەی پاریس وەک یارمەتیدەری مامۆستا کاردەکا. دەگەڵ سیاسەتوانەکان، کەسانی

**بەشی دووهەم**

بەفەرهەنگ و رۆژنامەنووسان پێوەندیی دۆستانە دادەمەزرێنێ و کاری سەرلەنوێ بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی چوار لاپەڕەیی کوردستان کە لەمێژ بوو بڵاو نەببۆوە، بە دوو زمانی فارسی و کوردی دەست پێدەکاتەوە. دەگەڵ تاقمێک لە کەسانی بە نفووز ئەو شتانە دەنووسێ و بڵاویان دەکاتەوە: لۆکورد ئێ لۆ کوردستان، لاکوێشچەن ناسیۆنال کورد ئۆ پڕۆئێی ئۆریەنت (کورد کوردستان، گیروگرفتی نەتەوایەتیی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست).

- لە دەوروبەری پاریس، دەچێتە سەردانی خومەینی، بەڵام، وەری ناگرن.

- ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە ئێران و لەپێشدا دەچێتە تاران و دوایەش دەچێتە مهاباد (کوردستان)و حدک (ئێران) سازمان دەداتەوە: کومیتەی نهێنی پێک دێنێ، بناخەی بیروبڕوای سیاسی و رێکخراوەیی دادەمەزرێنێ و تێکۆشەرە لاوەکان بۆلای حیزب رادەکێشێ.

- ژانویەی ١٩٧٩، شا شاپووری بەختیار دەکاتە سەرۆک وەزیرو بۆخۆی لە وڵات دەچێتە دەر.

- لە مانگی مارسدا، قاسملوو لە مهاباد خەباتی ئاشکرای حدک (ئێران)و داخوازەکانی کوردان رادەگەیەنێ. ئەو یەکەمین هەنگاوە سیاسیە گرنگە ناوو ناوبانگی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک تەواو دەباتە سەرێ.

- لێژنەیەکی دەوڵەت بە سەرۆکایەتیی بەرێز ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و ئەندامەتیی بەنی سەدر و ئایەتوڵڵا بەهیشتی دەگەڵ کوردەکان کۆ دەبنەوە. تاڵەقانی بەڵێن بە کوردەکان دەدا هەتا رادەیەک خودموختارییان بۆ جێبەجێ بکاو داوایان لێدەکا لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بن. بەڵام، زۆربەی کوردەکان لە ڕێفراندۆمەکەدا بەشدار نابن. لە ئاکامدا، خومەینی کۆماری ئیسلامیی ئێران رادەگەیەنێ.

**ئاگوست – ئۆکتۆبر**

- قاسملوو وەک ئەندامی ئەنجومەنی پسپۆرانی قانوونی بنەڕەتی بە لەسەداهەشتای دەنگەکان هەڵدەبژێردرێ.

- لە کاتی ڕاپەرینی کوردەکاندا، خومەینی خۆی وەک فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکان شەڕ دژی »کوردە خیانەتکارەکان» رادەگەیەنێ و بێ هەرچەشنە جیاوازییەک کوردەکان سەرکوت دەکا.

## بەشی دووهەم

- لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پسپۆرانی قانوونی بنەڕەتیدا قاسملووی مەحکووم دەکاو حدکاش قەدەخەکراو رادەگەیەنێ. حدکاش کە زۆربەی خەڵکەکە پشتیوانییان لێدەکرد، بۆ ئەوەی رێژیم لە کوردستان کوشت و کوشتار وەڕێ نەخا. پەنا بۆ چیاکانی کوردستان دەبا.

- خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەکانی حدکا لە دژی رێژیم دەست پێدەکا.

- کوردەکان کۆنترۆڵی کوردستان بەدەستەوە دەگرن.

- ئەرتەشی ئێرانیش دەست دەکا بە داگیرکردنی کوردستان.

- ١٩٨٠ و ١٩٨٢ رێژیمی ئێران بێ هیچ چەشنە دەستپاراستنێکو بە شێوەیەکی دڕندانە هێرش دەکاتە سەر کوردستان. حدکا زیاتر بەرەو چیاکان پاشەکشە دەکاو وردەوردە لە سنووری ئێران - عێراق نزیک دەبێتەوە. لە سەرانسەری کوردستان قوتابخانەو نەخۆشخانە دادەمەزرێنێ و زینددانی خۆیان لە چیاکان دروست دەکەن. قاسملوو سێڵاوی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانی رێکخراوە پزیشکییەکانی فەرانسە بۆلای کوردستان رادەکێشێ.

-١٩٨٤ حدکا سکرتاریای گشتیی خۆی لە کوردستانی عێراقو لە تەنیشت سنووری ئێران دادەمەزرێنی.

- ١٩٨٨ تاران وتووێژ دەگەڵ حدکا پێشنیار دەکا. قاسملووو نوێنەرانی ئێران لە مانگەکانی دێسامرو ژانویەدا لە ڤییەن کۆ دەبنەوە؛ ئەو کۆبوونەوەیە جەلال تاڵەبانی پێکی هێنا بوو.

- ١٩٨٩ ئایەتوڵڵا خومەینی دەمرێ. قاسملووو ئەندامانی حدکا لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست لە سوئێد بەشدار دەبن.
دەوڵەتی تاران لە رێگەی کوردێکی عێراقییەوە بەناوی فازیل رەسووڵ پێوەندیی دەگەڵ دەگرێ و پێشنیار دەکا وتووێژەکان لە ڤییەن دەست پێبکەنەوە.

- ژووئیەی ١٩٨٩ قاسملووو قادری ئازەرو رەسووڵ لە کاتی وتووێژەکان دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێراندا، دەکوژرێن. نوێنەرانی دەفتەری سیاسیی حدکا رادەگەیەنن سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب دیاری کراوە. قاسملووو قادری ئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە خاک ئەسپێردران.

## بەشی دووهەم

- بێوەژنەکەی قاسملوو هێلین کرۆلیچ، لە دژی دەوڵەتی ئوتریش دەست دەکا بە تێکۆشانی قانوونی بەتاوانی ئەوەی کە ڕێگەی بە پیاوکوژەکان داوە بێ هیچ چەشنە لێپرسینەوەو سزادانێک لە وڵاتی ئوتریش وەدەر کەون.

- ١٩٩٢سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حدکا، دەگەڵ فەتاح عەبدولی، نوێنەری حدکا لە ئورووپا؛

- هومایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووری دێهکوردی تێکۆشەری ئێرانی، لە شاری بێرلین دەکوژرێن.

- دادگای سەرووی ئوتریش سکاڵاکەی هێلین کرۆلیچ ڕەد دەکاتەوە.

- ١٩٩٦ لەماوەی بەڕێوەچوونی بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا، پلەی »چاوەدێری» یان دا بە حدکا. ساڵی ٢٠٠٥، پلەکەیان بردە سەرو کردیانە »راوێژکار».

- ١٩٩٧ دادگایەکی ئەڵمان چوار کەسی بە تاوانی کوشتنی شەرەفکەندی و سێ کوردی دیکە مەحکووم کرد کە ئەندامی حیزبوڵڵا بوون. دادگا هەروەها فەرمانێکی نێونەتەوەیی بۆگرتنی حوجەتولئیسلام فەللاحیان کە وەزیری «اطلاعات»ی ئێران بوو دەرکرد. ناوبراو فەرمانی بەڕێوەبردنی جینایەتەکەی دابوو. پایەبەرزترین ڕێبەر عەلی خامەنەیی و سەرکۆماری پێشوو هاشمیی ڕەفسەنجانییش فەرمانی گرتنیان درابوو.

- ٢٠٠٥ پیتێر پیلتز، ئەندامی پارلمانی ئوتریش و ڕێبەری حیزبی سەوزەکان، سەرۆک کۆماری ئێران، مەحموود ئەحمەدینژاد،و سەرۆک کۆماری پێشوو، ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، بەدەست هەبوونیان لە کوشتنی کوردەکاندا بە تاوانبار دەناسێنێ. مەسەلەکە هەرگیز بڕیاری لەسەر نەدراوە و تاوانبارەکانیش بە رەسمی نەناسراون.

- ٢٠٠٦ حدکا دوولەت دەبێ.

- ٢٠٠٨ لە ئێران، کاربەدەستانی دەوڵەت درێژە بە جیاوازیدانان لە دژی کوردەکان دەدەن و کوردەکان هەروا سەرکوت دەکەن. تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ، رۆژنامەنووسان، یەکیەتیـیە پیشەییەکان و خوێندکاران هەروا لەژێر گوشاری بێپسانەوەی دادوەریدان.

## بەشی دووهەم

- بەوجۆرەی لە بۆڵتەنی ئەنستیتووی کورد لە پاریسدا باسی کراوە، لە مانگی ژووئیەدا لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی ڕایگەیاندوە کە سەرکوتو ئازاردانی کوردەکان لە ژێر ناوی «ئاسایشی نێوخۆیی» دا هەروا درێژەی هەبووە. خستنەزیندانی کەسانی بێتاوان، دادگاییکردنی زاڵمانەو دەرکردنی فەرمانی ئێعدام، وەک کاری ئاساییان لێهاتوە.

- لەمانگی ئاوگوستدا یەکیەتیی ئورووپا ڕاپۆرتێکی کوردەکانی چاپ کرد و بەتایبەتی نیگەرانیی خۆی لە بارەی پێنج کەس کوردی مەحکووم بەمەرگدا دەربڕی. ئەو کوردانە هێشتا ئێعدام نەکراون.

**لە کتێبی "خولیاو مەرگی قاسملووی کورد" وەرگیراوە**


**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی جووڵای ٢٠٠٩**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧٢٤ی کوردی = جووڵای ٢٠٢٤ی زایینی**

---


35
٢٢ی پووشپەڕ
پەروەندەی تێرۆری شەهیدانی ڤییەن لە ویژدانی
نەتەوەی کورددا بە کراوەیی دەمێنێتەوە
ڕێبازی قاسملوو، ڕێنیشاندەری گشت ڕەهەندەکانی خەبات
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
Democratic Party of Iranian Kurdistan
1324